# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان له چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

چوارشەممە ١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٤ _ ٦ی مای ٢٠١٥

ژماره ٦٥٥

www.kurdistanukurd.com


## خۆکوژیی کچێک له مەهاباد، بۆ ئەوەی دەستدرێژیی نەکرێتە سەر




**کوردستان و کورد:** کچێکی لاوی شاری مەهاباد لەترسی ئەوەی لەلایەن کارمەندێکی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شاره دەستدرێژی نەکرێتەسەر، خۆی له بینای هۆتێلێکی ٤ نهۆمی خستۆته خوارەوەو گیانی لەدەست داوه.

کاتێک لەلایەن کاربەدەستێکی ئیدارەی ئیتلاعاتەوه به نیازی دەستدرێژیی سێکسی کەوتۆته بەر پەلامار، هەوڵی داوه خۆی ڕزگار بکا، بەڵام بەهۆی ئەوەی دەرکەی ژوورەکه پێشترقفڵ کراوه، له پەنجەرهی ژوورەکه که له نهۆمی ٤ ی هۆتێلەکه بووه خۆی فڕێ داوەته خواریّو لەجێدا گیانی له دەست داوه.

شایانی باسه تا ئێستا زۆر لایەنی ئەو ڕووداوه ئاشکرا نەکراوه، بەڵام ئەو ڕووداوه خەڵکی شاری مەهابادی نیگەران‌و تووڕه کردوه.

# فستیڤاڵی کولتووری‌وکۆنگرەی سیاسی، ناتوانن ڕووی دزێوی خەیانەت‌و خۆفرۆشی، بشارنەوە

## ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتن له تێکۆشەرانی سەنگەری ئازادیی ڕاگەیاندن

کوێستان فتوحی

بوونی کاناڵە سەربەخۆکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنیی ئازاد، یەکێکه له فاکتەرەکانی دیموکراسی و خەڵکسالاری له هەر وڵاتێک دا. ئەگەر له وڵاتێک دا سێ روکنی سەرەکی (حکوومەت، پارلمان و دەزگای قەزایی) ئەرکەکانیان به دروستی و بێ کەموکوڕییش بەڕێوه بەرن، بەبێ بوونی ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ ناتوانین بڵێین ئەو وڵاته دەسەڵاتێکی خەڵکسالاری هەیه. ئێستا بێنینه بەرچاو له وڵاتێک که به هۆی لەسەرکار بوونی حکوومەتێکی نادیموکرات و پشتبەستوو به ویلایەتی فەقیه، حاکمییەتی قانوون و دەوڵەت و یاسا هەموو له ژێر فەرمانی ئەودا بێ، دەبێ هەلومەرجی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیەندکار چۆن بێ؟! له ڕاستیدا له وڵاتێک دا که هەموو شتێ له ژێر فەرمانی یەک کەس به ناوی وەلیی فەقیه یا ڕێبەر دا بێ، نەک هەر ئازادیی ڕاگەیاندن، له هیچ بوارێکدا، ئازادی نابێ.

دەزگای ڕاگەیاندن بەو مەرجەی ئازادیی هەبێ دەتوانێ دەور و نەخشی کاریگەری له هەموو پرۆسەیەکدا هەبێ. یەکێکه لەو فاکتەرانه که دەتوانێ له پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵدا، کاریگەریی دیار و بەرچاوی هەبێ. ئاراسته بەخشین و پێشکەوتنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووریی هەر وڵاتێک لەگرەوی چەند فاکتەر دایه که یەکیان بواری ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتەیه.

هەر وا که سیستمی پەروەردەی وڵات دەتوانێ دەوری کاریگەری له سڕینەوەی کولتووری دواکەوتوانه و دروست کردنی کەلتووری پێشکەوتوانه و پێگەیاندنی نەوەیەکی چاوکراوه و پێگەیشتوو دا هەبێ، ڕاگەیاندنیش دەتوانێ ڕۆڵی گەوره له دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر، وشیار و چالاک و دروستکردنی ڕای گشتی و ئاراستەکردنی کۆمەڵگه بەرەو پێشەوه هەبێ. به مەرجێک دەزگاکانی سەرکوت و سانسۆر دەسەڵاتییان به سەر بواری ڕاگەیاندن دا نەبێ.

### ئازادیی ڕاگەیاندن

ڕۆژی ٣ی مانگی مەی (١٣ی بانەمەڕ) ی هەموو ساڵێک له لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان به ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی (مطبوعات) دیاری کراوه. ڕاگەیاندن له وڵاته ئازاد و پێشکەوتووەکان‌دا گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێ و گرنگتر لەوەش ئازادیی ڕاگەیاندن یەکێکه له فاکتەرەکانی دیموکراسی و ئازادی له وڵاتدا. .

ل ٣




له ساڵێک لەمەوبەرەوه سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی زنجیرەیەک بەرنامەو چالاکیی سیاسی‌و تەبلیغاتیی به مەبەستی ئاوڕدانەوه له خەیانەت و خۆفرۆشیی دەستوپیوەندەکانی خۆی له کوردستان دەست پی کردوه . قەرار وایه چلەپۆپەی ئەو بەرنامەو چالاکیانه له ژێر ناوی «کۆنگرەی پێشمەرگانی موسولمانی کورد» له ٢٨ی بانەمەڕ دا له شاری سنه بەڕێوه بچێ.

له چوارچێوەی ئەم زنجیره چالاکیانه دا، سوپای پاسداران له لایەکەوه یادی ئەو کورده خۆفرۆشانه دەکاتەوه که له دژی بزووتنەوەی کوردستان چەکی ڕێژیمیان هەڵگرت‌وله هێرش بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان دا، گیانیان له دەست دا. له لایەکی دیکەشەوە، به دابەشینی دیاری‌و پاداش به سەر چەکداره کوردەکانی ناسراو به جاش‌وبنەماڵەکانیان و پێهەڵگوتن به خەیانەت و خۆفرۆشیی ئەوان، خەلکی کوردستان به تایبەتی لاوەکان بۆ هاوکاری له گەڵ سوپای پاسداران‌و هەڵگرتنی چەک له دژی خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەکەیان، هان بدا.

عەلی مرادی یەکیک له بەرپرسانی دەنگ‌و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی له پارێزگەی کوردستان، له دانیشتنێکی تایبەت به بەرنامەڕێژیی کۆنگرەی جاشه کوردەکان‌دا دانی بەوه دانا که له ناوەندو باکووری ڕۆژاوای وڵات، ڕوانگەو بانگەشەیەکی باش له بارەی «خۆراگری وخۆبەختکەریی چەکداره کوردەکان» نەبووه.

شایانی وەبیر هێنانەوەیه که کۆماری ئیسلامی به ئاگاداری له بێزراوبوونی خەیانەت‌و پیشەی جاشەتی له نێو خەڵکی کوردستان‌و به سەرنجدان به خۆشەویستیی ناوی پێشمەرگه، زیاتر له ٣٥ ساڵه ناوی «پێشمەرگەی موسوڵمان»ی له سەرچەکداره کورده بەکرێگیراوەکانی خۆی داناوەو به ڕواڵەت ڕێکخراوێکیشی هەر بەو ناوه بۆ پیک هێناون! ئیستاش دەیەوێ فستیڤاڵی کولتووری‌و کۆنگرەی سیاسی بۆ ئەو بەکریگیراوانەی خۆی پێک بێنێ تا وا نیشان بدا ئەو چەکداره کوردانه نەک ژمارەیەک بەکریگیراو، بەڵکوو هیزێکی سیاسیی خاوەن ڕێکخراو و بەرنامەی سیاسی‌و کۆنگرەن‌و به هۆی سیاسییەوه پشتیوانی لەو ڕێژیمه دەکەن.





له ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنیدا

٤



خوێندنەوەی سیاسی-عاتفی یان خوێندنەوەی ئۆبژێکتیڤ

٥




کرێکارانی بێکار، ڕۆژێکی بێشکۆ

٦



پێشەوای کوردان!

٧



وتوویژی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردیو

١٠


## له ساڵدا ٥٠٠ هەزار کەس له ئێران ڕێیان له زیندان دەکەوێ

ساڵانه ٥٠٠ هەزار کەس لەئێران بەهەر هۆیەک بێ ڕێیان له زیندان دەکەوێ.

ئەسغەر جەهانگیر، سەرۆکی ڕێکخراوی زیندانەکانی ئێران وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم بابەته گوتی، زیاتر له نیوەی ئەم حەشیمەته به لانی زۆرەوه کەمتر له یەک مانگ زیندانی دەکرێن که ئەمه نیشانەی ئەوەیه ئەم کەسانه پێویست به گرتنیان نەبوەو کێشەکه له جۆری بەدواداچوون‌و بڕیاردان لەسەر پەروەندەکانه.

سەرۆکی زیندانەکانی ئێران هەروەها دەڵێ سەدی ٢٥ی بەندکراوەکانی ئێران به هۆی کەمیی دادیارو لێکۆڵەر پەروەندەکانیان له کاتی خۆیدا نابەسترێ‌و ئەوەش وادەکا ماوەی بەندکرانیان له زیندان درێژ ببێتەوه.

جیهانگیر ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەر قەرزی دیيه، مارەیی‌و نەفەقه له زیندانەکانی ئێراندا بەند کراون ٧ هەزار کەسەو ئەم ڕێکخراوه له هەوڵی ئەوه دایه نیزامێک جێ بخا که کەس لەخۆڕا نەگرة و ئەگەر کەسانێک سووکه تاوانێکیان کردبێ، ئەوا سزای دیکەیان بۆ دیاری بکەن، لەبەر ئەوەی که زیندانەکان نابێ ببنه شوێنی مانەوەی نەخۆش‌و قەرزدارەکان.

سەرۆکی ڕێکخراوی زیندانەکانی ئێران دەڵێ له ئێستادا هەوڵی دەوڵەت ئەوەیه که لەم ساڵدا ٣٠ تا ٤٠ هەزار زیندانی له دەرەوەی زیندانەکاندا ڕابگرێ.

## داخرانی بڵاڤۆکی «زنان امروز»




هەیئەتی چاودێری بەسەر ڕاگەیاندنەکان له ئێران مۆڵەتی دەرچوونی گۆڤاری «زنان امروز»ی بەبیانووی پەرەپێدان‌و پاساوهێنانەوه بۆ «ازدواج سفید»( زەماوندی سپی) هەڵوەشاندەوه.

هەیئەتی چاوەدێریی بەسەر ڕاگەیەنەکان، له کۆبوونەوەیەکی خۆیدا تاوتوێی پەروەندەی گۆڤاری«زنان امرو»ی کرد. ئەم گۆڤاره که «شەهلا شیرکەت»سەرنووسەر و بەرپرسی چاپ‌و بلاوبوونەوەی بوو، ماوەیەک لەمەوبەر باسی له گەلاڵەی زەماوەندی سپی کردبوو، هەیئەتی چاوەدێریی بەسەر ڕاگەیەنەکان ئەم بابەتەی بەدژی بەها ئایینییەکان زانی، هەر بۆیه بڕیاری ڕاگرتنی ئەم گۆڤارەی داوه.

زەماوەندی سپی بەو جۆره له پێکهاتنی ژن و پیاو بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش دەگوترێ که تێیدا ژن و پیاوەکه بێ ئەوەی لەیەک ماره بکرێن و زەماوەندەکەتان به ڕەسمی تۆمار بکرێ، پێکەوه دەژین.

هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی چاپی مانگنامەی ”زنان امروز به سەرنووسەری شەهلا شیرکەت له حالیک دایه که ئەم گۆڤاره له مانگی جۆزەردانی ساڵی ڕابردوو پاش نزیکەی ٧ ساڵ ڕاگیران، سەر لەنوێ دەستی به کار کردبۆوه.

بەرپرسی مانگنامەی”زنان امروز وێڕای پشتڕاست کردنەوەی هەواڵی ڕاگیرانی ئەم گۆڤاره، ڕوونیشی کردەوه که، ئێمه بەدوای پەرەپێدانی گەڵاڵەی زەماوەندی سپی نەبووین و هیچ پاساوێکیشمان بۆ ئەم مەسەله نەهێناوەتەوه، بەڵکوو تەنیا تاوتوێی ئەم مەسەلەمان وەک واقعێکی کۆمەڵایەتی کردووه.

کوردستان ژمارە: ٦٥٥ • ڕۆژنامەی

# سەردانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



شاندێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

ڕۆژی سێشەممە، ٨ ی بانەمەڕ هەیئەتێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی عومەر ئێلخانی زادە، سکرتێری کۆمەڵە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کردو لە لایەن هەیئەتی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

پرس‌و بابەتەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێوخۆیی ئێران‌و ناوچەو نێودەوڵەتی‌و ئەرکی حیزبەکان، تەوەری سەرەکی باس‌و ئاڵوگۆڕی بیرورای نێوان هەر دووک لایەن بوو.

لەو سەردانەدا هەردووک لا وێڕای ئاماژە بە کەموکووڕییەکان لە پێناو دروستکردنی کۆدەنگی‌و لێکنزیکبوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ جارێکی دیکە جەختیان کردەوە کە بە کارو هەوڵی تێکۆشانی هاوبەش زەمینەیەکی لەبار دروست بکرێ بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێک کە دەستەبەری لێک نزیک بوونەوە و لێک تێگەیشتن بێ.

لەو دانیشنەدا هەروەها باس لەوە کرا کە کار بکرێ کە هەموو لایەک لە بوارەکانی جۆراوجۆردا پیلانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە پەڕاوێز خستنی پرسی کوردستانی ئێرانە پووچەڵ بکرێتەوە، ئەوەش بە کاری هاوبەش و بەرنامە و پرۆژەیەک جێبەجێ دەبێت کە گشتگیر بێت و بەدواداچوونی بۆ بکرێ.

لە بەشێکی دیکەی باسەکاندا هەردووک لا بۆ جارێکی دیکە تەئکیدیان کردەوە لە سەر پەرەپێدان‌و باشتر کردنی پێوەندییەکانی هەردووک حیزب دا.

# سەردانی شاندێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



شاندێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ١٤ ی بانەمەڕ شاندێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرستیی عەدنان مفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردو لەلایەن شاندی خانەخوێ بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزی دێموکراتەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو سەردانەدا دوولایەن وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان لە نوێکردنەوەی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی ئەم دوو حیزبە، لەسەر پرسە گرینگەکانی کوردستان، ئێران‌و عێراق ئاڵوگۆڕی بیرو ڕایان کرد.

دوولایەن لەو دانیشتنەداو لە باسەکانیاندا بە بایەخەوە چاویان لە دەسکەوتەکانی کورد بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان کردو بەلەبەرچاوگرتنی هەستیاری دۆخی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێیان لەسەر پێویستیی یەکڕیزیی کوردو هێزە سیاسییەکانیان داگرتەوە.

# کۆبوونەوەی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی پاڕلمانی کورستان



شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەسەرپەرستیی سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی پاڕلمانی کوردستانی کردو لەگەڵ شاندێکی پاڕلمان بەسەرۆکایەتیی دوکتور یوسف محەممەد کۆبوونەوە.

ڕۆژی دووشەممە ٣١ی خاکەلێوەی ٩٤ ( ٢٠ی ئاپریلی ٢٠١٥ ) هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەسەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب‌و بەهاوڕێیەتیی ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێر سەردانی پارلمانی کوردستانی کردو لەلایەن دوکتۆر یوسف محەممەد سەرۆکی پارلمانەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا هێندێک بابەت‌و تەوەری پێوەندیدار بەدۆخی کوردستان، ناوچەو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و پرسی کورد بەگشتیی لەهەموو پارچەکاندا ، هاتنەبەر باس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

لەو دیدارەدا بارودۆخی ئێستای هەرێم‌و ناوچەو چەندوچۆنی ئەم کێشانەی بەرەورووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە، پێویستیی پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی کورد بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان، پێویستی‌و بەردەوامیی سیاسەتی پێکەوەژیانی کوردو نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی لەکوردستان، ڕەچاوکردنی ڕێگاچارەی دیالۆگ و ئاشتییانە بۆ چارەسەری گرفتەجۆراوجۆرەکان لە ئاستی کوردستان دەگەڵ دەسەڵاتدارانی حاکم بەسەر کوردستان چەند تەوەرێک بوون کەدوو لایەن قسەیان لەسەر کرد.

لەو دانیشتنەدا خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب بە لەبەرچاوگرتنی قۆناغی ئێستای هەرێمی کوردستان پێداگری لەسەر پێویستیی یەکریزی‌و تەبایی نێوان حیزبەکانی باشووری کوردستان‌و هەروەها سەرۆکایەتیی پارلمان دەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێم‌و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کردەوەو هیوای خواست کەئەزموونی حکومەتیی هەرێمی کوردستان وەک سەرچاوەیەکی شەرعی‌و دێمۆکراتیک‌و هەڵبژێردراو، ببێتە مۆدێلێک بۆ هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان.

# سەردانی هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەگای سەرکردایەتیی کۆمەڵە



لە کۆبوونەوەی نێوان هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستدا باس لە پرسە گرینگەکانی کوردستان‌و ئێران‌و چۆنیەتیی بەرەوڕوو بوونەوەی پێشهاتە سیاسییەکان لە ئێران کرا.

ڕۆژی سێشەممە، ١٥ی بانەمەڕ هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی بارەگای "کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیست"ی کردو لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەری کۆمەڵە، بە سەرپەرستیی ئیبراهیم عەلیزادە، دەبیر ئەوڵی ئەو ڕێکخراوەیە پێشوازییان لێکرا.

لەو سەردانەدا باس لەسەر پرسە گرینگەکانی کورد لە ئێران، عێراق، تورکیەو سووریە کراو دوولایەن لەسەر کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە دۆخی سیاسیی کوردستان‌و ئێران ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لەو دیدارەدا لایەنی کۆمەڵە بە ئاماژە بە گرینگیی ڕێککەوتنی وڵاتانی زلهێزی جیهان لەگەڵ ئێران لەسەر پەروەندەی ئەتومیی ئەو وڵاتە ڕایان وابوو کە یەکێک لە ئەرکو بەرنامە سەرەکییەکانی دەوڵەتی ڕوحانی هێورکردنەوەی ئاڵۆزی‌و ناکۆکییەکانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە بووەو؛ ئەو هەوڵانەشیان وەک شکستێکی ئابڕوومەندانە بۆ سیاسەتەکانی حاکمییەتی ئێران لێک دایەوە.

ئیبراهیم عەلیزادە هەر لەو پێوەندییەدا تیشکی خستەسەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی وەنەبێ دوای مل ڕاکێشان بە ڕێککەوتنی ئەتومی لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکان‌و هەڵگیرانی فشاری گەمارۆکان لەسەر ئێران بیەوێ ئاوڕ لە ویست‌و داوای خەڵک لە نێوخۆی وڵاتیش بداتەوە، بەڵام لە ئەگەری ئەو دۆخەدا ئاستی چاوەڕوانیی خەڵک دەچێتە سەرێ‌و هەر بۆیەشە کۆماری ئیسلامی لە ئێستاوە دەیەوێ بە زەبرو زەنگی زیاتر، دەرفەت‌و بوار بە جموجۆڵی سیاسی‌و بزووتنەوەکان نەدا.

لەو دیدارەدا هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش بە خوێندنەوەیەک بۆ جۆری سیاسەتکردنی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشە سیاسییە ناوچەیی‌و جیهانییەکاندا پێی وابوو کۆماری ئیسلامی مودیرییەتی تێپەڕین لە قەیرانە نێوخۆییەکانی بە قەیرانخوڵقێنی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی کردوەو خۆی وەک ئەکتەرێکی گرینگ لە هاوکێشەکانی ناوچەش‌دا پێناسە کردوە.

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە قسەکانیدا گوتی بیری پان ئێرانیسمی ئێرانی بە دوای ڕەوتی قەیران‌و ڕووداوەکان لە وڵاتانی سووریەو عێڕاق، فاکتۆری مەزهەب‌و بەکارهێنانی نفووزی شیعەگەری لە ناوچە؛ ئابووری‌و داهاتی نەوت‌و ئەو دەسکەوتەکانەی ئێران لە دانوستانی ئەتومی‌و ئەو ئیمتیازانەی وەری گرتوون لە تەنیشت لاوازی ئۆپۆزیسیۆن‌و دژبەرانی؛ هەموو ئەوانە بوارو دەرفەتی ئەوەیان بە ئێران داوە تا ئەو فاکتۆرانە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ناوچەو جیهاندا بەکار بێنێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە پەرەپێدان بە بزووتنەوە مەدەنی‌و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چارەسەری پرسی کورد لە باشووری کوردستان‌و بەشەکانی دیکەی کوردستان لە تورکیەو سووریە دەرفەت‌و بوار بۆ بووژانەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆش دەکا، بەڵام ئەوە دەخوازێ کە حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە وەلانانی ناکۆکی‌و کێشەکانیان گوتارێکی هاوبەش‌و هاوپەیمانییەکیان لە نێوان خۆیاندا هەبێ‌و بەهێزە بەرەو ئەو پێشهاتانە بڕۆن‌و بەرنامەیان بۆیان هەبێ.

خالید عەزیزی لەو بەشە لە قسەکانیدا پێداگری لەسەر ئامادەیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بۆ هەر چەشنە هاوپێوەندی‌و هاوکارییەکی ئۆڕگانێک لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردەوە.

هەر لەو دیدارەدا دوولایەن وا ساغ بوونەوە بە هەوڵ‌و تێکۆشانی هەموو لایەک بتوانن جارێکی دیکە کار بۆ کۆکردنەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە دەوری یەکتر بۆ کارو پڕۆژەی هاوبەش بکەن.

# سمایل بازیار: جووڵانەوەی ٤٧-٤٦ نەک لەڕووی ناچاری، بەڵکوو ئیڕادەی لە پشت بوو




سمایل بازیار، مامۆستای زانکۆ لە کۆبوونەوەیەکدا کە بۆ یادی شەهید سمایل شەریفزادە، پێشەنگ‌و سیمبولی خەباتی خوێندکاری‌و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتبوو، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە تیکۆشان‌و خەباتی چەکداریی کۆمیتەی شۆڕشگێریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەڕووی ناچاری نەبوو، ئیڕادەی لە پشت بوو.

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە سمینارێکدا کە بەبۆنەی ساڵیادی شەهیدکرانی سمایل شەریفزادەو هاوڕێیانی پێکی‌هێنابوو، یادو بیرەوەریی تێکۆشەرانی خەباتی چەکداریی ٤٧-٤٦ی کۆمیتەی شۆڕشگێریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بەرز ڕاگرت.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی شەممە، ١٢ ی بانەمەڕو لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی شەهید سمایل شەریفزادەداو بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و کەسانی میوان گیرا، سمایل بازیار، مامۆستای زانکۆو ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕات باسێکی لە ژێر ناوی" خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سەرهەڵدانی جولانەوەی ٤٧-٤٦" پێشکێش کرد.

بازیار لە سەرەتای باسەکەیدا وێڕای باسکردن لە گرینگیی جوڵانەوەی چەکداریی ٤٧-٤٦ لە مێژووی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تیشکی خستە سەر چەند خوێندنەوەیەک کە بۆ ئەو جووڵانەویە کراوەو بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە باسی ڕای جیاوازی خۆی بۆ ئەو جووڵانەوەیەو خوێندنەوە باوەکانی تا ئێستا بۆ جولانەوەی چەکداریی ٤٧-٤٦ ی حیزبی دێموکڕات بە دژی ڕێژیمی پاشایەتیی کرد.

ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو باسەیدا پێداگریی لەسەر ئەوە کرد خەباتی چەکداریی کۆمیتەی شۆڕشگێریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەڕووی ناچاری نەبوو، بەڵکوو ویست‌و ئیڕادەی شێلگیری ئەوانی لە پشت بوو. هەروەها ئەو جووڵانەوەیە نە دنەدان و دەستی دەرەکیی وەک هاندانی حیزبی تودەو حیزبی شیوعیی کوردستانی لە پشت بووە. بازیار بە هێنانەوەی چەند فاکتی مێژوویی لە دۆخی حیزبی تودەی ئێران‌و شیوعیی کوردستان لەو کاتەدا حاشای لەو جۆرە بۆچوون‌و ئیدیعایانە کردو پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئەم جووڵانەوەیە دەرەنجامی هەستی شۆڕشگێری‌و ڕادیکاڵبوونی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیەو، ئیڕادەو ویستی ئەوان‌و؛ بەستێنی لەبار بۆ گوورانی ئەو مێتۆدە لە خەبات‌و کاریگەریی بیرو گوتاری خەباتی چەکداری‌و توندو تیژ لەسەر ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە بوو.

سمایل بازیار لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا باسی کاریگەریی ئەو جووڵانەوەیە لە کەشی سیاسیی ئەو کاتی کوردستان‌و ئێرانی کوردو گوتی جوڵانەوەی چەکداریی ٤٧-٤٦ ی کۆمیتەی شۆڕشگێریی حیزبی دێموکڕات ١٨ مانگی خایاند، ئەرکی پێشمەرگە لەو قۆناغەدا کاری تەبلیغی‌و ڕێکخستن لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا بوو، پێشمەرگە لەو قۆناغەدا بە تەواو مانا پارتیزانە، ناوچەی چالاکیی ئەو بزووتنەوە بەرتەسک‌و لە ناوچەی موکریان‌دا کورت دەبۆوە، لە ڕووی چەک‌و چۆڵ‌و لۆجستیکەوە تەیار نین‌و لە هیچ لایەکەوە یارمەتی نەکراون، دەستیان وەهیچ میدیاو ڕاگەیەنێک ڕانەگەیشتووەو تەنانەت پشتی جیبهەشیان نەبووەو ئەوەی کە دەڵێن شاخەکان تەنیا دۆستی کوردەکانن قەت وەک ئەو قۆناغە لە خەباتی کورد ڕاست نەبووە. بازیار گوتی لەو جووڵانەوەیەدا نیزیک بە هەموو ڕێبەرانی بزاڤەکە شەهید بوون، بەڵام ئەو جووڵانەوەیە گۆمی مەندو دوڕگە ئارامەکەی حەمەڕەزاشای پەهلەویی شڵەقاند.

بازیار لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە سەرەڕای ئەو ڕەخنەو تێبینییانەی دەکرێ لەسەر ئەو بزووتنەویە هەبێ، بەڵام جووڵانەوەی چەکداریی ٤٧-٤٦ وەڵامێکی بەجێ‌و پێویست بە دۆخی سیاسیی ئەو کات بوو، هەروەها ئەگەر ڕۆژێک مێژووی دنیا لە دەیەی ٦٠ ی زایینیدا بنووسرێتەوە، ئەم بزاوتەش ئاڵقەیەکە لەو ڕووداوانە کە دەبێ تۆمار بکرێ.

سمایل بازیار باسەکەی بەو ڕستەیە کۆتایی پێهێنا کە ئەگەر لە ئۆکتۆبری ١٩٦٧ دا پزیشکێکی ئاڕژانتینی بە ناوی چێگوارا لە شاخەکانی بۆلیەوی دەکوژرێ، چەند مانگ دواتر لە شاخەکانی کوردستانیش موهەندیسێکی جەوان بە ناوی سمایل شەریفزادە لە پێناو ئامانجەکانی کە وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی‌و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بوو، شەهید دەبێ‌و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.

شایانی باسە کە لە برگەی کۆتایی ئەو سمینارەدا کۆمەڵێک لە بەشداران سەرنجی خۆیان لەسەر باسەکەی کۆڕگێر هێنایە بەرباس‌و بە پرسیارو تێبینی بەشداریی باسەکەیان کرد کە دواتر لە کۆڕگێڕەوە قسەیان لەسەر کرا.

# بەڕێوەچوونی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ٧٢ ساڵەی یادی دامەزرانی ڕێکخراوەکەیان ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ٣ ی بانەمەڕو بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان، کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و میوان بەڕێوەچوو، یادی دامەزران‌و دامەزرێنەرانی یەکیەتیی لاوان بەرز ڕاگیرا.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا کە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب‌و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد، پەیامی سکرتارییەتی یەکیەتیی لاوان، لەلایەن پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە خوێندرایەوە.

پێشەوا عەلیپوور لە سەرەتای قسەکانیدا بە ئاماژە بە چۆنیەتی دیاریکردن‌و ساغبوونەوە لە سەر ڕۆژی ٢٢ ی خاکەلێوەی ١٣٢٢ وەک ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان گوتی ئەو مێژووە پرسیار و گریمانەی زۆری لەسەر بوو، هەربۆیەش با لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خاوەنی راستەقینەی یەکیەتییەکەیان دڵنیابن کە هەموو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەیەکمان لەسەر دیاری کردنی ئەم ڕۆژە کردوەو راوێژی تەواومان لەگەڵ دەفتەری سیاسی‌و تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوەو دوای لەبەرچاوگرتنی هەموو بەڵگەکان لەسەر ئەو بڕیارە ساغ بووینەتەوە.

دوای پەیامەکەی سکرتێری لاوان سروودی لاوی دێموکرات" لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەریی لاوان‌و حیزبی دێموکڕاتەوە پێشکێش کراو دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی بەبۆنەی ئەو کۆڕیادە لەلایەن عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتەوە خوێندرایەوە. کە دەقی پەیامەکە هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دایە.

خوێندنەوەی ناوی ئەو لایەنانەی پەیامی پیرۆزباییان بۆ ئەو یادە ناردوە، پێشکێش کردنی چەند گۆرانی و سروود لەلایەن حەمەدەمین، ئاوات بۆکانی‌و کۆمار بەهاری خەڵاتکردنی سێ ئەندامی لاوی پڕکاری یەکیەتیی لاوان لەلایەن بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوەیەو هەروەها چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێی گرووپی لاوان برگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

شایانی باسە ڕێوڕەسمی ٧٢ ساڵەی یادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شادی‌و شایی بەشداران کۆتایی پێهات.

### پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### لەلایەن کاک عومەر باڵەکی‌یەوە لە ڕێورەسمی ڕۆژی دامەزرانی یەکەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا پێشکەش کراوە



**بەشدارانی بەڕێز!**
**میوانانە بەڕێزەکان!**

ئێزن دەخوازم لە لایەن دفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی دیاری کردنی ڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان لە سەرجەم لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە لە هەر جیگایەک هەن بکەم و لە هەمان کاتدا دەستخۆشیو ماندوونەبوونی بە بەڕێوەبەریی لاوان دەڵێم کە بە دیاری کردنی هەیئەتێک هەوڵێکی زۆریاندا بە خوێندنەوەو موتالای مێژووی حیزبو خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژووی لاوانو دەسپێکی ئەو مێژوویە دەست نیشان بکەن کە بەو ئاکامە گەیشتن ڕۆژی ٢٢ی خاکەلێوە ١٣٢٢وەک ڕۆژی دامەزرانی ئەو ڕێکخراویە دیاری بکەن.

**بەڕێزان:**

لە هەر وڵاتو کۆمەڵگایەکدا لاوان سەرمایەی دوارۆژی ئەو وڵاتەو مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەمان نیشان دەدا کە لاوان لە سەر زۆربەی زۆری ئاڵوگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە، هەر بۆیە لە مێژە گوتراوە ئەو کۆمەڵگایە زیندوویەو بەرەو گەشە کردن دەڕوا کە لاوان دینامیزمی حەرەکەتی ئەو کۆمەڵگایە بن. کاتێک بە مێژووی هاوچەرخمان‌دا دەچینەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە سەردەمی خەباتی نەتەوایەتیو نیشتمانی کۆمەڵەی ژێ-کاف‌دا ڕیبەرانی ئەو ڕێکخراویە هەستیان بە تواناو لیهاتوویی لاوان کردووە، هەربۆیە هەوڵیان داوە لاون بێننە ڕیزی خۆیان. بە پێی بەڵگەکان ڕێکخراوێک کە پێشتر لە لایەن لاوانی بەهەستو نیشتمان پەروەر لە شاری مەهاباد بە ناوی سازمانی جەوانانی کورد پێک هاتبوو لە ساڵی ١٣٢٣ پەیوەستیان کرد بە کۆمەڵەی ژ-ک و هەتا ساڵی ١٣٢٤ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر پایەو بناخەی کۆمەڵەی ژ-ک و لە سەر دەستی بەڕیوەبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە دامەزرا، سازمانی جەوانانی کوردیش هاتە ژێر چەتری حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەڵگە بۆ ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی مێژوو و خەباتی کۆمەڵەی "ژ-ک"ـە زۆرن، بەڵام لیرە تەنیا بەسندە بەنموونەیەک دەکەم. بابەتێک لە ڕۆژنامەی کوردستانی ساڵی ١٣٢٥ ژمارە ٧٩دا بڵاو بوەتەوە کە باس لە بەڕێوە چوونی ڕێورەسمی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب دەکاو دەڵێ: بە بۆنەی ٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەعاتی ١ی دوای نیوەڕۆ هەتا ١٢ی شەو لە بەرهەیوان وحەساری ]ماڵی[ پێشەوا لە شاری مەهاباد شاییو شیرینی خواردن و چراغان بووەو ئەو بەڵگەیە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان میراتگەری کۆمەڵەی "ژ-ک"ەو ئەگەر وایە ڕێکخراوی لاوانیش لەو مێژووە بەدەر نیە.

ئەگەر ئەو مێژووەمان قەبووڵ بێ کە لاوان لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ-ک لە سەر دەستی کۆمەڵێک لاوی بەهەستو نیشتمان پەروەر لە شاری مەهاباد دامەزراوە، دەبێ ئەوشمان قەبوول بێ کە قۆناغی کاری ئەساسیو بەرچاوی لاوان لەو کاتەوە دەست پێ‌دەکا کە کۆماری کوردستان لە سەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەمەزرێو لەو سەرو بەندەدایە کە لاوان زیاتر هەست بە خۆیان دەکەنو ئازایانەو چالاکانە بەشداری کارو تێکۆشانی کۆماری کوردستان دەبن. لە ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دێموکرات وتارو بابەتی زۆری تێدایە کە باس لە کارو چالاکی لاوان دەکاو لە هەمان حاڵدا ئەرکو وەزیفەیان وەبیر دێنێتەوە.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بە داخەوە شاهیدی ئەوە دەبین کە ڕێکخراوی لاوانیش وەک هەموو ڕێکخراوەکانی دیکەی حیزب کارو تێکۆشانیان دەکەوێتە خەفاو نهێنی کاری، بەڵام دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیو ئاشکرابوونی کارو تێکۆشانی حیزب ڕێکخراوی لاوانیش دەبووژێتەوە و دەست دەکاتەوە بە کارو چالاکی بە تایبەتی لە نێولاوانداو، بەشداری چالاکانە دەکەن لە ئەرکی ڕۆشنبیر کردنی کۆمەڵگا بەتایبەتی خویندەوارکردنی منداڵانی نەخویندەوار لە گوندو شارەکانی کوردستان ودەیان کاروچالاکی فەرهەنگی وکۆمەلایەتی دیکە لە سەرانسەری کوردستان بەڕێوە دەبن و لە کاتی شەڕی داسەپاو بە سەر کوردستان‌دا شان بە شانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەنگەری دیفاع لە شەرافەتو کەرامەتی گەلی کورد بە دژی سپای کۆماری ئیسلامی لە بەرەکانی شەڕدا بەشداریان کردوەو شەهیدو برینداریان داوە، لە نێو لیستی شەهیدان‌دا دەیان ئەندامی ڕێکخراوی لاوان هەیە کە ئازایانە دیفاعیان لە مانو مەوجوودیەتی گەلو نیشتمان کردوەو بە چەندین ئەندامی چالاکی لاوان لە لایەن داموو دەزگا ئیتلاعاتیەکانی کۆماری ئیسلامی گیراونو لە زیندانەکاندا ئیعدام کراونو هەتا ئێستاش ڕێکخراوی لاوان بە پێی هەلو مەرجو توانای خۆی لە بەرەوپێش‌بردنی خەباتی ماف‌خوازانەی گەلی کورد لە تەنیشت حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا چالاک بووە و درێژەی بە ئەرکو تێکۆشانی خۆی داوە.

**خۆشەویستان!**

هەر وەکی پێشتر باسم کرد دیاری کردنی ڕۆژێک بۆ ڕۆژی دامەزراندنی لاوان کارێکی هەروا سەهلو ئاسان نەبووەو پێویستی بە کاری بەردەوامو شێڵگیرانە بووە کە جێگای دەست خۆشییە، بەڵام دیاری کردنی ڕۆژێک بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی وەک لاوان کۆتایی کار نییە بەڵکوو سەرەتایەکە بۆ خوێندنەوەیەکی تر لەو مێژووە، ئەو ئەرک و ئامانجانەی کە دامەزرێنەران ڕێکخراوەکەیان لە سەر دامەزراندووە واتە ئەرکی زیاتر دەخاتە سەر ڕێکخراوی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەهەم بتوانن خاوەنداریەتی لەومێژووە بکەن کە بۆیان بەجێ ماوەو پەیامو ڕاسپاردەکان بپارێزن و لە هەمان حاڵدا لەگەڵ واقعی ئەم ڕۆژی کوردستان بیانگونجێننو بیانسەلمێنن هەروەکی لە ڕابردوودا سەلماندوویانە کە شایانی هەڵگری ئەو مێژووە پڕلە سەروەریەن. ئەرکی دیکە ئەوەیە کە ڕێکخراوی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەرکی ئەو ڕاستیە کە لاوان سەرمایەی دوارۆژی وڵاتن دەبێ لە بوارە جیاجیاکان دا هەوڵی زیاتر بدەن بۆ پێگەیاندنی لاوانو کارو تێکۆشانی ڕیکخراوی لاوان لێرەو لە نێوخۆی وڵاتو لە دەرەوەی وڵات بۆ لاوان ببێتە سەر مەشقو جێگای دەرس لێوەرگرتنو ڕێکخراوی لاوان دەبێ هەوڵی زیاتر بدەن کە هەستی نیشتمانپەروەریو وڵات خۆشەویستی لە نێو لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەدا زیاتر پەرە بستێنی بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا جڵەوەی خەباتی پێشکەوتن خوازانەو ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستەوە بگرن. لاوان لەرۆژهەلاتی کوردستان دەبێ ئەوراستییە بزانن کە حیزبێکی بەئەزموون و بەرپرسیار وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پشتیانە .

هەروەکی لە دامەزراندن و پێ‌گرتنی ڕێکخراوی لاواندا حیزبی دیموکرات ڕۆڵی سەرەکی گیراوە لەومەو بەدواش هەر وەک پێشوو بە هەموو ئیمکاناتەوە لەگەڵیانەو لە تەنیشتیان دەبێ. ئەوەی بۆ حیزبی دیموکرات گرینگە لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی دیاری کردنی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانە، ئەوەیە کە یەکیەتیی لاوان لە جاران دەبێ چالاکتر وفعالتر بن و رۆل و نەقشیان لە روداوە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان لەرۆژهەلاتی کوردستان دیاروبەرچاوتر بێ، ریکخراوی لاوان و هەموو ریکخراوە سینفیەکان کاتیک دەتوانن ئومێدەوار بن بە وەدیهاتنی ئامانجە سینفییەکەی خۆیان کە پرسی نەتەوەیی چارەسەرکرابێ و لەوڵات دا ئازادی و دیموکراسی دەستەبەر ببێ، ئەگەر وایە بەهەموو لایەکمان دەبێ لە هەوڵی ئەو ئامانجە پیرۆزە دابین. چونکە ئەو کات کە چارەنووسی سیاسی خۆمان بەدەستی خۆمان بووهەمووسینفەکانی کۆمەلگا دەتوانن بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن.

لەکۆتاییداجاریکی دیکە پیرۆزبایی رۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان لە سەرجەم ئەندامان ولاینگرانی ئەو ریکخراوە دەکەم وهیوا خوازین بە کار وتیکۆشانی بیوەچان ئایندەیەکی گەش بۆ خۆیان و نەوەکانی داهاتوو لە کوردستان دابین بکەن.

بەهیوای سەرکەوتن و وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان

**دەفتەری سیاسی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٣/٢/١٣٩٤**

---

## پەیامی پیرۆزبایی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

٢٢ی ئاوریلی ئەمساڵ ١١٧ ساڵەی دەرچوونی «کوردستان»، یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە. ڕۆژێکی مێژوویی کە بە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ناسراوە.

١١٧ ساڵ لەمەوبەر نەتەوەی کوردیش بۆ یەکەم جار بە هەوڵو تێکۆشانی ڕووناکبیری مەزنی کورد میقداد مەدحەت بەدرخان چووەتە ریزی نەتەوە خاوەن ڕۆژنامەکانەوەو دەرگایەکی مەزنی بەرووی زانینو زانیاری‌دا کردەوە.»کردستان» بوو بە بانگی حەقخوازی، مینبەری خەباتو داوا ڕەواکانی کوردو، بوو بە ڕێچکەی کاروانێک کە هەڵگری پەیامی پاراستنی زمان، مێژوو و شوناسی نەتەوەیەک بوو.

ئەگەرچی لەو ١١٧ ساڵەدا ئەو کاروانە زۆر کەندو لەندو زۆر قۆناغی سەختو ئەستەمو هەورازو نشێوی بڕیوە، بەڵام لە هەموو ئەو قۆناغو بڕگە مێژووییانەدا کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەڵگری پەیامی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بووە و توانیویەتی زمانحاڵی نەتەوەیەکی خەباتکارو نەسرەوتوو بێ کە لە پێناو مافەکانی لە خەباتێکی سەختو دژواردایە. ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەرەڕای دژواریی ڕێگاو ئەو کۆسپو تەگەرە گەورانەی لەو ١١٧ ساڵەدا لەسەر ڕێی بوە، بە هەوڵو فیداکاریی پێشمەرگانەی ڕۆژنامەنووسانی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان هەر لە بەرەوپێشچوون بووە. ڕۆژنامەو میدیای کوردی لە باشووری کوردستان لە کەشێکی ئازادو خۆماڵی‌دا هەناسەی ئازادی هەڵدەمژێو لە باکوور هێندێک دەرەتانی کراوەی بۆ خوڵقاوە، لە ڕۆژئاوا چاوەڕوانی ڕۆژانی دوای شەڕو لە ڕۆژهەڵات لە بچووکترین دەرفەتەکان‌دا هەناسەیەک بۆ گەشەو بەردەوامی هەڵدەمژێو بە بە هەوڵ و فیداکاریی بەدرخانەکانی سەردەم ئەزموونی نوێ کۆ دەکاتەوە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی پیرۆزبایی لە سەرجەم ڕۆژنامەنووسە بوێرو دەروەستەکانی کورد دەکاو لەگەڵ ناردنی سڵاو بۆ شەهیدانی قەڵەم، ئاواتەخوازە کاروانی نەپساوەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەروا ڕووەو لوتکە لە هەڵکشان‌دا بێ.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٢/٤/٢٠١٥**
**٢/٢/١٣٩٤**

---

**درێژەی:**

# ڕۆژێک بۆ ڕیزگرتن لە تێکۆشەرانی سەنگەری ئازادیی ڕاگەیاندن

بە پێی ناوەرۆکی پەسندکراوە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان هەموو تاکەکان مافی بە ئازادی دەربڕینی بیروبۆچوون و گوتن و نووسینیان هەیە.

ڕێژەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بوونی ڕاگەیاندنی غەیرەدەوڵەتی و سەربەخۆ، جۆری قانوونەکانی ڕاگەیاندن و ڕادەی سەرکوت، سانسۆر، زیندان و کوشتنی ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیەندنکاران، لەو تایبەتمەندییانەن کە بۆ هەڵسەنگاندنی ئازادیی ڕاگەیاندن لە وڵاتان‌دا لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەرنجیان دەدرێتێ. بەپێی هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئێران لەو بارەیەوە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ناوی لێ‌نراوە ٥ زیندانە گەورەکەی دنیا بۆ ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکاران. هەر ئێستا لە ئێران نزیک بە ٥٠ ڕۆژنامەنووس و وبلاگنووس لە زیندان دان. جگە لەوانە بە دەیان و سەدان ڕۆژنامەنووس لەدەست سانسۆر و سەرکوت وڵاتیان بەجێ هێشتوە، یان دەستیان لە کاری نووسین هەڵگرتوە.

بۆ نموونە بە پێی قانوون لە ئێران دامەزرادندنی رادیۆ و تەلەویزیۆنی تایبەتی (خصوصی) قەدەغەیە کە ئەمە بۆخۆی یەکێکە لە هۆیەکانی ئەوەی کە لە ئێران ئازادیی ڕاگەیاندن نیە.

بەپێی لێکۆڵینەوەی ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور ئێران لە نێو ١٨٠ وڵات دا، لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی ڕاگەیاندن‌دا پلەی ١٧٣ی هەیە، واتە ١٧٣ وڵات هەن کە لە ئێران باشترن و تەنیا ٧ وڵات هەن کە لە خراپی دا لە پێشەوەی ئێرانن! ئەوە نیشان دەدا سەرەڕای ئیدیعاکانی ڕوحانی، سەرۆککۆماری ئێران کە دەڵێ لە وڵاتی ئێمە هیچ کەس لە سەر ڕای جیاواز زیندانی ناکرێ، هەلومەرجی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان نەک بەرەو باشی نەچووە، بەڵکوو بەرەو خراپتر چووە و لە ژێر پەردەی ئەمنییەت و ئاسایشی نەتەوەیی‌دا سانسۆر و سەرکوتی ڕۆژنامەنووسان زۆر بە توندی درێژەی هەیە.

جیی خۆیەتی لە ڕۆژی «جیهانیی ئازادیی چاپەمەنیی»دا یادێک بکەینەوە لە هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە ئێران و کوردستان بە هەستکردن بەبەرپرسیاریەتیی ئەو کارە گرنگەیان (ڕۆژنامەنووسی) چرای ئازادییان هەر بە ڕووناکی هێشتۆتەوە و خۆیان کردۆتە فیدای ئازادی و ئازاد ژیان، بە تایبەتی ڕۆژنامەنووسانی کورد وەک محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، عەدنان حەسەن‌پوور، جەعفەر و خوسرەو کوردپوور و...کە زۆرترین نرخیان بۆ ئەو ئامانجە واتە ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕاستگۆیی لەو بوارەدا داوە و ماوەی چەند ساڵێکە ژیان لە نێو زیندان‌دا تێپەڕ دەکەن. سڵاو لە هەموو ئەو مرۆڤانەی لە سەنگەری ڕاگەیاندن دا، بۆ ئازادی و بەختیاریی مرۆڤەکان تێ دەکۆشن.

---

# کۆتایی دەورەی ٢١١ ی سەرەتایی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بە کۆتایی هاتنی دەورەی ٢١١ ی سەرەتایی پێشمەرگە پۆلێکی دیکە لە لاوانی بەهەستی کورد پێوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون.

فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەی ٢١١ ی سەرەتایی پێشمەرگە ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە برد. لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەشداریی دەسیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوەچوو، بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ڕێژەی نیزامیی بەشدارانی دەورەکە دەستی پێکردو بڕگەکانی دیکەی ڕێوڕەسمەکە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی کۆرو کۆبوونەوەکانی حیزبدا درێژەی پێدرا.



لەو بڕگەیەی ڕێورەسمەکەدا حەسەن خۆشکەلام، ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب قسەی کردو لە قسەکانیدا بە ئاماژە بە ڕەوتی بەردەوامی هاتنی لاوانی کورد بۆ ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەردەوامیی ئەو ڕەوتەی بۆ بەهێزبوونی پێگەی پێشمەرگەو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆمەڵگای کوردستاندا گەڕاندەوە.

ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە بەشێکی قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە کۆتایی دەورەی ٢١١ ی سەرەتایی پێشمەرگە هاوکاتە لەگەڵ پێشوازیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ٧٠ ساڵە دامەزرانی خۆی، هەروەها هاوکاتە لەگەڵ ئەو چاوەڕوانییانەی خەڵکی کوردستان بەهۆی چالاکییە نیزامییەکانی ساڵی ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستانو پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حیزبی دێموکڕاتیان هەیە، ئەوەش دەخوازێ پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە بە شیلگیریی زیاترەوە خۆیان بۆ هەموو جموجۆڵو پێشهاتو بەرنامەیەک ئامادە بکەن.

خوێندنەوەی پەیامی فێرکاریی فێرگە لەلایەن حامید شەریفی، خوێندنەوەی پەیامی دەورەی ٢١١ ی فێرگە لەلایەن بێهنام فەتحی، یەکێک لە بەشدارانی دەورەکەو پێشکێشکردنی خەڵاتی سەرکەوتووانی دەورەکە چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

# لە رۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنیدا



مەسعود رەواندووست

ئێران یەکێک لە گەورەترین زیندانەکانی رۆژنامەنووسانە لە جیهاندا

ئەگەرچی یەکەمجار فەرانسەوییەکان کە لە داهێنانی زۆربەی چەمکە سیاسییە مۆدێرنەکاندا پێشەنگ بوون، ساڵی ١٨١٩ی زایینی رۆژی یەکی مانگی مایان وەک رۆژی ئازادیی راگەیاندن دیاری کرد، بەڵام بە جیهانی بوونی ئەم بۆنەیە دوو سەد ساڵی خایاند.

لە ساڵی ١٩٩٣وە، واتە دوو ساڵ دوای هەوڵی رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور و رۆژنامەنووسانی ئەفریقایی، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان رۆژی ٣ی مای، بەرامبەر ١٣ی بانەمەڕی وەک رۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی دیاری کردوە.

ئازادیی چاپەمەنی و راگەیاندن وەک گارانتییەکە لە لایەن دەوڵەتەکانەوە بۆ راگەیەنە گشتییەکان، کە پێش بە بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەم دەربڕینی بیروڕای ئازاد دەگرێ و ماف و ئازادییەکانی راگەیەنەکان و ئەو کەسانەش دیاری دەکا کە شکایەتیان لە راگەیەنەکان هەیە. ئەم مافە لە زۆربەی ولاتاندا لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا دیاریکراوە بۆ ئەوەی پشتیوانی لە ئازادیی راگەیاندن بکرێ.

هەموو ساڵێک کە راپۆرتی رێکخراو و بنیاتە جیهانییەکان لەسەر ئازادیی رادەربڕین لە ولاتانی جیهاندا بڵاودەبێتەوە، ئێران یەکێک لەو ولاتانەیە کە بەهۆی پلەی زۆر نزمی لە کۆتایی خشتەی ولاتاندا و کارنامەی رەشی لە پێشێلکردنی ئازادیی رادەربڕیندا دەکەوێتە بەر سەرنجی راگەیەن و رێکخراوە جیهانییەکانەوە.


ئێران کە لە ژێر دەسەلاتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا یەکێک لە داخراوترین ولاتانی جیهانە کە هاوولاتییەکانی لە کەمترین ماف و ئازادییە باو و پەسندکراوە جیهانییەکان بێبەشن، لە باری ئازادیی رادەربڕین و راگەیاندنیشدا یەکێک لە خراپترین پلەکانی بۆخۆی تۆمارکردوە.

رێکخراوی «ماڵی ئازادی» لە راپۆرتێکدا کە رۆژی ١٠ی بانەمەڕی ئەمساڵ بڵاوی کردەوە، رادەگەیەنێ لە نێو ١٩٩ ولاتی جیهاندا ئێران پلەی ١٩١ی هەیە. بە پێی ئەم راپۆرتە ئێران یەکێک لەو ولاتانەیە کە زیاترین رۆژنامەنووسی لە زیندانەکاندا هەیە.

هەروەها رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە راپۆرتی ساڵی ٢٠١٥ی خۆیدا ئێرانی لە ریزی ١٧٣هەمین ولات لە نێو ١٨٠ ولاتدا داناوە کە پلەیەک لە خوار سۆمالی و یەک پلە لە سەرەوەی سوودانە.

بە پێی ئەم راپۆرتە لانیکەم ١٦ رۆژنامەنووس بە تاوانی کاری رۆژنامەنووسی و راگەیاندن لە زیندانەکانی ئێراندا دەسبەسەرن کە ٤ کەسیان دوای هاتنە سەرکاری حەسەن رووحانی وەک سەرۆک کۆمار کەوتوونەتە زیندانەوە.

ئەگەر ژمارەی ئەو رۆژنامەنووسانەی لە زیندانەکانی رێژیمدا بەسەردەبەن ئەوەبێ کە لە راپۆرتی هەواڵنێرانی بێسنووردا هاتوە، بە وەبەرچاوگرتنی برایانی کوردپوور و محەممەد سەدیقی کەبوودوەند و عەدنان حەسەنپوور، دەبینین کە یەک لەسەر چواری رۆژنامەنووسانی زیندانی کراوی ئێران کوردن کە بە وەبەرچاوگرتنی رێژەی کورد لە ئێراندا بۆمان دەردەکەوێ کە لە ژمارەی رۆژنامەنووسانی زیندانیکراویشدا کورد پشکی شێری پێبڕاوە.




پێوەر و پێوانەکانی رێکخراو و بنیاتە جیهانییەکان کە بۆ هەڵسەنگاندنی رێژەی ئازادیی راگەیاندن لە ولاتە جۆراوجۆرەکاندا پشتیان پێدەبەستێ بەشێکیان بریتین لە بارودۆخی فەرهەنگی، ژمارەی راگەیەنەکان و هەروەها راگەیەنە تایبەتەکان و راگەیەنە دەوڵەتییەکان، جۆری سیاسەت، یاسا و روانگەی دەوڵەت، سەرکوت، کوشتن و زیندانی کردنی رۆژنامەنووسان و ...

بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ولاتان بە پێی ئەو پێوەرانەی سەرەوەیە کە ولاتێکی وەک ئێران کە دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی دەستی بەسەر هەموو لایەنە گشتی و تایبەتەکانی ژیانی خەڵکدا گرتوە، دەکەوێتە کۆتایی خشتەکە.

لە ئێران راگەیەنی سەربەخۆ بوونی نیە و هەموو دەزگاکانی راگەیاندن دەبێ لە خزمەت بڵاوکردنەوەی ئیدئۆلۆژی و بیروبۆچوونەکانی رێژیمدا بن. تەنانەت ئەو رۆژنامانەش کە دوای تێپەڕین لە چەندین فیلتێر رێگەی بڵاوبوونەوەیان پێدەدرێ بە بچووکترین رەخنە لە دەسەلات دادەخرێن و رۆژنامەنووسانی دەگیرێن یان بێکار دەکرێن.

ئینتێرنێت لە پاوانی سپای پاسداران و دەزگا ئەمنیەتییەکانی رێژیمدایە و ساڵانە بە میلیۆن دۆلار بۆ کڕینی بەرنامە و کەلوپەلی سانسۆر و سیخوڕی کردن بەسەر پێوەندییەکانی خەڵک لە رێگەی ئینتێرنێتەوە خەرج دەکرێ. رێژیم هەوڵ دەدا لەم رێگەیەوە پێش بە گەیشتنی زانیارییەکانی نێوخۆی ئێران بە خەڵکی جیهان و، بە پێچەوانەوە هەواڵ و زانیارییە سەربەخۆکان بە خەڵکی ئێران بگرێ. تەنانەت هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئینتێرنێتی میللی و جیاکردنەوەی تۆڕی ئینتێرنێتی نێوخۆی ئێران لە تۆڕی جیهانی ئینتێرنێت هەر بەم مەبەستەیە.

بڕینی دەنگی راگەیەنەکان و سانسۆڕ و سەرکوت و گرتنی رۆژنامەنووسان لە لایەن رێژیمەوە بۆ ئەوەیە کە لە لایەک هەواڵی سەرکوت و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک لە نێوخۆی ئێران بە جیهان نەگا و لە لایەکی دیکەوە رێگەی گەیشتنی هەواڵ و زانیاری بە خەڵکی ئێران بگرێ و لە باری فەرهەنگییەوە خەڵک لەو ئاستەدا رابگرێ کە وەرگری ئیدئۆلۆژی و بۆچوونە کۆنەپەرستانەکانی رێژیم بمێننەوە و بەمجۆرە گەرەنتیی مانەوە و دەوامی دەسەلاتە کۆنەپەرست و سەرەڕۆیەکەی خۆی بکا.

**ئێران کە لە ژێر دەسەلاتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا یەکێک لە داخراوترین ولاتانی جیهانە کە هاوولاتییەکانی لە کەمترین ماف و ئازادییە باو و پەسندکراوە جیهانییەکان بێبەشن، لە باری ئازادیی رادەربڕین و راگەیاندنیشدا یەکێک لە خراپترین پلەکانی بۆخۆی تۆمارکردوە**

---

# سمینارێک بۆ باس لە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان

**نۆروێژ**

بەشی ئاموزشیی یەکیەتیی لاوان لە نۆڕوێژ سمینارێکی بۆ خاتوو سەیران بایەزید حوسێنی بۆ باس لە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێنا.

یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژی یەکشەممە، ٣٠ی خاکەلێوە بە بۆنەی ٧٢هەمین ساڵیادی دامەزرانی رێکخراوەکەیان سمینارێکی بۆ باس لەسەر کێشەی ئابووری، مادە هۆشبەرەکان و تەڵاق لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەیران بایەزید حسەینی، چالاکی سیاسی و ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهێنا.

لەو سمینارەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان، ئەندامانی حیزبی دێموکڕات، یەکیەتیی ژنان و کۆمەڵەی کلتووریو کۆمەڵێک میوان بەڕێوە چوو، سەیران بایەزید حسەینی لە تەوەری یەکەمی باسەکەیدا کە تایبەت بوو بە کێشەی ئابووری بە دورودرێژی باسی باری خراپی ئابووریی ولات، بە مەبەست کردنی یارانەکان،

یاسای ماڵیات دان و زیادکردنی تێچووەکان، بەردەوامبوونی ئابلۆقە نێونەتەوەییەکان لە بواری ئابووری دا بەسەر ولاتدا کرد و لەسەر سیاسەتی هەڵە بەرامبەر بە چارەنووس و ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا، سیاسەتی وەبەرهێنان لە باری جوغرافیایی لە ناوچەگەلێکی دیاریکراو، دەکارنەخستنی هێز و توانایی مرۆیی لە ولات دا بە شێوەیەکی درووست و، لە جێدا لێدان و بەرەو پێش نەچوونی رەوتی پەرەسەندن لە ولاتدا قسەی کرد.

سەیران بایەزید حوسێنی لە تەوەری دووهەمدا باسەکەیدا تیشکی خستە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێعتیادو کێشەی مادەهۆشبەرەکان باسی لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی مادە هۆشبەرەکان، دابەشکردنی کێشانی مادە هۆشبەرەکان و خووگرتن بە مادە هۆشبەرەکان کردو زیانە لاوەکییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر بنەماڵەدا شی کردەوە.

پێشگرتن، چاودێری و دەرمانو چارەسەری، کاریگەرییەکانی ماددەی هۆشبەر لەسەر بیر و زەینی مرۆڤ و ئەنگیزە و ورەی تاکەکان، کاریگەرییەکانی مادە هۆشبەرەکان لە بوارەکانی جینسی و جەستەییدا، پەرەگرتنی نەخۆشیگەلی وەک ئایدز و هیپاتیت زیانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک نەبوونی ئەمنییەت و ئاسایشێکی دەروونی و خۆشبژیوی گشتی، زیانە




ئابوورییەکان لەسەر دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی بژیوی ژیان، هەست بە ناڕاحەتی و خۆ بە تاوانبار زانینی ئەندامان و سەرپەرستەکان لە هەمبەر کەسانی تووشبوو لەگەڵ هەست بە شەرمەزاری کردن و بەخۆدا شکانەوە لە کەسانی تووشبوودا چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکەی خاتوو سەیران بایەزید حوسێنی بوو.

لە تەوەری سێهەمی سمینارەکەدا کە تایبەت بوو بە کێشەی تەڵاق، سەیران بایەزید حوسێنی باسی لایەنەکانی تەڵاقو لێک جیابوونەوەکانی کردو تیشکی خستە سەر هەلومەرجی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ پێکەوە ژیان، نەبوونی پەرەوەردەیەکی دروست و گونجاو و چوونەسەرێی مامناوەندیی تەمەنی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە ئێرانو کوردستاندا.

ناوبراو تووشبوون بە مادە هۆشبەرەکان، بێکاری، نەخوێندەواری و نەبوونی هەلی کاری گونجاو و داهاتوویەکی روونو خراپی باری دەروونی و نەبوونی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگای بە هۆکارە گرینگەکانی دیکەی پەرەسەندنی تەڵاقو لە کەمیدانی پیکهێنانی ژیانی هاوبەش ناوبرد.

شایانی باسە لە بەشی کۆتایی سمینارەکەدا بەشداربووان بە شێوەی بە هێنانە بەرباسی سەرنجو ڕای خۆیان بەشدارییان لە باسەکەدا کرد.

---

# کۆبوونەوەی کۆمیتەی دەرەوەی پاڕلمانی نۆروێژ لەگەڵ کەمایەتییە نەتەوەییو ئایینییەکانی ئێران



لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی دەرەوەی پاڕلمانی نۆروێژ لەگەڵ کەمایەتییە نەتەوەییو ئایینییەکانی ئێراندا باسو خواسەکانی پێوەندیدار بە بارودۆخی نەتەوەکانو کەمایەتییە ئایینیەکان لە ئێران تاوتوێ کران.

رۆژی چوارشەممە ٩ی بانەمەڕ کۆمیتەی دەرەوەی پاڕلمانی نۆروێژ کە نیازی سەردانی ئێرانی هەیە، کۆبوونەوەیەکی دەگەڵ هێزو لایەنە کەمایەتییە نەتەوەییو ئایینییەکانی ئێران لە یەکێک لە سالۆنەکانی پاڕلمانی ولاتەکەیدا پێکهێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەبەشداری خوسرەو قادری، بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، سەرەتا" بۆڕد ویگار سوولیەل" وێرای بەخێر هێنانی بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە، ئاماژەی بە بەرنامەی سەردانی کۆمیتەی دەرەوەی پارڵمان بۆ ئێرانی کردو گوتی پێمان باش بووە کە راوبۆچوون و تێبینییەکانی ئێوەش وەربگرین.

لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری هەر کام لە حیزبو رێکخراوە سیاسیو ئاینییەکان بیروڕای خۆیان لەسەر بارودۆخی جۆراوجۆرییەکانو سیاسەتی هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی هێنایە بەرباس.

خوسرەو قادری، بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باسەکەیدا وێرای ئاماژە بە کورتەیەک لە مێژوو و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی نیزێک بە ٧٠ ساڵی رابردوودا، باسی لە سەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، سەرکوتی کەمایەتییە نەتەوەییو ئاینییەکان لە لایەن رێژیمو دۆخی خراپو نالەباری زیندانییانی سیاسی کورد لە نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا کردو سەپاندنی سزای ١١ ساڵ زیندانی بە سەر سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان محەممەد سەدیق کەبوودوەند دا وەک نموونە هێنایە بەر باسو داوای لە سەرۆکی هەئیەتی پارڵمانی نۆروێژ کرد کە لە کاتی سەردانیان بۆ ئێران ئەو خاڵانە دەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاران بخەنە بەرباسو بەپێی توانا بتوانن چاویان بە زیندانیانی سیاسیی کورد بکەوێ.

خوسرەو قادری لە کۆتایی باسەکەیدا راپۆرتێکی بە نووسراوەی کە لە لایەن کۆمیتەی مافی مرۆڤی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر وەزعی مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١٤ لە ئێران دا ئامادە کرا بوو، تەحویلی کۆمیتەی دەرەوەی پارڵمانی نۆروێژی دا.

لە کۆتایی ئەو دانیشتنەدا بۆڕد ویگار، وێرای سپاسو پێزانینی خۆی سەبارەت بەو زانیارییانە کە پێی درا، باسی لەوە کرد کە ئاگاداری پرسی کوردو کوردستان لە ئێرانەو گوتی ئەو بابەتانە ڕەنگدانەوەیان لە باسەکانی ئەوان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران دەبێ.

# لە پێناوی پەرەپێدانی کولتووری وێکهەڵکردن‌و یەکتر قبووڵکردن‌دا



قادر وریا

ئـــەوەنـــدەی ســـەیـــری مـــیـــژووی هاوچەرخی کورد دەکـەم‌و لە هۆیەکانی شـەڕە نێوخۆییەکانی نێو بزووتنـەوەی نـەتـەوەیی‌و ئازادیـخـوازیی کوردستان‌و شکان‌و سەرنەکەوتنەکان ورد دەبمەوە، پتر دەگەمە ئەو قەناعەتە کە خۆویستی‌و وێکهەڵنەکردن‌و تەحەممولنەکردنی یەکتری تاکەکان بە گشتی‌و بە تایبەتی هەڵگران‌و لایـەنگرانی بـیروبـاوەڕە جـیـاوازەکـان، سەرچاوەی ململانێ زیانبارەکان‌و شەڕو تێکهەڵچوونە کارەساتخوڵقێنەکان بوون. هـەر لایەنێک خـوازیارو داواکـاری ئەوە بـووە هەموو لایـەنـەکـان، قبووڵی بکەن‌و نەک هەر قبووڵی بکەن بەڵکوو ملکەچی بن، سەرکردەکەی بە سەرکردەی خۆیان بزانن، شەهیدەکەی بە شەهیدی خۆیان بزانن. دەنگەکانیان‌و یارمەتییە جۆراوجۆرەکانیان هـەر بۆ ئـەو بێ. لە حاڵێکدا تەنیا ڕێزو پشتیوانی‌و ملکەچییان لە خەڵک‌و لایەنەکانی دیکە ویستوە، کەمتر ئامادە بوون دان بەوانی دیکەدا بنێن، ڕێزی ئەوانی دیکەو لە ڕاستیدا ڕێزی بیروباوەڕە جۆراوجۆرەکان‌و ڕێزی هێزو لایەنە جیاوازەکان بگرن. ئەمەش وای کـردوە لـە جیاتی هـەوڵـدان بۆ لێک تێگەیشتن‌و قۆستنەوەی شتەهاوبەشەکان بۆ دۆستایەتی‌و هـاوکـاری‌و ئەنجامدانی کاری گەورەی بەیەکەوە، بە چاوی گومان‌و دوژمـنـیـیـەوە سـەیـری یـەک بـکـەن، تەنیا جیاوازییەکانی یەکتر ببینن، ئەویش بۆ ئەوەی دیواری دژایەتی‌و ململانێی نارەوای لە سەر هەڵبچنن! مانی خۆیان لە نەمانی ئـەوانـی دیـکـە دا دیـتـوەو بـوونـی ئـەوانـی دیکەیان، بە نەمانی خۆیان زانیوە!

بـەم جـۆرە هـەسـتـەکـان، ڕوانینەکان، بیرکردنەوەکان‌و هەڵسەنگاندنەکان، بەم کـولـتـووره فـرچـکـیـان گـرتـوەو هـەمیشە کـەشـێـکـی ئـامـادە بـۆ پـێـکـوەربـوون‌و تێکبەربوون هـەبـووە. بـەردەوامـیـی ئەو کولتوورە چی دیکەی لێشین نەبۆتەوە جگە لەوەی هەتا ئیستا بەرهەمی هێناوە: ڕەنج بە خەساری لە ئاستی نەتەوەیی دا!! بەڵام بە خەسارو زیانی جاربەجار گەورەتر و ماڵوێرانکەرتر.

لـەم ســاڵانــەی دوایـــی‌دا، کـۆمـەڵـێـک لـە سیماکانی بـزووتـنـەوەی نـەتـەوەیی‌و شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ناوی بیرەوەریی نووسین یا لە چاوپێکەوتنی میدیاکان‌دا، ناچار بوون ئاوڕ لە ڕابردوو بدەنەوەو قسە لە ڕووداوە ناخۆشەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە بکەن. بە تایبەتی کاتێک کە دێنە سەر باسی ململانێیە نێوخۆییەکانی نـێـو حـیزبـێـکـی دیـاریـکـراو یـا شـەڕو پێکهەڵپڕژانی چەکدارانە لە نێوان خۆیان‌و حیزب‌و ڕێکخراوو گرووپەکەی خۆیان لە گەڵ لایەنێکی دیکە، هەڵەیەک لە خۆیان‌و قۆڵەکەی خۆیان‌و حیزب‌و ڕێکخراوەکەی خۆیان‌دا نابینن تا باسی بکەن‌و دانی پێدا بنێن! هەرچی پێشتر کردوویانەو وتوویانە، ماشەڵڵاهەمووی‌هەرڕاست بـووەو، هەر وەک سـەردەمـی ئەو کێشەو ململانێیانە، خەتاو تاوانەکە، تەنیا لە لایەنی بەرامبەریان بـووە!! بـە دەگـمـەن یـەکێکیان تێدا هەڵ دەکەوێ بڵێ خۆم یا خۆمان، ئەم هەڵەو خەتایەمان هەبووەو بەش بە حاڵی خۆمان، لـەم بـارەیـەوە دان بـە بەرپرسیارەتیی خـۆمـان‌دا دەنـێـیـن‌و لـە خـەڵـکو هـەمـوو ئـەوانـەی لە سۆنگەی ئـەم بیرکردنەوەو سیاسـەت‌وهـەڵـوێـست‌و کـردەوەیـەمـان زیانیان پـێ گـەیشتوە، داوای لێبووردن دەکەین. باشە بەو هەمووە دەمارگرژییەوە، بەو جۆرە قـەزاوەت‌و هەڵسەنگاندنە یەک لایـەنـەو خـۆویـسـتـانـەوە، ئایا دەتـوانـین ئاوڕێکی دروست‌و بە سوود لە ڕابردووی خۆمان بدەیـنـەوەو‌ کەموکورتییەکان، خاڵـە لاوازو بـە هـێزەکـان، هـۆیـەکـانی ململانێیە زیانبارەکان‌و شەڕەنێوخۆییەکان بدۆزینـەوەو دەرسـیـان لـێـوەرگـرین‌و لە داهاتوودا دووپاتیان نەکەینەوە؟

**پێویستە هەر کامێکمان لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین، لە سەر ئەو کولتوورە زیانبارەی پێشینانی ئێمە لە سەری ڕۆیشتوون، نەڕۆین. حەق وایە بە چاوی فێربوون‌و دەرس‌وەرگرتن لە مێژووو ڕابردووی خۆمان، بڕوانین**

چـار چـیـیـەو تـاکـەی لـە گـەڵ ئـەم کولتووره دەژین‌و ئەم کولتووره دەژێنین؟! بۆ ئـەوەی ئێمەش چ وەک تاکو چ وەک هێزو لایەنی سیاسیی ئـەم سـەردەمـە، بە نۆرەی خۆمان چی دیکە نەبین بە بەشێک لـەو کـولـتـوورەو ڕۆڵێکی ئەرێنیمان لە دروستکردن‌و بە هێزکردنی کولتوورێکی نـویـی بنیاتنـەردا هـەبێ، پێویستە هـەر کامێکمان لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین، لە سەر ئەو کولتوورە زیانبارەی پێشینانی ئێمە لە سەری ڕۆیشتوون، نەڕۆین. حەق وایە بە چاوی فێربوون‌و دەرس‌وەرگرتن لە مێژووو ڕابـردووی خۆمان، بڕوانین. دەبـێ لـە دەرەوەی دەمـارگـرژیـیـەکـان‌و خۆویستییەکانمان، بکەوینە شەنوکەوی ڕابـردوو. پێویستە بوێرانەو ڕاشکاوانە، هەر لەوکاتە دا مونسیفانەو بە ویژدانەوە، لە کێشەکانی ڕابردوو بدوێین‌و لە جیاتی خۆ بێتاوان نیشاندان‌و بە تاوانبار ناساندنی ئەوانی دیکە، هەر شتەی حەقی خۆی پێ بدەین. ئەگەر وانەکەین، مەحکووم دەبین بە دووپاتکردنەوەی ڕابـردوو و لە جێی خۆمان‌دا دەچەقین.

کە دێینە سـەر ئێستاش، پێویستە بە گیانی یەکترقبوولکردن‌و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕەکانی دیکە، لە گـەڵ ئەوانەی دەوروبـەرمـان بـەرەوڕوو بینـەوە. بە دڵنیاییەوە، ئەوانی دیکە کە ببینن ئێمە بە چاوی ڕێزو دان پێدانان، نەک بە ڕوانینێکی قیناوی‌و حاشالێکردن سەیریان دەکەین، کاتێک هـەسـت بکـەن لـە جیاتی داوای تەسلیم‌و ملکەچی، دەستی لێک تێگەیشتن‌و دۆستایەتیان بۆ درێژ دەکەین، ناچارن بە خۆیان‌دا بچنەوەو بیرکردنەوەو گوتارو کـــردەوەی خـۆیـان بـگـۆڕن‌و تـێـکـەڵ بە کاروانی بنیاتنانی داهاتوویەکی جیاواز لەم ڕابردووە جیی داخە بن.

وەک بەشدارییەک لـەو کاروانـەی کە ئارەزووی وەڕێکەوتنی دەکەم، چەند ساڵێکە کردوومە بە عادەت، لە هەر دەرفەتێکدا کە بێتە پێش هەوڵ دەدەم ڕێزی ئەوانی دیکە بگرم. کە ڕووداوی ناخۆشیان لێ ڕوو دەدا، پێم خۆشە هاودەردییان لە گەڵ بکەم. کە بە لای گۆڕستانی شەهیدانیان‌دا ڕادەبرم، هەوڵ دەدەم بچمە سەر گڵکۆکانیان‌و بۆ ساتێک «ئەدای ئیحتیرام» بکەم. کە باسی مێژووی خۆیان دەکـەن، بە سووکی لە مێژوویان نـەڕوانـم. خـۆمـم بـەو قەناعەتە گەیاندوە کە خەبات لە پێناوی ئـازادی‌و بـەرەوپـێـشـچـوونـی کــوردو فیداکردنی ســەرومــاڵ‌و هتد لـە پـێـنـاوی‌دا،کراسێک نییە تەنیا بە باڵای مـن‌و حیزبەکەی من دووڕابـێ، هـی دیکەش هـەبـوون‌و هـەن‌و دەبن کە بۆ نەتەوەکەی خۆیان‌و بۆ ئەو ئـامـانـجـە بــەرزانــەی مـن‌و حـیـزبـی مـن، خـەبـاتـیـان بـۆ کــردوە، تـێـکـۆشـاون‌و تێ دەکـۆشـن. لای خـۆم بڕیارم داوە، ئەگەر ڕۆژێـک پشوویەکەم بێتەوە بـەر خـۆم‌و دەست بکەم بە نووسینی بیرەوەرییەکانی چەند دەیە بەشداریم لە کارو تێکۆشانی حیزبی‌و خەباتی نەتەوەیی‌و ئازادیخوازانە، یا بە بۆنەیەک لە گۆشەیەک لە گۆشەکانی ئەم ڕابردوویە بدوێم، هەموو شتەباشەکان لە سەر خۆم‌و ئەوانەی خۆشم ویستوون‌و حیزبەکەی خۆم، تۆمار ناکەم و هەر چی خراپ و نارەواشە نایدەمە پاڵ ئەوانی دیکە.

***

ئـەرێ کاتی ئـەوە نـەهاتوە، لاپـەڕێکی نوێ لە بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و گۆڕەپانی سیاسەتی کــوردی‌دا بـکـرێـتـەوە؟ ئـەرێ ئـەم هـەمـووە دووپـاتـبـوونـەوەی مێژووی خـۆمـان، بـێـزاری نـەکـردووین؟ ئـەگـەر جۆری بیرکردنەوەمان نەگۆڕین‌و بە سـەر کۆنەقین‌و دەمارگرژییەکانی ڕابردووماندا زاڵ نـەبـیـن، ئـەگـەر یـەکـتر بـوغـزانـدن‌و دژایـەتـیی یەکتر وەلا نەنێین‌و چاومان نەکەینەوەو جۆری ڕوانینمان بۆ ڕابردوو نەگۆڕین، هەر قسەکانی ڕابردوو بێ هیچ ئالوگۆڕ تێداپێکهاتنێک دووپات بکەینەوە، چۆن بەستێن‌و هەلومەرجی لە بار بۆ کار و هەنگاوی نوێ لە گەڵ یەکتر، پێک دێ؟!

**ئەگەر جۆری بیرکردنەوەمان نەگۆڕین‌و بە سەر کۆنەقین‌و دەمارگرژییەکانی ڕابردووماندا زاڵ نەبین، ئەگەر یەکتر بوغزاندن‌و دژایەتیی یەکتر وەلا نەنێین‌و چاومان نەکەینەوەو جۆری ڕوانینمان بۆ ڕابردوو نەگۆڕین، هەر قسەکانی ڕابردوو بێ هیچ ئالوگۆڕ تێدا پێکهاتنێک دووپات بکەینەوە، چۆن بەستێن‌و هەلومەرجی لە بار بۆ کار و هەنگاوی نوێ لە گەڵ یەکتر، پێک دێ؟!**

با وەک کوردێک، وەک هێزێکی سیاسیی کــوردی‌و وەک تـیـکـۆشـەرو ئەکتەرێکی نـیـو گـۆڕەپـانـی خـەبـاتـی نـەتـەوەیـی‌و ئازادیـخـوازی لە کوردستان، خراپەکانی مـێـژووو ڕابــردووی خـۆمـان ببینین‌و لە جیاتی پاساودان‌و شانازی پێوەکردنیان، ڕەخنەیان لێ بگرین‌و بەڵێن بە ویژدانی خۆمان بدەین، دەرسیان لێوەربگرین‌و بە نۆرەی خۆمان بەربە دووپاتبوونەوەیان بگرین. با تۆزو خۆڵی یەکترنەویستن لە هەست‌و بیرو ڕوانین‌و هەڵسوکوتی خۆمان بتەکێنین بۆ ئـەوەی لاپەڕەیەکی دیکە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو لە گۆڕەپانی سیاسەت لە کوردستان دا، هەڵ بدەینەوە.

بەو هیوایە.

---

حەسەن شێخانی

# خوێندنەوەی سیاسی-عاتفی یان خوێندنەوەی ئۆبژێکتیڤ

## (بە بۆنەیساڵیادی ڕاپەڕینی ۴۶-۴۷)

لە میتۆدۆلۆژیی نوێی مێژوودا، مێژوو گوتارە. هەر خوێندنەوەیەک بۆ ڕووادەکانی ڕابردوو، بە فیلتەری زەین و بیروبۆچوونی لێکۆڵەری مێژوودا تێپەڕ دەبێ. واتە هەموو خوێندنەوەیەک کەم وزۆر تێکەڵ بە ئایدیا و گـوتـار و ئەولەوییەتبەندیی هـزری لێکۆڵەر دەبێ. لێرەدایە کە چەمکی بێلایەنی ڕەهـای لێکۆڵەر، دەچێتە ژێر پرسیار. بۆ هەر ڕووداوێکی مێژوویی، خوێندنەوەی جیاواز و جۆراوجۆر هەیە. واتە لێکۆڵەر ئەگەر بە میتۆدێکی زانستی و بابەتیانەش، خوێندنەوە بۆ ڕووداوێک بکا، ئەوپەڕەکەی تەنیا خوێندنەوەیەکە لە نێوان خوێندنەوە جۆراوجۆرەکاندا. واتە ناتوانێ ئیدیعا بکا کە خوێندنەوەکەی بە تـەواوی یەکانگیرە لەگەڵ واقعیەتیی ڕووداوەکە.

بێگومان بێ هەبوونی بەڵگە و پشت بەستن پێی، نـاکرێ بـاس لـە مـێژوو و زانستی مێژوو بکرێ. بەڵام مێژوو بە تەنیا بریتی نییە لە بەڵگە. بەڵکوو خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو، بەرگی گوتاریش لەبەر دەکەن یان دەتوانین بڵێین بەگوتاری دەکـرێـن. خـوێـنـدنـەوە بـۆ بـەڵـگـەکـان، چۆنیەتیی کەڵک لێوەرگرتنیان، و لە کوێی خوێندنەوەکەدا حیساب بۆ کردنیان، دەبێتە ئەو شتەی کە لە سـەرەوە باسمان کرد، ئەویش ئـەوەیـە کە مێژوو «مەفهومە»، گوتارە، نەک خودی واقعیەت.

هـەمـیـشـە لـە نـێـوان خـوێـنـدنـەوە و واقعیەت دا مەودایەک هەیە. جاری وایە ئەم مەودایە زۆرە، جاری واشە، کەم. وەک یەکدانانی چەمک و واقعیەت، لە گومانێک زیـاتـر نـیـیـە. چـەمـک(خـوێـنـدنـەوە)ەکـان هەرگیز ناتوانن تـەواوی واقعیەت داگیر بکەن(داپۆشن). هەر ئیدیعایەکی پێچەوانە لە لایەن مێژوونووس یان شرۆڤەکارەوە دەبێتە دوگماتیزم. هونەری مێژوونووس ئەوەیە کە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ تا بتوانێ لە ژێر تیشکی میتۆدۆلۆژیی زانستی دا، خوێندنەوەیەکی نزیک لە واقیع بخاتە ڕوو، نەک یەکانگیر لەگەڵ واقیع؛ چونکە ئەمە نامومکینە.


لە هـەر ڕووداوێـک دا فاکتۆری زۆر دەخیلن. لـە هـەر ڕووداوێـکـی مێژوویی دا ئـەکـتـەری جـۆراوجـۆر بـەشـدارن. لە خـوێـنـدنـەوەی بابـەتـیانـە دا فـاکـتـۆر و ئەکتەرەکان، بە پێی قورسایی و کاریگەریی واقعـیـیـان، لـە خـوێـنـدنـەوەکـەدا دەخـیل دەدرێن و ئەولەوییەتبەندی دەکرێن. ئەگەر ئامانجدار و لە سەر بنەمای بیرۆکەیەکی دیاریکراو، ڕۆڵی فاکتۆر و ئەکتەرێک زیاتر لە واقیع و لـە سـەر حیسابی کەمڕەنگ کردنەوەی ڕۆڵـی فاکتۆر و ئەکتەرەکانی دیکە، زەق بکـەیـەوە، لـەو حـاڵـەتدا ئەو خوێندنەوەیە دەچێتە خانەی لایەنداریی سیاسی-عاتفی یەوە کە خۆی لە قەرەی خوێندنەوەیەکی ئایدۆلۆژیک دەدا؛ کە لە جیاتی دیتنی هـەمـوو ڕەهـەنـدەکـانی ڕووداوەکـە، یەک دوو ڕەهەندی تایبەت زەق دەکرێنەوە.

هـەر ڕووداوێـک لایـەن و ڕەهـەنـدی جۆراوجۆری هەیە. لە ڕوانینی وردبینانەی زانستییەوە دەکرێ هەر خوێندنەوەیەک لە سەر لایەنێکی دیاریکراو چەق ببەستێ بۆ ئەوەی هەموو کونوقوژبنەکانی بپشکنرێ و شیتەڵکاری پێویستی بۆ بکرێ.

بەداخەوە مێژووی ئێمەی کورد پڕە لە نەهامەتی و شکست. زۆر جار بە شێوەیەکی سیاسی- عاتفی لەگەڵ مێژووی خۆمان مامەڵە دەکەین. دەکرێ ئەم شێوە مامەڵەیە لە پێناو ورەبەخشین یان لەبەر پێویستییەکی سیاسیی دیاریکراو بێ. بەڵام ئەگەر هەموو خوێندنەوەمان بۆ مێژوو لەم خانەیەدا قەتیس بمێنێ، ئەمە وادەکا کە نەتوانرێ تێگەیشتنێکی ئۆبژێکتیڤ لە ڕووداوەکـــان بـە دەســت بـخـەیـن و خەسارناسیی ڕابردوو بکەین و ئەمەش دواجـار لـە خولانـەوەیـەکـی کێشەسازدا گرفتارمان دەکا.

ئێمەی کورد هێشتا لە قۆناغی ڕزگاریی نەتەوەیی داین و ئەمەش وادەکا کە لە کەسایەتییەکانی نێو مێژووی کورد، لە پێناو بەروپێشبردنی خەباتەکەمان دا سێمبولسازیی بکەین. واتە بە پێی نیازی سیاسیی خۆمان ڕووداوە مێژووییەکان ڕیوایەت بکەین و ڕۆڵی کەسایەتییەکان هەڵسەنگێنین. بەڵام لێرەشدا دەبێ کەسایەتییەکان هەر کامیان بە پێی ڕۆڵی واقعی، مافیان پێ بدرێ. دووەم نابێ ئەو خوێندنەوانە، ناوی خوێندنەوەی بابەتیانەی مێژوویی لە سەر دابنرێ.

ئەم ڕۆژانە ساڵیادی ڕاپەڕینی چەکداری ٤٦-٤٧ە. لە ژێر تیشکی ئەو شیکارییەی سـەرەوەدا، دەکـرێ خـوێـنـدنـەوەی جۆراوجۆر بۆ ئەو ڕاپەڕینە بکرێ، دەکرێ هەر خوێندنەوەیەکیش تەرکیز لە سەر لایەنێکی ئەو ڕاپەڕینە بکا؛ ئەوەی کە چۆن دەستی پێکرد و چ دەرەنجامێکی مەعنەوی و بەرهەستی لێکەوتەوە.



**بەداخەوە مێژووی ئێمەی کورد پڕە لە نەهامەتی و شکست. زۆر جار بە شێوەیەکی سیاسی- عاتفی لەگەڵ مێژووی خۆمان مامەڵە دەکەین. دەکرێ ئەم شێوە مامەڵەیە لە پێناو ورەبەخشین یان لەبەر پێویستییەکی سیاسیی دیاریکراو بێ**

دەکـــرێ هـــەم خـوێـنـدنـەوەیـەکـی سیاسی بۆ ئەو ڕاپەڕینە بکرێ هەمیش خوێندنەوەیەکی ئۆبژێکتیڤ. مەبەستی ئەم وتـارەش ڕوانینێکی نەرێنی بە نیسبەت خوێندنەوە سیاسییەکە نییە. هەر دووی ئـەم خوێندنەوانە پێویستی و قازانجی خۆیان هەیە. گرینگ ئەوەیە کە لەگەڵ یەک تێکەڵ نەکرێن و لە یەکتر جیا بکرێنەوە. لەوانەیە پێویستیی سیاسی و پرۆسەی خەباتی ئێمە بخوازێ کە بە شێوەیەکی سۆزدارانـە و ئامانجداری سیاسی، ئەو ڕاپەڕینە بخوێنینەوە. بۆ ئەوەی کە بیکەینە کاتالیزۆری ڕەوتی خەبات. بـەڵام لێرەدا پێویستە دوو خاڵ لەبەرچاو بگیرێن:

ئەلف)خوێندنەوەی سیاسی بەم واتایە نییە کە ڕۆڵی ئەکتەرەکانی ڕاپەڕینەکە وەک خۆی نەبینرێ. ڕۆڵـی ئەکتەرێک لە سەر حیسابی کەمڕەنگ کـردنـەوەی نەخشی ئەکتەرەکانی دیکە، زەق بکرێتەوە. ئەو ڕاپەڕینە ڕێبەرایەتییەکی هەبووە و چەندین کەسایەتیی شۆڕشگێڕ ڕۆڵـی کارایان لە هەڵگیرسانی ئەو ڕاپەڕینەدا هەبووە. مەلا ئـاوارە، سمایل شـەریـفزادە، مـەلا ڕەحیم وێردی، سلێمان موعینی، عەبدوڵڵا موعینی، نەحۆ و ...لەم ڕاپەڕینەدا بەشدار و کاریگەر بـوون. لە هەمانکاتدا کە لە کەسایەتیی ئەکتەرەکانی ئەم ڕاپەڕینە ڕێز دەگرین و پێویستە سێمبولسازییان لێ بکرێ، بەڵام دەبـێ ڕۆڵـی ئـەو کەسایەتییانەش وەک خـۆی، هەڵسەنگێنین و لـە خوێندنەوەدا دەخیلی بدەین.

ب)لە پاڵ ئەو خوێندنەوەی سەرەوەدا، پـێـویـسـتـە بـە شـێـویـەکـی ئۆبـژێـکـتـیـڤ خەسارناسیی ئەو ڕاپەڕینەش بکرێ، بۆ ئەوەی لە درێژەی خەباتمان دا دەرسی لێ وەرگرین و بە خەساری کەمتر، دەسکەوتی زیاتر بە دەست بخەین.

# کرێکارانی بێکار، ڕۆژێکی بێ‌شکۆ



ئارەش لورستانی
و: سیروان مووساپوور

ئەگەر لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مۆدێرنیزاسیون و دروستکردنی پیشەسازیی هەر وڵاتێک بڕوانین، «کار و کرێکار» لە ناسراوترین وشەکانن. هەڵسەنگاندنی ڕادەی گەشەسەندنی پیشەسازیی بە ڕادەی کاری بەکەڵک و پڕبەرهەم بەستراوەتەوە و هێزی کاریش لە کرێکاران دابین دەبێ، کەواتە «کرێکاران» کۆڵەکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و گەشەسەندووەکان پێک دێنن.

ئەگەر سەیری بارودۆخی هەنووکەیی ئێران بکەین، خاڵی سەرنجڕاکێش ڕەوشی نالەباری ئەو کرێکارانەیە کە هەلومەرجی خراپی ئابووریی وڵات سەلمێنەرییەتی. بۆ نموونە، لەساڵی ٢٠٠٥ی زایینی (١٣٨٤ی هەتاوی) بڵاوکراوەی توێژینەوە ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین (میس) لە ڕاپۆرتێکی شیکاریی تێروتەسەل سەبارت بە قەیرانی بێکاری لە ئێراندا نووسی: «قەیرانی بێکاری ٤٠٪ی لە ئێراندا کە ٢٨ ملیۆن کەس لەخۆ دەگرێ، حەشیمەتی تەواوی وڵاتی بەشێوەیەکی ڕێژەیی تووشی هەژاریی ئابووری کردووە» یان ئاماری ڕاپۆرتی بانکی ناوەندی لە ساڵی ٨٩ کە ٢٢/٥٪ لە بنەماڵە ئێرانییەکانی «بە بێ تاکێکی خاوەن پیشە» ناساند کە ئەم بابەتە دەرخەری ئەوەیە یەک پێنجومی بنەماڵەکانی ئێران کار و پیشەیان نیە.

بەڵام ئەو قەیرانی بێکارییە هەمووی ڕاستیی مەسەلەکە نیە، چونکە بەشێک لە کۆمەڵگە کە بە خاوەن پیشە دێنە ئەژمار و لە ئامارەکاندا نەهاتوون، بە کارگەلێکی وەک پیشە چەوتەکان، کارە وەرزییەکان، لەشفرۆشی، قاچاغی ماددە سڕکەرەکان، دزی و ... خەریکن کە لەم حاڵەتەدا ئامارەکانیش بۆ ئەوە نابن پشتیان پێ‌ببەستری و قووڵیی قەیرانەکە نیشان نادەن. دیارە بێجگە لەمەش کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی خۆیدا هەمیشە ئامارەکان بەشێوەی حکوومەتی دەردەکا و تا ئەو جێگەیەی دەکرێ، تەندروستیی و دروستیی ئاماریی لە بیاڤە جۆراوجۆرەکاندا لەنێو بردووە.

هەبوونی منداڵانی کاریش گرفتێکی گەورەیە کە هەوساری‌پچڕاویی بێکاریی و نەبوونی ئەمنییەتی کاری و ئابووری لە نێوخۆییترین ئاستەکانی بنەماڵەکان دەردەخا. لە ئاماری خەمڵێنراوی ڕێکخراوی جیهانیی کار لە ساڵی ١٩٩٥ زیاتر لە ٧١/٤٪ی منداڵانی نێوان ١٠بۆ١٤ ساڵ لە ئێراندا لەباری ئابوورییەوە چالاکن. هەر بەپێی ئەم ئامارە لە ساڵی ١٣٧٥ نزیکەی ٣٨٠هەزار منداڵ لە ئێراندا کاری جێگیریان هەبووە. گرنگیی ئەم بابەتە ئەو کاتەیە کە بزانین کاری منداڵان ڕەهەند و لایەنی نەرێنیی ئابووریی و کۆمەڵایەتی جێگەی سەرنجیان هەیە. ئەم کارە دەبێتە لەمپەری بەردەم زیادبوونی جیددیی فێرکاریی، زانست و شارەزاییەکان، بەهرەدانەوە دادەبەزێ، داهاتەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی دێتەخوار، زیانە گیانیی و ماڵییەکان زۆر دەبن، هەموو جۆرە خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک کەڵک وەرگرتنی ناڕەوای جنسی، گیرۆدەبوون، وردەفرۆشیی مادده هۆشبەرەکان، تاوانکاریی منداڵان و تازەلاوان زیاد دەکەن، کۆچکردنەکان بەهۆی ئەگەری کارکردنی منداڵان بەشێوەیەکی زیانبار و خەسارهێنەر دەچنەسەرێ.

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی کرێکاران کە زۆربەیان سەرپەرستی بنەماڵەکانن و بەدوای دابینکردنی خەرجییەکانی بنەماڵەوە، بابەتی تەڵاق و جیابوونەوەیە؛ بەشێوەیەک کە عەلی ئەکبەری مەحزون بەڕێوەبەری گشتی دەفتەری ئامار و زانیارییەکانی حەشیمەتی و کۆچکردنی سازمانی تۆمارکردنی باری کەسێتی (سەپتی ئەحواڵ) لە وتووێژ دەگەڵ «ایرانا»دا گوتی: لە ساڵی ڕابردوودا (١٣٩٣) لە هەر کاتژمێرێکدا، ١٩ حاڵەتی تەڵاق تۆمار کراوە کە ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشانی بنیاتی بنەماڵە و کاریگەرییە ڕووخێنەرەکانی وەک بێ‌ئەنگیزەیی، بێ‌هیوایی و بێ‌مبالاتی و تەنانەت فەساد و بەرەڵڵایی لەسەر تەندروستیی کاریی کرێکاران بەجێ‌دێڵێ.

خاڵێکی گرنگی دیکە لەپێوەندیی دەگەڵ دۆخی کرێکاران بەراودی لانیکەمی حەقدەستی ئەوان لەبەرامبەر هێڵی هەژاری ئەمڕۆی ئێرانە. لەم بارەوە ناسر بورهانی جێگری سەرۆکی ناوەندی باڵای شووڕای ئیسلامیی کار، هێڵی هەژاری بە ٢ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار تەمەن ڕاگەیاندووە کە ئەم بابەتە ئەوە نیشان دەدا تێچووەکانی ژیان بۆ کرێکارێک چەندین بەرامبەری حەقدەستی پەسندکراوی وەزارەتی کارە. دیارە خاڵێکی گرنگی دیکە کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ ئەوەیە کە ژنانی کرێکار بە بەراورد دەگەڵ کرێکارانی پیاو، کەمتر مووچە وەردەگرن، لە هەڵبژاردنی پیشەدا سنووردارن، نرخی بێکاری لەنێویاندا زیاترە و ئەمنییەتی پیشەیی کەمتریان هەیە.

کۆچکردنی زۆری کرێکاران لە شارە بچووکەکان و گوندەکانەوە بۆ گەورە شارەکانی وەک تاران و ژیانی پەراوێزنشینیی شاری کە خاوەن چلۆنایەیی و بێهداشتێکی زۆر لەخوارێ‌یە، نزمبوونی ئاستی فێرکاریی و پسپۆڕێتیی هێزەکانی کار لە بازارەکانی ئێران بە بەراورد بە وڵاتە پێشکەوتووەکان ـ ئەم بابەتە لەو ڕووداوە بێ‌ئەژمارانەی کە بۆ کرێکاران لە کاتی کاردا دێتەپێش، بەڕوونی دیارە ـ نەبوونی بیمە کۆمەڵایەتییە گونجاوەکان و خزمەتگوزاریی دەرمانیی پێویست، دابەزینی تەمەنی دەسپێکردنی کار و چوونەسەری تەمەنی خانەنشینی و ... لەو خاڵە گرنگانەن کە هەمیشە کرێکاران و هێزی کار لە ئێراندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە دەبێ بگوترێ ئەو بابەتە باسکراوانە تەنیا بەشێکی کەم و بچووک لە نەخۆشیی بێکاری و دۆخی قەیراناوی و دڵتەزێنی کرێکاران لە ئێرانە کە کاریگەریی خراپی لەسەر پرۆسەی گەشەی کار و شوێندانەریی کرێکار لە پیشەسازیی وڵاتدا داناوە و هەروا دایدەنێ. شیکردنەوەی کەسی کرێکار بە تایبەتمەندییەکانی کرێکاری و هەڵسەنگاندنی هێزی کار بەشێوەی چینێکی تایبەتی کۆمەڵایەتییش زۆر بابەت و خاڵی گرنگیی دیکەی دەردەخا کە ئاڵۆزیی بارودۆخ و قووڵیی قەیرانی هێزی کار لە ئێراندا دەباتەسەر.

ئەگەر بمانەوێ بارودۆخی کار و کرێکار بەشێوەی لۆژیکی و ورد تاوتوێ بکەین، دەبینین ڕادەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو هەڕەشانەی هەمیشە لەسەر کرێکارانن، بەڕادەیەک لەسەرێ‌یە کە سڵامەتیی کاریی بە کردەوە لە ئێراندا لە ناڕوونییەکی تەواو دایە کە بەم شێوەیە دەگەڵ بارودۆخی سەرەوە باس کرا کە سەرچاوەی لە بەڕێوەبەرێتیی نادروست و نابەرپرسانەی سیستەمی کۆماریی ئیسلامی گرتووە، ناتوانرێ بە باشتربوونی ئابووریی ئێران و بارودۆخی کرێکاران هیوادار بین چونکە، خەسار و نەهامەتییەکانی سەر کرێکاران و ڕەوشی کار دەبێ بەشێوەیەکی بنچینەیی و خێرا لەنێو بچن. ئەم پێویستییە کە هەمیشە زەنگی مەترسی بارودۆخی قەیراناوی چینی کرێکاری بەدەنگ هێناوە، سەرەڕای هاتنەسەرکاری دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان تا ئێستا نەیتوانیوە بەشێوەی دروست و جێگیر چارەسەر بکرێ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر تانوپۆی ئابووریی وڵات لەنێو دەبا. ئابوورییەک کە توانای نووژەنکردنەوەی خۆی نیە و تەنیا بەشێوەی کاتیی و ڕووکەشی هێورکەرەوەی پێ‌دەدا. لەم هەلومەرجەدا مەترسی لێکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتی یان بزووتنەوە توندئاژۆکان ڕۆژ بە ڕۆژە پڕڕەنگتر دەبێ و تەنانەت قەرەبوو و نۆژەنکردنەوە ئەم دۆخە، بۆ داهاتووەکان زۆر پرتێچووتر و کاتگرتر و پڕووکێنەرتر دەبێ.





هەبوونی منداڵانی کاریش گرفتێکی گەورەیە کە هەوسارپچڕاویی بێکاریی و نەبوونی ئەمنییەتی کاری و ئابووری لە نێوخۆییترین ئاستەکانی بنەماڵەکان دەردەخا

---

# ڕۆژەڤی ئێران

## پیشەی مامۆستایەتی لە ئێراندا و گرفتەکانی بەردەمی



حەسەن شێخانی

بە پێشنیاری یونسکۆ ڕۆژی ٥ی ئۆکتۆبر بەرامبەر لەگەڵ ١٣ی ڕەزبەری هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانی مامۆستا دیاری کراوە. بەو حاڵە لە ئێراندا ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ وەک ڕۆژی مامۆستا ناودێر کراوە. ئەو بۆنەیە دەکەینە بیانوویەک بۆ باس کردن لە گیروگرفتی توێژی مامۆستا و سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە ئێراندا.

پەروەردە و فێرکردن لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا گرینگی زۆری پێدەرێ. لە جێدا سەختگیرییەکی زۆر بۆ وەرگرتن ودامەزرانی مامۆستایان ڕەچاو دەکرێ و کۆمەڵێک مەرج و پێوانەی پیشەیی بۆ وەرگرتنی خوازیاران وەک مامۆستا دانراوە. لە بەرامبەردا مامۆستایانیش ڕێز و پێگەی کۆمەڵایەتیان پارێزراوە و بژێوی ژیانیان دابین کراوە. ئەگەر پێگە و دۆخی ژیانی مامۆستایان لە وڵاتە پەرەسەندووەکاندا لەگەڵ ئێران بەراورد بکەین، ئەو جیاوازییەمان بە مەودایەکی زۆر بۆ دەردەکەوێ.

ئەگەر بمانەوێ باسی کێشە و گرفتەکانی مامۆستایان و پەروەردە و فێرکردن لە ئێراندا بکەین، لە ئەژمار نایەن و لەم دەرفەتە بەرتەسکەش دا ناگونجێ. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە چەند گیروگرفت لەم بارەوە دەکەین.

١)دۆخی ماددیی مامۆستایان زۆر خراپە و تا ئێستا چەندین جار بۆ نارەزایەتی بەو دۆخە، ئاکسیۆن وەڕێخراوە و بە داخەوە دەرەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە. پشکی پەروەدە و فێرکردن لە بودجەی ئێران کەمتر لە ١٠ لە سەدە. بە قسەی وەزیری پێوەندیدار، ٩٨ لە سەدی ئەو بودجەیە بۆ دانی مەعاشی پێرسۆنێلی وەزارەت خەرج دەکرێ. بەم پێیە تەنیا ٢ لە سەدی بودجەی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بۆ کاروباری لێکۆڵینەوە و بەرۆژ کردن و باشتر کردنی بەرنامەکانی خوێندن دەمێنێتەوە.

لە سەردەمی ٨ ساڵەی دەوڵەتەکانی ئەحمەدی نژاد دا، ڕێژەی گرانی ١٦٤ لە سەد چۆتەسەر، بەڵام مەعاشی مامۆستایان ١٠٨ لە سەد چۆتە سەر. ئەو بەراوردە نیشاندەری ئەوەیە کە ئاستی بژێوی ژیان و توانای کڕینی مامۆستایان زۆر دابەزیوە؛ بە چەشنێک کە دەگوترێ ئەگەر هێڵی هەژاری ملیۆنێک و نۆسەد هەزار تمەن بێ، زۆربەی هەرەزۆری مامۆستایان لە خوار هێڵی هەژاری دا جێدەگرن. ئەگەر مەعاشی مامۆستایان لەگەڵ کارمەندانی دیکەی دەوڵەت بەراورد بکرێ، لێرەشدا هەڵاواردنێکی زۆر بەرچاو دەکەوێ. هەژاریی و جیاوازیی دانان بۆتە بارگرانایی و زەحتێکی زۆر بۆ سەر مامۆستایان، بە چەشنێک کە بمانەوێ و نەمانەوێ کاریگەریی نەرێنیش لە سەر چۆنیەتیی وانەوتنەوەشیان دادەنێ. کێشەی بژێوی ژیان، زیندوویەتی و پاڵنەریی مامۆستایان لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکەیان دا سست و لاواز دەکا و لە جێدا هەندێک دەرەنجامی نەرێنی دیکەشی لێ دەکەوێتەوە.

٢)لە ئێراندا بە هۆی لە سەرکاربوونی حکومەتێکی نادێموکراتیک و پشتبەستوو بە ئایدۆلۆژیی ئیسلامی سیاسی، مەرج و پێوانەی ناپیشەیی وئایدۆلۆژیک لە وەرگرتن و دامەزرانی مامۆستایان دا، بە توندی ڕەچاو دەکرێن. زۆر جار هاتۆتەپێش کە کەسانێک هەموو مەرجەکانی تایبەت بەو پیشەیان هەبووە، بەڵام بە هۆکاری ناپێوەندیداری ئایدۆلۆژیک و بە هۆی هەبوونی مەیلێکی جیابیری، بۆ مامۆستایەتی وەرنەگیراون. کەسێک بە تەمای مامۆستایەتی بێ، تەنانەت دوای دامەزرانیشی وەک مامۆستا، دەبێ ئاگای لە خۆی بێ، چونکە هەر کات ئەگەری ئەوە هەیە کە لە لایەن حەراسەت و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە. هەر لە جێدا لە قوتابخانەکان دا فەزایەکی ئارام و ئازادی فێرکاری لە ئارادا نییە. زۆر جار حەراسەت و لێپرسراوانی بەناو پەروەردەیی، فەزایەکی ناخۆش بۆ قوتابیان پێک دێنن. بێگومان مامۆستایان تەنیا لە فەزایەکی کراوەدا دەتوانن ئەرکی خۆیان بە باشی بەجێ بگەیەنن. هەر چەشنە سنووردار کردنێک و هەست کردن بە چاوەدێریەکی ئەمنییەتی، زیان لە چۆنایەتیی وانەوتنەوە و بەجێگەیاندنی ئەرکی مامۆستایان دەدا.

٣)ڕەهەندێکی دیکەی پێوەندیدار بەپیشەی مامۆستایەتی، نێوەرۆکی ئەو کتێبانەیە کە لە قوتابخانە و خوێندنگاکان دا دەخوێندرێن و مامۆستایان ئەرکدران کە بابەتەکانیان لە چوارچێوەی دیاریکراوی ئەو کتێبانەدا پێشکەش بکەن. بەشێک لەو کتێبانەی کە دەخوێندرێن، بە میتۆدێکی زانستی نەنووسراون و لە سەر بنەمای ئایدۆلۆژیی ڕەسمی ئامادە کراون. لە بنەمادا پرۆسەی خوێندن لە ئێراندا لە رووی بەڕێوەبەری و نێوەرۆکی بابەتە دەرسییەکان، پرۆسەیەکی تەندروست و دێموکراتیک نییە. خوێندن لە ئێراندا هەر لە قۆناغی سەرەتایی و تەنانەت قۆناغی پێش قوتابخانەش، تێکەڵ بە ئایین کراوە. زانیاریی ئایینی بە شێوەیەکی تاکرەهەندی ودەمارگرژانە بۆ قوتابییەکان دەگوازرێتەوە. ئەمەش وادەکا کە زەین و کەسایەتیی ئەو قوتابیانە بە شێوەیەکی فرەچەشن و دێموکراتیک شکڵ نەگرێ.

بە پێچەوانەی وڵاتانی گەشەسەندووی دێموکراتیک، لەئێراندا مامۆستایان خاوەن ڕێکخراویی سینفی بەهێز و کاریگەر نین و لە دارشتنی سیاسەت و بەرنامەی خوێندن دا، بەشدارییان پێ ناکرێ و پێوەندییەکی ئەستوونی یەکلایەنە لە سەرەوڕا بۆ خوارەوە بوونی هەیە کە مامۆستایان لە خوارەوەی هێرەم جێدەگرن و تەنیا بڕیاریان بە سەردا دەسەپێنرێ.

بە کورتی هەژاریی و هەڵاواردن، نەبوونی فەزایەکی کراوە و ئارام لە خوێندنگاکاندا و هەست کردن بە چاوەدێریی ئەمنییەتی، نێوەرۆکی بەرۆژنەبوو و نازانستی بەشێک لەو کتێبانەی کە دەخوێندرێن و، بەشداری پێنەکردنی مامۆستایان لە سیاسەتدارێژیی پەروەردە و فێرکردندا، وایکردووە کە لە ئێراندا توێژی مامۆستا نەتوانێ ئەرکەکانی خۆی بە باشی بەڕێوەبەرێ و مرۆڤێکی تەندروست و بە بیروزەینێکی دێموکراتیک تەحویلی کۆمەڵگە بدا.

# پێشەوای کوردان!
# پێشەوا قازی محەممەد دامەزرێنەر و ڕێبەری گوتاری ناسیونالیستی کورد



**ئاگری باڵەکی**

پێشەوا قازی محەممەد، ڕێبەرو ڕێنیشاندەرو یەکەم سەرکۆماری کوردستان، ڕێبەرێک کە «کەم ژیاو کەڵ ژیا». ئەو وەک ڕێبەرێکی ئەفسانەیی بۆ کورد لە سەردەمێکدا بوو بە ڕێنیشاندەر کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، لەسەر ئەم ڕێگەیە کورد هەنگاو دەنێ، ئەوەی فەیلەسووفە جیهانییەکان لەبارەی دەوڵەت و ڕێبەریی خەڵک بە نووسین باسیان کردبوو و لە کتێبەکانیاندا وەک بیرۆکە هێنابوویان، پێشەوا بە کردەوە ئەو بیرۆکانەی لە ماوەی ڕێبەریی خۆیدا جێبەجێ کرد. ئەو مۆمێک بوو لە تارکییەک لە مێژووی هەزاران ساڵەی نەتەوەیەکی خۆشی لە خۆی نەدیوو.

هەروەک پێشەوا قازی محەمەد لە نوتقێکی مێژوویی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢ی ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥ بڵاوبۆتەوە، دەڵێ:

«بۆخۆتان دەزانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەو و ڕۆژ وچانم نەداوە و ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم. تا یەک ڕۆژم لە دنیا مابێ دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە هەموو کەسێکی دەسەلمێنم کە کورد شایانی ژیانە».

کە باس لە «ژێکاف»، «حیزبی دیموکراتی کوردستان» و «کۆماری کوردستان» دەکرێ، ڕاستیەک هەیە دەبێ باس بکرێت ئەویش ئەوەیە کە نەخش و کاریگەریی تایبەتی پێشەوایە لە بەدەستهێنانی گەورەترین دەسکەوتی مێژوویی بۆ کوردستان و نەتەوەی کورد. بۆ ئەوکەسەی کە دەیهەوێ بزانێ کۆماری کوردستان چ بووە دەبێ سەرەتا لە هزر و بیری پێشەواوە دەست پێبکات و کۆماری کوردستان چ دەستکەوتێکی مێژوویی بووە بۆ کورد هەروەک جەعفەر عەلی لە کتێبی « ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی» ئاوا باسی پێشەوا دەکات:

‹‹ئەگەر بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردی لە بیستەکاندا بێ ناوی شێخ مەحموود دەبێتە کەم و کوورییەک، ناوهێنان و قسەکردنیش لەسەر ژێکاف و حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستان وەک بەرهەمی تێکۆشانی ناسیۆنالیزمی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵات بێ ناوی قازی محەمەد لە کەموکورتی بەدەر نابێت» .

ئەگەر بە کورتی چاوێک بە سەرەتای لاویەتی پێشەوا دا بخشێنین، دەبینین پێشەوا کەسێک بووە کە هەمیشە هەوڵی خۆ فێرکردن و خۆپێ گەیاندنی داوە وهەوڵی داوە لە زانیارییەکانی خۆی بەقازانجی کۆمەڵانی خەڵک کەڵک وەرگرێ، پێشەوا کەسێکی زیرەک و خاوەن بیرێکی تیژ بووە ئەو لە سەر دەمی خۆیدا شارەزایی چەندین زمانی جیاواز لە زمانی کوردی بووە، لە ژمارە ١٥ی ڕۆژنامەی «کوردستان» دەوری دووەم لە ساڵی ١٣٥١ ئاوا باسی پێشەوا کراوە..

‹‹ئەو زانستی ئایینی و فەلسەفەی کۆن و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی هەر لە مەڵبەندی مەهاباد و لە خزمەت ماموستا زاناکانی ئەم مەڵبەندە خوێند. هێشتا مێرمنداڵ بوو کە لە زانستی زەمانی خۆی دا بە مامۆستا دەناسرا. پاش ئیجازە وەرگرتن، چالاکانە خەریکی کاری کۆمەڵایەتی بوو بێ ئەوەی مەعاش وەربگرێ نوێنەری فەرهەنگی مەهابادی وەئەستۆ گرت. یەکەمین قوتابخانەی نوێی ئەم شارە لە سایەی هەڵسووڕان و تێکۆشانی ئەو دروست کرا کە خۆی بە سەری ڕادەگەیشت و دەرسیشی دەگوتەوە. بناغەی هەوەڵین نەخۆشخانەی مەهابادیش بەدەستی ئەو دارێژراو لە ژێر چاوەدێریی ئەو دا کەوتە کار.››

پێشەوا قازی لەسەردەمی خۆیدا زمانزانێکی گەورە بووە کەسێک بووە کە توانیویەتی بە ٦ زمانی جیاواز لە زمانی کوردی قسان بکات ئەو لە ماوەیەکی کەم دا ‹›فێری زمانی ئینگلیسی، ڕووسی و فەرانسەیی بێ و بێجگە لەو سێ زمانە، زۆر باش لە زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی شارەزایی پێدا بکات›› .

پێشەوا کەسێک بوو کە خوێندنی ئایینی تەواو کردبوو و قازی شەرعی مەهاباد بوو لەگەڵ ئەوەیدا هەمیشە هەوڵیداوە کە بەدوای شتی نوێدا بگەڕێت و فکر و بیرە جیاوازەکانیش بخوێنێتەوە هەربۆیە لە کتێبخانەکەیدا کتێبی جۆراوجۆری لە هەموو بیر و هزرێک تێدا بوو، شاعیری کورد جەلالی مەلەکشا لەسەردانێکی دا ئاوا باسی کتێبخانەکەی پێشەوا دەکات: «جۆرەها جۆر عینوان کتێب لەم کتێبخانە دابوون و ئەوەی دەگەیاند کە پێشەوا قازی محەممەد لە باری ئەندیشە و فیکرەوە چەند کراوە بووە... لە گۆشەیەک دا، هەر چوار ئینجیلی پیرۆز (عەقیق، لۆقا، جەدید، وەمەتی) دەبینران و زۆر ڕۆمان و کتێبی شێعر و فەلسەفە و... کتێبی مێژوویی و زانستی...››.

٧٠ ساڵ پێش ئێستا لەناوچەیەکی داوکەوتووی جیهان و دا و لەناوچەیەک کە خەڵکەکەی ئاگادارییەکی ئەوتۆیان لە جیهانی شارستانی و پێشکەوتوو نەبوو، پێشەوا ڕوو لە نەتەوەکەی دەکاو دەڵێ:

‹‹برایانی خۆشەویست: ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە تەنیا شەڕکەر نەبن بەشکو چەکێکی وا هەڵبگرن کە بتوانن بەرامبەری دەگەڵ لەشکری میللەتانی تر بکەن، ئەو چەکەش (عیلم و زانستە) مەرحەلەی شەڕ تەواو بووە نۆبەی هونەرە... ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە بە زانست بەربەرەکانی دوژمنان بکەن. چەکی بێ عەقڵ دوژمنان نابڕێ. بەڵام داخەکەم ئاغاکان ئامادە نین کە لە میوەی خوێندن بەهرەوەر ببن. ئەگەر بڵێم کوڕەکانتان، برایەکانتان بهێنن بیان‌نێرم بۆ جەبهە باکیان نییە، بەڵام ئەگەر بڵێم بۆ خوێندنیان دەنێرم ڕووی خۆیان گرژ دەکەن و عوزری ناموەجە دێننەوە، ئەگەر پێیان بڵێم مەدرەسەیەک لە دێیەکانتان بکەنەوە مات دەبن...›› .

لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەو دێڕانەی پێشەواوە یەکەم شتێ کە بۆ مرۆڤ دەردەکەوێ ئەوەیە، پێشەوا بە مانای ڕاستەقینەی وشە ڕێبەر و سەرکردەیەکی نوێخواز بووە و ریفورم و گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵی کوردەواری، بەشێکی هەرە گرینگی لە هزر و فیکری پێکهێنابوو. کاتێ لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی ئەو سەردەمە ڕادەمێنی و لە وتارەکانی پێشەوا دەڕوانی، کەمتر سوخەنرانییەکی پێشەوا دەبینی کە بێ نێوبڕ وشەگەلی: تەرەقی، پێشڕەفت و فێربوونی زانست و گەشە و بەرەوپێش چوون لە میانەی وتەکانی دا بەدی نەکرێ. بەڵام چەمکی نوێخوازی و پێشکەوتن و بەرەو پێش چوون لە بیری پێشەوادا تەنیا بە مانای کەڵک وەرگرتن لە ئامراز و کەرەسەو تەکنیکی نوێ نەبوو، بەپێچەوانە پێشەوا لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی دا لەگەڵ ئەوەی هەوڵی دەدا لە کەرەسە و ئامرازی نوێ بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵی کوردەواری کەڵک وەرگرێ، هەر لەو کاتەدا بە هەموو توانایەوە تێدەکۆشا بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەرجەم دەروازەکانی پیوەندیدار بە ڕەوتی گەشە و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵی کوردەواری، بۆ مرۆڤی کورد بەڕوودا بکاتەوە.

**پێشەوا لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی دا روح و سروشتی نەتەوەخوازیی کوردی دێنێتە سەر زمانو دەڵێ:**

‹‹ئێستاش لە سایەی هێز و قودرەتی ئازادی ئێمەش چاو و گوێمان کراوەتەوە و جارێکی دیکە ناچینەوە ژێر چنگاڵی بێدادی، کورد لە حەقی خۆی زیاتر هیچی لە خەڵکی نەویستووە، دەیەوێ بە زمانی خۆی بخوێنێ، لە پیت و کانگای وڵاتەکەی سوود بەرێ، ببێتە خاوەنی کارخانە و کانگا. کورد نایەوێ دەستدرێژی بۆ خاکی هیچ میللەتێک بکا››.٣١

«پێشەوا قازی محەممەد ئەو مرۆڤە دەگمەنە کاریزماییە بوو کە شەوەزەنگی نەزانی و کۆیلەتی شەق کرد. هەتوانێک بوو بۆ برینی هەزاران ساڵەی کورد، بارانێکی ڕەحمەت بوو بۆ سحرای قاقریی کۆیلەتی و بندەستی. ئەو بوو بە پێشەوای گەل و بەو پەیامە کە پێی بوو هێزی نوستووی گەلی کوردی وەخەبەر هێنا، کۆشکی سەربەرزی و سەربەخۆیی کوردی لەسەردەمی بێدەرەتانی دا، دامەزراند. ئەو بوو بە پێشەوای گەل و بەو پەیامە کە پێی بوو هێزی نوستووی گەلی کوردی وەخەبەر هێنا، کۆشکی سەربەرزی و سەربەخۆیی کوردی لەسەردەمی بێدەرەتانی دا، دامەزراند» .

کاتێک هیندوستانیەکان کاریزمایەکیان هەیە بەناوی گاندی و ئەفریقایەکان ماندێلایان هەیە، ئەوا کوردیش بێ بەش نەبووە لە هەبوونی کاریزما. پێشەوا قازی محەمەد نموونەی هەرەبەرزی کاریزما و ڕێبەری کوردە، لە ڕاستیدا بیر و کردارەکانی پێشەوا نەک هیچی کەمتر نیە لە بیر و کردەوەکانی گاندی و ماندێلا و ئەوانی تر، لە ڕاستیدا پێشەوا گوتاری کردە کردار کە ئەمە بەکەم سەرکردە دەکرێ لەڕاستیدا.

هەروەک ماموستا هێمنی موکریانی بەدروستی لەگەورەیی پێشەوا دەنوسێ:

**زانا بوو، کوردپەروەر بوو**
**پێشەوا بوو، ڕابەر بوو**
**هەر کورد نەبوو بەشەر بوو**
**خەمی خەڵکی لەبەر بوو.**

هەق وایە کە ڕۆژی ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ هەتاوی بەرامبەر بە ٣٠ی ئەپریلی ١٩٠٠ کە ڕۆژی لەدایک بوونی پێشەوایە، ساڵانە وەک یادێکی نیشتمانی یادی بکرێتەوە. ئەو ڕۆژە واتە ١١ی بانەمەڕ ڕۆژی لەدایک بوونی کەسێکە کە مێژووی هاوچەرخی کوردی گۆڕی و جیهانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەوێرا دەستی پێکرد.




**١- نوتقی پێشەوا. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢ ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥.**
**٢- ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی. جەعفەر عەلی. سلێمانی ٢٠٠٤**
**٣- «کوردستان» ئۆرگانی کومێتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە ١٥ خاکەلێوەی ١٣٥١**
**«٤- کوردستان» بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە ٢٥. یەکشەممە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی. ١٧ی مارسی ١٩٤٦. بروانە وتاری ‹›حەزرەتی محمد قازی پێشەوا.**
**٥- جەلال مەلەکشا، وتاری زیارەتی کتێبخانە پیرۆزەکەی پێشەوا، وەرگیراو لە سایتی .www peshewa.com**
**٦- ڕۆژنامەی «کوردستان» ژمارە ٧٢ سێشەممۆ ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥. نوتقی حەزرەتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان لە کاتی ڕۆیشتن بۆ ورمێ.**
**٧ - دورگەی بەختەوەریی، ئەیوب ئەیوبزادە**

## له ڕۆژهەڵاتەوه...

# میدیاو نەبوونی میدیا!



**خالید محەممەدزادە**

ئەمساڵیش یادی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لەم هەرێمەی ئێمە بە چەند پیرۆزبایی گوتنیک کۆتایی هات، پیرۆزبایی گوتن لە هەرێمێک کە ئەگەر میدیا بەم پێناسە کە دەبێ لە کاریگەری میدیاوە قسە لە سەر بوونی میدیا بکەین، ئەوە ئەگەر بوونی هەبێت، لە بونێکی قەیراناوی دا دەژی.

لە حاڵێکدا کە ئەم بۆنەیە تێپەری کە لەم چەند ساڵی دوایی نەک هەر شاهیدی کرانەوەی میدیاو ئازادی میدیاو شکڵ گرتنی میدیا نەبووین، بەڵکوو بەشێک لەوانەشی بوونیان هەبوو یا داخران یا لە بێ تواناییەکی گەورەی میدیاییو کارکردن بۆ ئەرشیف درێژە بە کاری خۆیان دەدەن.

کارکردی میدیا لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان(چ لە نێوخۆو چ لە دەرەوەی وڵات) شایانی پیاهەڵدانو شایانی بەرگری کردن نیە، بەڵکوو ئەم دۆخە کە میدیای تێکەوتووە شایانی خوێندنەوەو ڕەخنە لێگرتنە.

لە ڕاستیدا دۆخی سیاسی هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ڕۆژهەڵات یەکەم کاردانەوەی لە سەر میدیا دروستکردوە، بە جۆرێک کە لە هەر کرانەوەو هەلێک کە پێش هاتبێت، میدیاو کاری چاپو بڵاوکردنەوەی گوڕو تینێکی بە خۆوە دیوە، بەڵام ڕەنگە لە زۆرێک لەو قوناغانە تاکوو ئێستاش گرنگی میدیا لای نوخبەی سیاسیو میدیاکاران بایەخی بابەتی خۆی پێ نەدرابێت، هەر بۆیە کارکردی میدیا، وەک کارکردێکی لە پەراوێز خۆی نمایش دەکات. ئەمەش بارگرانیو دۆخێکی نالەباری بۆ کارکردی میدیا دروستکردوە.

بیگومان هیچ کاتێ بە قەد ئێستا کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بە میدیا نیە، پێویستی بە دەزگاو تریبونێک نیە بۆ تەعبیر لەخۆکردنی، بەڵام هیچ کاتێکیش بە قەد ئێستا میدیا کەمخوێنو ناکاریگەر نەکراوە.

لە کاتێکدا چەندین میدیا ڕۆژانە بە باگراوەندی سیاسیو حیزبی ڕوو بەم کۆمەڵگایە بەرنامە بڵاو دەکەنەوە، بەڵام میدیایەک نابینرێت تەعبیر لەم کۆمەڵگایە بکات، دیارە ئەم کەمایەسیە بە پلەی یەکەم بەرپرسیارەتیەکەی دەکەوێتە سەر شانی میدیاکارانو ئەو هێزانەی بە ئۆمێدی گۆرانی گەورە لەم کۆمەڵگایە دەژین.

لانیکەمی چاوەڕوانی لەم نوخبەیە لە هەموو زیاتر ڕوو لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بوو بە تایبەت کە ئەوکات دەستڕاگەیشتن یان بە دامەزرانی تەلەفزیۆن بوو بە ئەمرێکی حەتمی، بەڵام دواجار بەشێک لەمانە بە هۆی کۆمەڵێک کێشەوە داخرانو بەشێکی دیکەشیان لە گەڵ بەردەوامبوونیان نەیانتوانیوە وڵامی چاوەڕوانییەکان بدەنەوە، ئەگەرچی هەتا دەهات دەست ڕاگەیشتن بە ئیمکانانی میدیایی فەراهەمتر دەبوو.

گرفتی میدیای حیزبی بە پێچەوانەی ئەو وێنایەی لێ پیشان دەدرێت هەر باری ماڵی نیە، بەڵکوو نەبوونی ڕوانینو بەرنامەیەکی میدیاییو پێرسینەلی میدیاییە کە بە پلەی یەکەم هەم بارگرانی بۆ حیزب پێکهێناوەو هەم ناتوانایە لە خستنەگەڕی تواناییە ماڵییەکانی حیزب بۆ کاری میدیایی. ئەمە لە گەڵ ئەوە دەبێ ماڵاوایی لەو ڕوانینە بکرێت کە میدیا وەک موڵکی حیزب پێناسە دەکاتو دای دەبڕیت لە کۆی کۆمەلگا، لە ڕاستی دا ئەم ڕوانینە نەیتوانیوە خۆی داببڕێت لە هەمان ڕوانینی دەیەی ٦٠ی هەتاوی بۆ ئیزگەیەکی وەک ڕادیۆ.

لە دواجاردا پێموایە کۆمەڵگایەی ئێمە چەندە پێویستی بە هێزیکە بۆ ڕزگارکردنی، بە قەد ئەوەش پێویستی بە میدیایەکە، کە زانیاری گشتی بداتە کۆمەڵگاو ئاوێنەی هاوڵاتی بێت. ئاوێنەیەک بۆ ئەوەی هاوڵاتیو کۆمەڵگای ئێمە خۆیانی تێدا ببیننەوەو لەو ڕێگایەوە هەوڵ بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

لە گەڵ ئەوەش هیچ کاتی بە قەد ئێستا هیزەکانی ئێمەو ئەو نوخبەی خوازیاری گۆرانکاری ریشەیی لەم کۆمەڵگایەن، پێویستیان بە میدیا نەبووە، هەر هیچ نەبێ بۆ ئەوەی نەبن بە ژێر ڕووداوەکانەوەو لە هێزێکی گۆرانخوازەوە نەبن بە قوربانی گۆرانکارییەکان.

بۆیە بۆنەیەکی وەک سالیادی ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە باتی ئەوەی ببێ بە شوینی پیاهەڵدانو پیرۆزبایی گوتن بۆ دۆخی ناوڵامدەری میدیا لە ڕۆژهەڵات، دەبێ ببێ بە سەرەتایەک بۆ پێداچونەوە بە کارکردی ناکاریگەری میدیای ئەم هەرێمەو خەسارناسی گرفتەکانی.

# ئایا پەرەپێدانی گەندەڵیو ئیدارەکردنی وڵات پێکەوە هاوسەنگەن؟



**عومەر باڵەکی**

لە ماوەی ٣٦ ساڵی ڕابردوو بەتایبەتی لەو چەندساڵەی دوایی‌دا ڕۆژ نییە هەواڵی ئێعدام کرنی کەسێک یا چەند کەس لە شارە جۆراوجۆرەکان و زیندانە جیاوازەکانی کۆماری ئیسلامی بە بەهانەی جۆراوجۆرو حوکمی نارەوا لە ڕاگەینە گشتیەکاندا بڵاو نەبێتەوە وئەورێژە زۆرەی بەرێوەچوونی ئێعدام ئێران لە پلەبەندیی جیهانی‌دا لە دوای چینو عەرەبستان پلەی سێهەمی بۆخۆی تۆمار کردووە.

سزای ئێعدام لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی دا بۆتە یەکێک لە کەرەسەکانی‌دا سەپاندنی دەسەڵاتداریەتی ئەونیزامە و لە ژێر ناوی « محاربە با خدا» و « مفسد فی‌الارض» ڕەنگی قانوونیو شەرعی بەو ئێعدامانە داوەو بە قسەی خۆیان سزای ئێعدام بەو بەربەرینیە بۆیە بەڕێوە دەبەن کە نەزمو ئەمنییەت لە کۆمەڵگای ئێران‌دا دابین بکەنو تاوانو تاوانکاری نەهێڵن، بەڵام دەبینین ڕێژەی زۆری ئێعدامەکان ڕادەی تاوانو تاوانکاریان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا کەم نە کردۆتەوە وبەپێچەوانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕادەی تاوانو تاوانکاری ڕووی لە زیادبوون کردووە. پرسیارلێرەدایە دەبێ هۆکارچ بێ؟ کۆماری ئیسلامی بۆ زۆربەی ئەوکردارانەی کە بە پێی قانوونەکانی پەسندکراوی سیستمی کۆماری ئیسلامی کە سزای ئێعدامیان لەسەرەئەوسزایەیان لە سەر بەڕێوە چووەو تەنانەت کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی خۆی‌دا فەرهەنگسازی کردووەو زۆربەی زۆری ئێعدامەکانی بە ڕۆژی ڕووناکو لە بەرچاوی خەڵک بەڕێوە بردوون، بەڵام بەو ڕێژە زۆرە ئێعدام کردنانە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە تاوانکاری نەک کەمی نەکردوە بەڵکوو زیاتریش بووەو ئەوەسەلمینەری ئەوراستییە کە سزای ئێعدام تەنیا کەرەسەیە بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەک دابین کردنی ئاسایش و ئەمنییەت لەکۆمەلگادا، ئەگەر بمانهەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزینەوە دەبێ پەنا بۆ ئەو پەندە کوردیە بەرین کە دەڵێ: « ئاو لە سەرچاوەڕا قوڕاوە»

واتە تاوانو تاوانکاری سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لوتکەی دەسەڵاتداریەتی لە کۆماری ئیسلامی.

لە وڵاتێکدا تاوانو تاوانکاری دەتوانێ ڕوو لە کەم بوون بکاو خەڵک پابەند بە یاساو ریسای وڵات بکا کە سیستەمی ئیدارە کردنو بەڕێوەبەری وڵات گەندەڵیو فساد ڕووی تێ نەکردبێ. لە وڵاتێکدا کە گەندڵی سیاسیو ئابووریو تەنانەت گەیاندنی زانیاری بە هاووڵاتیان گەیشتوەتە لوتکەی فەسادی ئیداریو جامی گەندەڵی ئەوەندە پڕ بووە کە لێی دەڕژێو بە ناعیلاجیش بێ دەسەڵاتداران هەرماوە بە ماوە پەروەندەی کەس یا کەسانێک کە لە پلەی مەسئولیەتی بەرزی بەڕێوەبەریی وڵاتدا بوون ڕوودە کەن کە چۆن لە ژێر سێبەری دەسەڵاتو پلەی دەوڵەتی‌دا ماڵو سامانی گەلانی ئێرانیان بە تاڵان بردووە.

بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی نێونەتەوەیی شەفافسازی لە نێوان ١٧٧ وڵاتدا ئێران لە بواری نەبوونی شەفافیەتو گەندەڵی سیاسیو ئابووریو نەگەیاندنی زانیاری دروست بە هاووڵاتیان لە پلەی ١٤٤هەمین وڵات قەراری گرتووە.

بە پێی ئامارەکان ئێران خاوەنی حەشیمەتێکی گەنجە کە خۆی سەرمایەکی گەلێک بەنرخە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بەڵام بەداخەوە دەبینین کۆماری ئیسلامی بە جێگای ئەوەی لە وزەو توانای ئەو هێزە گەنجەی حەشیمەتی ئێران لە ڕاستای بەرەو پێشچوونی ئابووریو فەرهەنگیو سیاسی کۆمەڵگای ئێران کەڵک وەربگرێ، زۆرتری ئەو وزەو توانایە بۆ هێشتنەوەی خۆیو دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دەراوسێ لە ژێر ناوی پارێزگاری لە حەریمی پیرۆزی شوێنە ئایینیەکان بە کاردێنێ .

**ئەوەی جێگای سرنج و تێڕامانە ئەوەیە لە وڵاتێکدا کەسانی پلە بەرزی دەزگای یاسا دانانو بەڕێوەبەری وڵاتو دادوەری ئاوا گەندەڵو پاشەڵ پێس بن چۆن دەتوانن ئەمنیەتی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگای ئێران دەستەبەر بکەن**

لە هەلو مەرجێکیوا دا کە هێزی لاوی ئێران تواناو وزەکەیان لە گرەوی سەرکەوتنی زیادەڕەوییەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران دادەنرێو سامانو داهاتی گەلانی ئێران خەرجی پەروەردە کردنی تاقمو گروپی بناژۆی مەزهەبی دەکرێ زۆر سروشتییە کەسانێک لە ناو سیستەم‌دا پەیدا بن کە لەو فەزایە بە قازانجی خۆیان کەڵک وەربگرنو بۆ پاراستنی بەرژەوەندیو قازانجی تاکی خۆیان چاوپۆشیش لە پەرەگرتنی گەندڵی لە ڕەگو پۆی سیستەمی ئیداری وڵاتدا بکەنو لە وەزعیەتێکیوا دا باری گرانی سیاسیو ئابووریو تەنانەت فەرهەنگی دەکەوێتە سەر شانی چینی مام ناوەندو هەژاری کۆمەڵگا ودەبێ ئەوان لە ژیان وگیانی خۆیان مایە دابنێن.

بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتر باس لە نموونە یەک دەکەم کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی چۆن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان خەریکی گەندەڵیو فەسادی ئیداری بوون و هەن.

لەوماوەیەدا شاهیدی ئەوە بووین کە جەناحبەندییەکانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو بەهۆی ئەوە کە پەروەندەی « محمدرضا رحیمی» کە سەردەمی سەرکۆماری ئەحمەدی نژاد جێگری یەکەمی ناوبراو بوو،کەوتە بەر لێکۆڵینەوەو حوکمی دادگا، کاتێک ڕەحیمی بە تەواوی هەستی بەوە کرد کە ڕەنگە ئەو دادگایی کردنە سەرو ئابڕوی تێدا بەرێ، کەوتە خۆ لە نامەیەک دا دانی بەوەدانا کە لەکاتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس دا ڕادەی یەکمیلیاردوو سەد میلیۆن تمەنی لە نێوان ١٧٠ بەربژێری مجلیسی هەشتەم‌دا دابەش کردوە بۆ ئەوەی مەجلیس لە ژێر دەسەڵاتو نفوزی خۆیان‌دا بمێنێتەوە. لە وڵاتێکدا جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمار کە بە پێی یاسای بنەڕەتی مەسئوولی بەڕێوەبەری قانوونەکانەو ئیدارەکردنی وڵاتی لە ئەستۆیە، بەرتیل دەدا بە نوێنەرانی مەجلیسو لێرەدایە کە دەڵێن عوزر لە قەباحەت خراپترە ئەوەیە کەسانێک بەو ڕێژە زۆرەوە کە لە مەجلیس نوێنەرایەتی خەڵکیان لە ئەستۆیەو داڕێژەر و بەڕێوەبەری قانوونەکانن بەرتیل وەردەگرن. لە وڵاتێکدا بەڕێوەبەری دەزگای ئیجرایی وڵات بەرتیل بدا بە دەزگای قانوون دانان دەبێ چاوەڕوانی لە خەڵک چ بێ کە پارێزەری قانوون بن و یا ئەو قانوونە دەبێ چۆن بێ کە بەرتیل خۆریەک دایدەڕێژێو بەرتیل دەرێکیش بەڕێوەی دەبا.

**لە وڵاتێکدا تاوانو تاوانکاری دەتوانێ ڕوو لە کەم بوون بکاو خەڵک پابەند بە یاساو ریسای وڵات بکا کە سیستەمی ئیدارە کردنو بەڕێوەبەری وڵات گەندەڵیو فساد ڕووی تێ نەکردبێ**

تا ئێستا بە دەیان پەروەندەی لەو بابەتە ئاشکرابوون « شهرام جزایری، بابک زنجانی، بیژن مرتضوی، محمدرضا رحیمی...» بەڵام هەتا ئێستا ئیجرائیاتی ئەتۆیان لە گەڵ نەکراوە کە لە گەڵ کەسێکی جیابیر دەکرێو تاوانی کەسانی سیاسی و جیابیر تەنیا ئەوەندەیە کە بە پێچەوانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بیردەکاتەوە بێ ئەوە سامانو مولکی وڵاتیان بە هەدەر دابێ.


ئەوەی جێگای سرنج و تێڕامانە ئەوەیە لە وڵاتێکدا کەسانی پلە بەرزی دەزگای یاسا دانانو بەڕێوەبەری وڵاتو دادوەری ئاوا گەندەڵو پاشەڵ پێس بن چۆن دەتوانن ئەمنیەتی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگای ئێران دەستەبەر بکەن. زۆر سروشتیە لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا کە گەندەڵیو بەرتیل وەرگرتنو دزی لە لوتکەی دەسەڵات‌دا جێی گرتوە، خەڵکی برسیو هەژارو بێکار دەست بۆ تاوان بەرن بۆ ئەوەی زگی برسی خۆیانو ماڵو منداڵیان پێ تێر بکەن.

هەتا ئێستا هیچ زانستیک ئەوەی نەسەلماندوە کە مرۆڤ بە تاوان کاری لە دایک دەبێ بەڵکوو بە پێچەوانەوە مرۆڤ کە لە دایک دەبێو هەتا تەمەنێکی دیاری کراو پاکو بێ گەردەو دوورە لە تاوانو تاوانکاریو کاری ناشایست کە کۆمەڵگا پەسەندی ناکا و لە داهاتوودا ئەوەی کاریگەری لە سەردادەنێو تووشی تاوانکاری دەکا، چەند هۆکارێکن کە گرینگترینان سیستەمی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە، واتە ئەو سیستەمەی کە دەسەڵاتی سیاسیو ئابووری وڵات بەڕیوە دەبا بەرنامەو پلانی چییە بۆ پەروەردە کردنو بارهێنانی ئەو منداڵانەو ئەو ژینگەی کە ئەو منداڵانەی تێیدا پەروەردە دەبێ چ ئیمکاناتێکی مادیو مەعنەوی بۆ دابین کردوە، چونکە ژینگە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر پێ گرتنی کەسایەتی مرۆڤەکان.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٦ ساڵی ڕابردوو نەیویستووە ژینگەیەکی سەلامەت بۆ منداڵولاوی کۆمەڵگای ئێران پێک بێنێ، بەڵکوو هەمووکات ویستوویەتی لە ژینگەیەکی وا بژین کە نیازمەند و چاولە دەست بنو لە کۆمەڵگایەکیوادا کە ساختاری ئابووریو کۆمەڵایەتی بەرەو دارمان دەڕوا ڕۆژبە ڕۆژ نەخۆشییە کۆمەڵایەتیەکان وەک گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان پەرە دە ستێنێ، بێکاریو هەژاری ڕوو لە زیاد بوون دەکاو بە داخەوە دەبێ بڵێین کە تاوانو تاوانکاری بەئێعدام کردن ناتوانی بن بر بکرێ.

لە کۆتایی‌دا پێویستە ئەوە وەبیر بێنمەوە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەگەر دەیانهەوێ سزای ئێعدام لەسەر نەزمی کۆمەڵگا کاریگەری هەبێ، دەبێ ئەو سزایە لە سەر کاربەدەستانی پلە بەرزی نێو دەزگای حاکمەو بەڕێوەبەری وڵات بەڕێوە بچێ، چونکە ئەوانن « مفسدفی الارض» و « محارب باخدا».

# ئێران دۆڕاوی شەڕی درێژخایەنی سارد و گەرمە لەگەڵ عەرەبستان



**موختار نەقشبەندی**
**و: ئاڵەشین**

دەگەڵ قووڵتربوونەوەی قەیرانی یەمەن و توندتربوونی ڕاوێژ و شەڕە دندووکەی نێوان بەرپرسانی ئەو دوو وڵاتە، ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ڕاستەوخۆی ئێران و عەرەبستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرزبوونەوە دایە، لەو چەند حەوتوویەی ڕابردوودا بەرپرسانی سەربازیی ئێران هەندێک لێدوانیان داوە کە ئەم قسانەیان لە زمانی بەرپرسە سەربازییەکانەوە بە واتای هێرشی سەربازی و ئەگەری هەڵاییسانی شەڕە، بۆ وێنە فیروزئابادی سەرۆکی گشتیی ناوەندی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی ئێران دوای ئەوەی عەرەبستان نەیهێشت فڕۆکەیەکی ئێران لە یەمەن بنیشێتەوە دەڵێ: «عەرەبستان دەبێ وڵامێکی شایانی پێ بدرێتەوە! هەروەها محەمەدعەلی جەعفەری فەرماندەی سپای پاسداران باسی لە ڕووخانی حکوومەتی ئاڵی سعود کردوە! بە سەرنجدان بەوەی کە ئێران و عەرەبستان هیچ کاتێک پێوندییەکی باشیان نەبووە، هەروەها ئێران خاوەن سیستمێکی ئایدیۆلۆژیکە، کە ئامانجی هەناردەی شۆڕشەکەیەتی و، بەرژەوەندییەکانی لە زۆر باردا دەگەڵ عەرەبستان دژە، ئەگەریش شەڕێکی واقعیشیان لە نێواندا ڕوو نەدا، بەدڵنیاییەوە شەڕی (نیابتی) و شەڕی سارد لە نێوانیاندا قووڵتر دەبێتەوە،

هەوڵ دەدەین لەو کورتەنووسینەدا هەردووک حاڵەتی شەڕی سارد و گەرم یان فیزیکی نێوان ئەو دوو وڵاتە تاوتوێ بکەین.

قووڵتربوونەوەی شەڕی سارد و «نیابتی»: هەر چەند ئێران و عەرەبستان دوژمنی بەهێزی دیکەی وەک ئیسرائیل (دوژمنی هاوبەشی هەردووک وڵات) و ئەمریکا (دوژمنی ئێران و هاوپەیمانی ئێستاکەی عەرەبستان)یان هەیە و، بەشێک لە پرۆژەکانیان بۆ پێکدادان و بەرگری لە بەرانبەر ئەوان دایە، بەڵام لەم قۆناخەدا قووڵتربوونەوەی دژایەتی بەرژەوەندییەکانی کردوونی بە دوژمنی پلە یەک و مەترسی سەر یەکتر، هەر چەند چارەسەری قەیرانی یەمەن لەوە زیاترە کە ببێتە هۆی شەڕێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، بەڵام فەرمانی ئەو دواییانەی خامنەیی لە سەر ئامادەیی زیاتر و بەرزکردنەوەی توانایی هێزە چەکدارەکان لەو جەنگەیەدا؛ بە واتەی قووڵتربوونەوەی شەڕی ساردی نێوانیان و تەنانەت لە گشت ناوچەکە دایە. بەرزکردنەوەی توانای سەربازی، پێویستی بە تەرخانکردنی بودجەی سەربازی هەیە؛ بۆ لێکۆڵینەوە و گەشەپێدان و دروستکردنی کەلوپەلی سەربازی و یان کڕینی ئەو پێداویستییانە. بە سەرنجدان بەوەی کە ئێران هەنووکە دەستەویەخەی گێرەوکێشەیەکی زۆری ئابوورییە، هەر چەشنە زیادکردنێکی بوودجەی سەربازی، فشارێکی زۆر دەهێنێ بۆ ئابوورییەکەی، هەر چەند عەرەبستانیش بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت، لە ئەگەری زیادکردنی بودجەی سەربازیدا، فشار بۆ ئابوورییەکەی دێ، بەڵام ئەو فشارەی لە سۆنگەی زیادکردنی بودجەی سەربازیدا دەکەوێتە سەر ئابووری عەرەبستان لەچاو ئێران زۆر کەمە، دەگەڵ ئەوەشدا پاشەکەوتی «ارزی» عەرەبستان نزیک بە ٨٠٠ میلیارد دولارە، کەچی پاشەکەوتی «ارزی» ئێران نزیک ١٠٠ میلیارد دولارە؛ کە ئەو پاشەکەوتە زۆرە «ارزی»یە، دەستی ڕێبەرانی ئەو وڵاتە بۆ زیادکردنی بودجەی سەربازی کردۆتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە؛ شەڕی «نیابتی» بێ تێچوو نییە و پشتیوانی ماددی و تەنانەت مەعنەویش لەو گرووپانەی سەر بەو وڵاتەن، تێچووی ماڵی زۆر هەڵدەگرێ، ئامارێکی ڕاست و دروست لە تێچووی داراییان لە بەر دەست دانییە کە ئێران لە سۆنگەی بەشار ئەسەددا کەوتۆتە سەر شانی، بەڵام بەبێ شک خۆ لە میلیارد دولاران دەدەن! ئێران و عەرەبستان هەنووکە لە چەندین بەرە شەڕی «نیابتی» دەکەن، کە دابینکردنی پێداویستیی گرووپەکانی سەر بە خۆیان، بارگرانی دەخاتە سەر ئابووری ئەو وڵاتانە، کە هەروەک ئاماژەشمان پێکرد؛ عەرەبستان لە بواری ئابوورییەوە لە چاو ئێران زۆر باشترە و پاشکەوتە زەبەلاحە «ارزی»یەکەی دەستی ڕێبەرانی ئاواڵتر کردوە. لە لایەکی دیکەشەوە زۆربەی هاوپەیمانەکانی عەرەبستان لە ناوچەکەدا وەک وڵاتانی کەنداو بەتایبەت قەتەر (کێشەی دەگەڵ عەرەبستان هەیە، بەڵام لەم پرسەدا لایەنی عەرەبستان دەگرێ) و کوەیت و ئیمارات، دەوڵەمەندن و ئێران قەت بۆی ناکرێ وەک ئەوان یارمەتیی دارایی بە گرووپەکانی سەر بەخۆی بکا!

**قووڵتربوونەوەی شەڕی سارد و «نیابتی»: هەر چەند ئێران و عەرەبستان دوژمنی بەهێزی دیکەی وەک ئیسرائیل (دوژمنی هاوبەشی هەردووک وڵات) و ئەمریکا (دوژمنی ئێران و هاوپەیمانی ئێستاکەی عەرەبستان)یان هەیە و، بەشێک لە پرۆژەکانیان بۆ پێکدادان و بەرگری لە بەرانبەر ئەوان دایە**

پێویستە بوترێ لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا وڵاتە عەرەبییەکان و بەتایبەت کوەیت بە میلیارد یارمەتیی عێراقیان دەکرد! عەرەبستان ساڵی ٢٠١٤ بە بودجەی سەربازی ٦٧ میلیارد دولارییەوە، خاوەن چوارەمین بودجەی سەربازیی دونیا بوو، کەچی بودجەی سەربازیی ئێران کەمتر لە ٢٠ میلیارد بووە (ئامارێکی ورد و دروستی تێچووەکانی سپای پارسداران لە دەستدا نییە، بەڵام بە گوێرەی مەزندەی ڕێکخراوە زانیارییەکانی ڕۆژاوا و دامەزراوە سەربازییەکان، بودجەی سەربازیی ئێران لە ٢٠ میلیارد دولار کەمترە) بودجەی سەربازیی تورکیە هەمان ساڵ ٢٥ میلیارد و تێچووی سەربازیی کوەیت و ئیماراتیش بە گشتی زیاتر لە ٢٠ میلیارد دولار بووە! بە وردبوونەوە لەو داتایانە، ئێران لە شەڕی سارد و «نیابتی»دا لە درێژخایەند نەک شەڕی وڵاتانی کەنداو، بەڵکو تەنانەت عەرەبستانیشی پێ ناکرێ و لە درێژخایەندا جگە لە بە باداکردنی سامانی نەتەوەیی ئێران، کۆماری ئیسلامی چی دەست ناکەوێ.

شەڕی فیزیکی یان گەرم: هەر چەند ئەگەر پێکدادانی سەربازیی نێوان ئێران و عەرەبستان هەنووکە لە هەمیشە زیاترە، بەڵام دەرکەوتە و لێکەوتە و شوێنەواری دەسبەجێ و درێژخایەنی شەڕێکی لەو

←

# ئاوڕێک لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی چوار ساڵی ڕابردووی تورکیە



عەزیز مەعرووفی

بۆ هاسانکاری و ئاوڕدانەوەی خێرا لە نێوان دوو هەڵبژاردنی ١٢ی ژووئەنی ٢٠١١ و ٧ی ژووئەنی ٢٠١٥ دا، گۆڕانکاری و ڕووداوەکان تورکیە بە نێوخۆیی و دەرەکیی دابەش دەکەین؛

نێوخۆیی؛ شەوی ٢٧ی سێپتامبری ٢٠١٢ ڕەجەب تەیپ ئەردۆغان – ئەوکات سەرۆک وەزیران– لە بەرنامەیەکی تەلویزیۆنیدا پەردەی لە سەر چاوپێکەوتن لە نێوان دەزگای میتی وڵاتەکەی و بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان، هەڵدایەوە. ئەوە، وەڵام دانەوە و بەرهەمی مانگرتنی چالاکانی سیاسی باکووری کوردستان لە نێو گرتووخانەکانی تورکیە دابوو. ئەو مانگرتنە، بەرینترین مانگرتن لە مێژووی تورکیە و تەنانەت ڕەنگە لە هەموو دنیاش دابێ زیاتر لە دە هەزار گیراوی سیاسی مانیان لە خواردن گرت و ٦٦ ڕۆژی ڕەبەقی خایاند. ئامانج و ویستەکانی ئەو مانگرتنە سێ خاڵی سەرەکیی بوون؛ یەکەم، ئازاد کردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان. دوو، مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایک لە تورکیە. سێ، مافی بەرگری کردن لە خۆ لە دادگاکانی تورکیەدا. ئەو مانگرتنە مێژووییە، بە پەیامی ئۆجەلان لە ڕێگەی براکەی، محەممەد ئۆجەلان، کۆتایی هات. گۆڕانەکانی ٢٨ مانگەی ڕابردووی پڕۆسەی ئاشتی! و هەروەوەها ئەوانی پێشتریش دەری دەخەن، بە ئەگەری زۆر خودی مانگرتنە بە ڕێنوێنی و چرای سەوزی بەڕێز ئۆجەلان دەستی پێ کرابێ تاکوو ببیتە پاساوێکی گونجاو دە دەستی دەوڵەت دا بۆ ئاشکرا کردن چاوپێکەوتنەکان و شکاندنی بێ دەنگی سەر «ئیمراڵی». جیا لەوە، تورکیە لە دوو بەرەدا لە ژێر تەوژمی شۆڕشی ئازادیخوازانەی کورد دابوو؛ تەوژمی یەکەم، هێرشی پەیتای پەیتا و بەربڵاوی پەکەکە بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی دەوڵەتی لە کوردستان و گرتنی ڕووبەرێکی بڵاو لە ناوچەکانی حەکاری و شەمزینان. بەڕێز دەمیرتاش- ئەو کات هاوسەرۆکی بەدەپە- گوتی ٤٠٠ کیلۆمیتر لە شەمزینان و حەکاری دە ژێر دەسەڵاتی پەکەکە دایە. ٤٠٠ کم ئەگەرچی ڕووبەرێکی کەم نییە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە دەوڵەتی تورک بە دانی کوژراو و برینداری زۆر و هەروەها لە باری بیروڕای گشتی وڵاتەکەشیەوە دە ژێر تەوژم دابوو. دووهەم، خۆپێشاندان و پشتیوانی کوردەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان بە پێشەنگیی بەدەپە و دەتەپە و ، لە پاڵ ئەویش دا بۆ شکاندنی بێ دەنگیی سەر «ئیمراڵی» زۆر شاری باکووری کوردستانی تەنیبۆوە، بۆ دەوڵەتی تورکیە زۆر ئاستەم بوو دەرقەتی تەوژمی خۆپێشاندەرانی چەق و تەختایی شارەکان و هێرشی بڵاوی هێزەکانی پەکەکە بێ. هەمووی ئەوانە دەرگای چاوپێکەوتنەکانی خستە سەر پشت و پڕۆسەیەک بە نێوی « پڕۆسەی ئاشتی و چارەسەری» دەستی پێکرد. هەروەها ئەوە، هاوکات بوو لە گەڵ یەکەمین ساڵوەگەڕی کۆمەڵکوژی ٣٤ کاروانچی لە « ڕۆبۆسکی».

هەر لە دەستپێکەوە، لە منداڵدانی پڕۆسەکەوە کۆمەڵێک ڕووداو و ئاڵوگۆڕ گووران. ترۆری سێ ژنە خەباتگێڕی ڕیزەکانی پەکەکە، سەکینە جانسز، فیدان دۆغان و لەیلا سۆیلەمەز لە ڕۆژەکانی یەکەمی پڕۆسەکە لە پاریس پێتەختی فەرانسە، پەیامی جۆراوجۆری ئاڕاستەی پڕۆسەکە کرد. بە دووی ئەودا، پەیامی نەورۆزیی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ نەورۆزی میلیۆنی خوێندرایەوە. نەورۆزی ئەمساڵ – نەورۆزی ٢٠١٥- بۆ سێهەم نەورۆز پەیامی ناوبراو دەخوێندرێتەوە. نێوەرۆکی هەموو پەیامەکان، پێداگرتنەوە لە سەر « وەلانانی چەک و خەباتی سیاسیی»یە بێ ئەوەی نێوێک لە دایکی کێشە و خاوەن کێشەکە « کورد» و کوردستان» بهێنرێ. ٨ی ئاپریل، سەرکردایەتی پەکەکە لە قەندیل لە سەر ڕاسپاردەی ئۆجەلان ڕایگەیاند هێزە پارتیزانەکانی لە خاکی تورکیە! دەکشێنێتەوە، کشانەوەیەک ئێستاش کە ئێستایە بە نیوەچڵی ماوەتەوە.

ڕووداو و گۆڕانکارییەکان تەنیا بە کوردستان و خەڵکە شۆڕشگێڕەکەی قەتیس نەمانەوە، بەڵکو ناوەندی شارە گەورەکانی تورکیەشی گرتەوە. سەرهەڵدانی خۆپێشاندانەکانی « پارکی گەزی» لە کۆتایی مانگی مەی تا نیوەی مانگی ژوئەن لە ئیستانبوڵ و تەشەکردنی بۆ زۆر شاری گەورەی دیکە، کوژران و بریندار بوون و گرتنی هەزاران خۆپشاندەر و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی سەرکوتی دەوڵەت بە خەراپترین شێوە، ڕووداوێک بوو



کە نە دەوڵەتەکەی ئەردۆغان چاوەڕوانی بوو و نە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن تێیدا بە ئامانجەکانی خۆیان گەیشتن، هاوکات ڕوانگەی بیروڕای گشتی نێونەتەوەیی بەرامبەر بەو دەسەڵاتە نیمچە دێموکراسییەی ئەردۆغان و پارتەکەی ئیدعایان دەکرد، گۆڕدرا.

لە ١٧-٢٥ی سێپتامبری ٢٠١٣ تەشکیلات و هێزی نیوە ئاشکرا و نیوە نەهێنی فەتحوڵڵا گولەن کە بە کارکتەری « دەوڵەتی تەریب» و « دەوڵەتی قووڵ یان شاراوە» نێوی دەرکردوە و هەتا ئەو کات شەریکی دەسەڵات و هاوپەیمانی دەوڵەتی ئەردۆغان و پارتەکەی بوون، بە لەقاودانی گەندەڵییەکان زۆر شتی بن بەڕەی هێنایە سەر بەڕە. کێشە و لە هەڵڵادانی گەندەڵی و بەرتیل خۆری نیزیکەکانی ئەردۆغان و تێوەگلانی چوار وەزیری کابینەکەی، لە پاش نارازیەتییەکانی پارکی گەزی بە دووهەم شەپۆلی بەرینی تێک گیرسانی جەمسەرە شاراوە و ئاشکراکانی نێو تورکیە دادەنرێ. شەڕی لە ئاشتی نەهاتووی ئەردۆغان و جەماعەتی گولەن، زەبرێکی گورج و بڕی لە ئێعتباری ئەردۆغان و سیاسەتەکانی وەشاند. ناخۆش ئەوەیە عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەر دوو ئەو شەڕەی بە کودەتا ناو برد و وەک هەڕەشە بۆ سەر پڕۆسەی ئاشتی نێودێر کرد، کەچی بە دووی هەموو ڕووداوەکان هەتا ماوەیەکی چاک، پڕۆسەکە وەستاوە و بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.

دە مەودای نێوان ئەو چوار ساڵەدا، تورکیە دوو هەڵبژاردنیشی تێدا بەڕێوە چوون؛ یەکەم، هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ٣٠ی مارتی ٢٠١٤بوو. ئاکەپە، بە بەراورد لە گەڵ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ٢٠٠٩دا نیزیکەی ٧٪ زیادی کرد، هەدەپە (پارتی دێموکراتی گەلان) – بەدەپەی ئەو کات- نیزیکەی ٠٥٪ دەنگەکانی زیادی کرد هەروەها شارەوانی شارە گەورەکانی بتلیسم ئاگری و باتمان لە ئاکەپە ئەستاندن. هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری دووهەم هەڵبژاردن بوو. لە ١٠ی ئاگوست. ئەو هەڵبژاردنە یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بوو کە بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک هەڵبژێردرا. ئەردۆغان هەڵبژاردنەکەی لە دوو ڕکابەرەکەی، سەلاحەدین دەمیرتاش بەربژێری بەدەپە و ئەکمەلەدین ئیحسان ئۆغلو بەربژێری هاوبەشی مەهەپە و جەهەپە بردوە و بوو بە ١٢هەمین سەرۆککۆماری وڵاتەکەی.

٨-٦ی نوامبر، کوردەکان، چەند شارێکی کوردستانیان کرد بە مەیدانی تێکهەڵچوون لە گەڵ هێزەکانی دەوڵەت. مەبەستی سەرەکیی کوردەکان دژکردوە بە قسەکانی ئەردۆگان بوو کە گوتی:» کوبانی کەوتووە ، دەکەوێ. پەیەدە وەک داعش ترۆریستە». ئەو خۆپێشاندانە بە پەیامی ئۆجەلان نیشتنەوە.

لەو دوو ساڵ نیوەی پڕۆسەی چارەسەری دا، هەڵکەوتووە شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان پەکەکە و ئەرتەشی ئەو وڵاتە بێتە گۆڕێ. شەڕی سەیرانگایەکی» ئاگری» لە مانگی ڕابردوودا بەرچاوترینی ئەو شەڕانەیە کە چوار پێشمەرگەی پەکەکە شەهید بوون.

گۆڕینی نێوی بەدەپە(پارتی ئاشتی و دێموکڕاسی) بۆ هەدەپە و دامەزرانی پارتی هەرێمەکانی دێموکراتیک ( دەبەپە) گۆڕانە بەرچاوەکانە. هەدەپە، پارتێکی نیمچە چەپە، نەخشی پارتێکی سەراسەری و لەویش زیاتر نەخشی بە تورکیە بوون دەگێڕێ.

دەرەکیی؛ ڕادان و وەلانانی برایانی موسلمان و محەممەد مورسی لە میسر بە دەستی عەبدوڵڵا فەتاح سیسی سەرۆکی ئەرتەشی ئەو وڵاتە، کە تێکەڵی شەپۆل و دۆخی خۆپشاندنەکانی پارکی گەزی بوو، مزگێنکی ناخۆش بۆ ئەردۆگان و پارتەکەی بوون، چونکە محەممەد مورسی و ئیخوان و ئەردۆغان خۆیان بە ئاوەڵ دەسەڵات و مەڕام دادەنا جێی سەرسوڕمان نەبوو کە ناوبراو بە ڕووداوە نێوخۆییەکانی میسر بڵێ کۆدەتا و پێوەندەییەکانی لە گەڵ میسر بەوپەڕی خەراپی بەرێ.

شەڕی نێوخۆیی سووریە، پێشکەوتنی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، داڵدەدانی ئۆپۆزسیۆنی سووریە لە وڵاتەکەی و هەڕەشە لە بەشار ئەسەد دیکتاتۆری سووری و، پشتیوانی و هاوکاری هەمەجۆر لە گرووپە توند ڕەوەکانی نێو سووریە وەک بەرەی نوسرە و داعش، جیا لەوەی ڕەخنەی زۆر و نیگەرانی زۆری هێناوەتەوە سەر تورکیە، بەڵکو هیچ خێر و بێرێکیشی بۆ ئەو وڵاتە لێ نەکەوتۆتەوە.

زنجیرە ڕووداو و پێشهاتەکانی تورکیە کە بێگومان کێشەی ڕەوای نەتەوەی ٢٥ میلیۆنی کورد کرۆک و هەوێنی هەموویانە، قەت تێیدا ڕووی کێشەکان و نێوەرۆکیان بەو جۆرە کە هەن دەرناکەون. ڕاست ئەو کاتەی دەبێ کێشەی کورد ئازایانە ئاوڕی لێ بدرێتەوە و ڕێ بۆ خەباتی سیاسی کورد خۆش بێ و کوردیش لە سەر ئامانجەکانی خۆی سوور بێ، لە لایەن هەمان دەست کە زیاتر لە دە ساڵ هاوپەیمانی پارتی دەسەڵات دار بووە، پەردە لە سەر گەندەڵی و بەرتیلی چەندین ساڵەی دەوڵەت هەڵدەدرێتەوە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە، خۆبوراردن لە نێو هینانی دایک و خاوەنی کێشەکە، کورد و کوردستان لە لایەن ڕێبەری شۆڕشی کوردەوە وایکردوە ڕێچکە پڕۆسەکە بە لێڵی و تاریکی بچیتە پێش بۆیە بە دەسەڵاتی خودی پارتی دەسەڵاتدار و سەرۆککۆمارەکەی بە دوور نییە، هەتا ٧ی ژووئەن گۆنگەڵ و ڕووداوی دیکە نەیەنە پێش. ئەمە سرووشتی سیاسەت دە دەوڵەتی تورکیە دایە کە ئەگەر « پاکەتی دێموکراسی» سیاسەتی پێ دەکرێ لە بەرامبەری دا « پاکەتی ئاسایشی نێوخۆ» دەچەسپێندرێ.

---

درێژەی:

# ئێران دۆڕاوی شەڕی درێژخایەنی سارد و گەرمە لەگەڵ عەرەبستان

چەشنە هێندە سەخت و نالەبارە، کە هەرتک وڵات سەرەڕای ڕاوێژی توندیان دژی یەک و، هەڵسوکەوتی هاندەرانە، هەوڵیان داوە خۆ لە پێکدادانی ڕاستەوخۆ بپارێزن، بەڵام ئەگەر ڕەوشەکە لە کۆنترۆڵ دەرچێ و شەڕ لە نێوان ئەو دوو وڵاتە هەڵاییسێ، ناوچەکە هەموو تێوەدەگلێ و زیان و خەسارێکی قەرەبووهەڵنەگر بەر ئابووری لایەنەکان دەکەوێ، شیمانەی زۆر کەمە لایەنێک بیەوێ بە سەر لایەنەکەی دیکەی دابدا و ڕەنگە شەڕەکە دوای چەند پێکدادانی ئاسمانی و دەریایی بگا بە شەڕێکی گشتگیر، ئەگەرچی ئێران و عەرەبستان سنووری خاکی هاوبەشیان نییە، بۆیە ئەو شەڕە زیاتر ئاسمانی و دەریایی دەبێ و، ئەگەریش شەڕ درێژە بکێشێ، ئەگەری دەستوەردانی وڵاتانی ناوچەکەش دێتە گۆڕ و هێزە زەمینییەکانی ئێران و عەرەبستان ڕاستەوخۆ لە عێراق پێکدادەدەن، کە لە کۆتاییدا ئاماژەی پێ دەکرێ. ئەگەر شەڕی ئاسمانی ڕوو بدا، ئێران بە هیچ جۆر دەرەقەتی هێزی پۆشتە و پەرداخی ئاسمانی عەرەبستان نایە و هێزە ئاسمانییەکانی عەرەبستان، هێزە دەریایی و بەندەرەکان و بنکە سەربازییەکانی ئێران بۆمباران دەکەن و تەنانەت دامەزراوە بناخەییەکانی ئێرانیش لە بۆمبارانی هێزە ئاسمانییەکانی عەرەبستان بێبەش نابن، هێزی ئاسمانی عەرەبستان خاوەن ١٥٥ «شکاری رهگیر»ە و هێزی ئاسمانی ئێران ١٣٧ «شکاری رهگیر»ی هەیە، بەڵام جیاوازیی توانایی و کواڵیتی «شکاری رهگیر»ەکانی عەرەبستان زۆر زیاتر لە جیاوازیی چەندێتی نێوان دوو هێزەکەیە، فڕۆکەی ئێف٥ و میگ ٢٩ و ئێف١٤ ەکانی ئێران دەیان ساڵ بە سەر تەمەنیاندا تێدەپەڕی، لە پێکدادانی ئاسمانی دەگەڵ فڕۆکە ئێف ١٥ و یوروفایتر تایفۆنەکانی عەرەبستاندا هیچیان بۆ ناکرێ! هێژمۆنی ئاسمانی عەرەبستان، ئەگەر شەڕێک لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا روو بدا، ئامرازێکە بۆ وێران کردنی بنیاتە سەربازی و ئابوورییەکانی ئێران و پەدافەندی دژە ئاسمانی ئێرانیش بەرگری پێویست لە ئاسمانی ئێران بۆ ناکرێ، هێزی ئاسمانی ئێران خاوەن ٢٥٠ فڕۆکەی «شکاری» بۆمبهەڵگرە، کەچی هێزی ئاسمانی عەرەبستان ٣٥٠ فڕۆکەی «شکاری» بۆمبهەڵگری هەیە و لە بواری کواڵیتیشەوە زۆر لە هی ئێران باشترن (زۆربەی ئەو فڕۆکانە دوو کاریان پێدەکرێ، هەم بۆ شەڕی ئاسمانی و هەمیش بۆ بۆمباران ساز کراون). ئێران هەوڵ دەدا بە مووشەک لاوازیی و بێدەسەڵاتی ئاسمانی خۆی قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام سیستمی پێشکەوتوو بەرگری دژە مووشەکی پاتریۆت و تادی عەرەبستان، زۆربەی مووشەکان لە ئاسمان تێکدەشکێنن، هەر چەند ئێران بە هێرشی هاوکاتی مووشەکی زۆر، دەتوانێ سیستمی بەرگری دژە مووشەکی ببڕێ و خەسار و زیان بە دامەزراوە سەربازی و ئابوورییەکانی عەرەبستان بگەیەنێ، بەڵام ئەو زەبرانەش لە درێژخایەندا بە هۆی سنووردداربوونی ڕادەی موشەکەکان، بەڕادەی زەبری هێزە ئاسمانییەکانی عەرەبستان نابێ. هێزی دەریایی ئێران خاوەن ٣٢ ژێردەریایی (عەرەبستان ژێردەریایی نییە) و ٩ (ناوچە) و (رزم ناو) و ١١١ پاپۆڕی گەشتییە و ڕەنگە بە دەیان و سەدان بەلەمی تیژڕۆشی بۆ هێرشی خێرا و تەقاندنەوە هەبێ کە لە بواری چەندێتییەوە لە چاو ١١ (ناوچە و رزم ناو) و ٣٩ پاپۆڕی گەشتیی عەرەبستان، زۆر زیاترە، بەڵام پشتیوانی ئاسمانی هێزی ئاسمانی عەرەبستان لە هێزی دەریایی ئەو وڵاتە، ئەم هێژمۆنییەش لە ئێران دەبڕێ، بەڵام بێ گومان ئێرانیش بە بەلەمە تیژڕۆ و بەکار هێنانی موشەکەکانی وەک موشەکی کەنداوی فارس و دانانەوە مین لە دەریاکاندا، لەمپەڕ لەبەر هاتووچۆی هەر چەشنە پاپۆڕێکی سەربازی و ئی دیکەش دروست دەکا و بە کردەوە کەنداوی فارس و دەریای عومان لە سەر دنیای ئازاد دادەخرێ، لە ئەگەری درێژە کێشانی شەڕدا کە ئەگەری زۆر کەمە، ڕەنگە هێزە زەمینییەکانی ئێران و عەرەبستان لە عێراق پێکدادەن، کە عەرەبستان بە ١٢٠٠ تانک و ٥٧٠٠ «نەفە هەڵگرر لە بەرانبەر هێزی زەمینی ئێراندا بە ١٧٠٠ تانک و ١٥٠٠ نەفەرهەڵگر دەرکەوێ و پشتیوانی نزیکی هێزە ئاسمانییەکانی عەرەبستان تەنگ بە هێزە زەمینییەکانی ئێران هەڵدەچنن. لە ئەگەری درێژەکێشانی شەڕ و داخرانی تەنگەڵانی هورموز و پچڕانی پێوەندیی کەنداوی فارس بە دنیای ئازادەوە، ئێران لە عەرەبستان و وڵاتانی ناوچەکە زیاتر زیانی بەر دەکەوێ، چونکە عەرەبستان دەتوانێ هەر پاپۆڕێک نەوتی ئێرانی پێ بێ لە دەریای عەرەبدا نغرۆی بکا و لە شەڕی درێژخایەندا ئێران لە داهاتە نەوتییەکانی بێبەش دەبێ و پاشەکەوتی گەورە و گرانی «ارزی» عەرەبستان؛ دەستی ئەو وڵاتە دەکاتەوە درێژە بە شەڕ بدا، بەڵام ئێران ڕووبەڕووی کێشەی قووڵی ئابووری دەبێتەوە و تەنانەت مووچەی فەرمانبەر و هێزە چەکدارەکانیشی بۆ نادرێ! تەنانەت دوای شەڕی کورتخایەنیش، عەرەبستان بەو پاشەکەوتە «ارزی»یەی دەتوانێ زیانەکانی شەڕ قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام ئێران بۆی ناکرێتەوە! دیارە ئەگەر وڵاتانی کەنداویش لە شەڕە گریمانەییە بگلێن، هێندەی دیکە تەنگ بە ئێران هەڵدەچنرێ! وڵاتانی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و کوەیت و قەتەر بە گشتی زیاتر لە ٢٥٠ فڕۆکەی (شکاری) بۆمبهەڵگریان هەیە کە لە بواری کواڵیتییەوە لە فڕۆکەکانی ئێران باشترن و ڕەنگە ئەم خاڵە بارودۆخی سەختی ئێران دوای شەڕ لە ئەگەری دەستوەردانی وڵاتانی کەنداو لەو شەڕە گریمانەییەدا باشتر دەربخا. دیارە هەڵاییسانی شەڕێکی ئاوا درێژخایەن لە نێوان ئێران و عەرەبستان زۆر کەمە، بەڵام لە ئەگەرێ هەڵاییسانیدا ئەگەری دەستوەردانی هێزە ڕۆژاواییەکانیش زۆرە، مەبەست لەو وتارە دەرخستنی خاڵە لاوازەکانی ئێرانە لە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی و، ئەگەر بە جێی ئەو ڕێژیمەی ئێستا، حکوومەتێکی دیموکراتیک لە سەر کار بووایە، بەدڵنیاییەوە بەجێی داکۆکی کردن لە بەرژەوەندییەکانی چینی مەزهەبیی ئێران، بیری لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی ئێران دەکردەوە و دەسەڵات و توانایی ئێران لە هەموو بوارەکاندا لە ئێستا زیاتر بوو و شایەدی بێدەسەڵاتی ئێران لە بەرانبەر عەرەبستاندا نەبووین.

## وتوویژی ڕۆژنامەی «کوردستان»

# لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردیو ڕۆژنامەنووسانی کورد، لەگەڵ سێ میدیاکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**«کوردستان»: باسێک هەیە کە دەگوترێت ئێستاشی لە گەڵ بێ هیچکات ڕۆژنامەنووسی ڕەهاو سەربەخۆمان نەبووە؟بەجۆرێک سەرجەم ڕۆژنامەنووسان بە پێڕەوی لە بیرۆکەو ئایدۆلۆژیایەک دەنووسن، ئەم قسە چەندە ڕاستە؟**



**خالید محەممەدزادە: گرفتی ڕۆژهەڵات نەبوونی ڕۆژنامەنووس نیە، بەڵکوو نەبوونی میدیایە**

**خالید محەممەد زادە:** ئەم پرسیارە پەیوەندی بەوە هەیە کە چون دەڕوانینە ڕۆڵی میدیاو چاوەڕوانیەکان لە میدیا، لە ڕاستی لە وڵاتی ئیمە ڕوانینیکی حکوومەتیو حیزبی هەیە بەوەی کە لە دەرەوەی خۆیان دان بە هیچ چالاکیەکی میدیا نەنرێتو ئەوەی لە پشت ئەم خوێندنەیەوە خۆی مەلاس داوە«وەهمی پیلانە« کە گۆمان دەخاتە سەر هەر چالاکیەک کە لە دەرەوەی بازنەی خۆی هەبێت. هەر ئەم ڕوانینەو گرتنە بەری ئەم سیاسەتەش بە قەبزە کردنی کۆی جومکەکانی ژیان لە وڵات وای کردوە کە میدیا وەک ڕۆکنی چوارەمی دیموکراسی نەتوانی شکل بگرێت، بەڵام لە دەرەوەی کۆی ئەمانە کەم نەبون ئەو چالاکیە میدیاییانەو ئەو میدیایانە کە توانیویانە ڕەزامەندی کۆمەڵگا بە دەست بێنن. بەڵام گۆمانی تێدا نیە کە بوونێکی میدیایەکی سەربەخو پێویستی بە ئابووری سەربەخۆ هەیە بەڵام حاشا لە هەموو ئەو هەوڵانە ناکرێت کە لەو بازنە گیراوتە بەر.

**ڕەحیم ئەحمەدی:** گرینگی میدیای ئازاد یان لیبراڵ لەوەدایە کە دەتوانین بە ئەرکی ڕاستقینەی خۆی واتە پەروەدرەکردنی تاک وکۆمەڵگە دانێ و خۆشی بەرگری لە مافی تاک و بەدواچوونی بێ لایەنە بکات. مێژووی سەرهەڵدانی میدیا لەسەر ئاستی دنیا دەگەڕێتەوە بۆ ٤١٠ساڵ بەر لە ئێستا و درگای ڕاگەیاندن دەبێ ماڵی خەڵک بێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و ڕۆژنامەنووسی پیشەیی دەبێ ڕووی لە خەڵک و پشت لە دەسەڵات بێ. لە ڕاستیدا ڕۆژنامەنووس دەبێ ویژدانی بە ئاگای کۆمەڵگا بێ نەک پاشکۆی حیزب و دەسەڵات. ئەگەر مەبەست لە نەبوونی ڕۆژنامەنووسی بێ لایەن وخاوەن ڕۆحی ڕەهای میدیاکاری کورد بێت هاوڕاتم. ڕێژەی میدیاکاری سەربەخۆمان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕنابن و میدیای سەربەخۆمان ئەزموونی زۆر کەمی هەیە، بۆیە دەبێ هەوڵی دەوڵەمەندتر کردنی بدەین، چونکە بە هەبوونی میدیاکاری ئازاد و میدیای لیبراڵ مافی هاووڵاتی پارێزراوتر دەبێت. میدیا لە مێژووی خۆیدا ٦ بیردۆز یان میتودی گۆڕیوە. بەداخەوە کورد خاوەنی هیچ بیردۆزێکی تایبەت بە خۆی نیە و کەڵک لە بیردۆزەکانی دیکە وەردەگرێت . هەر بۆیە کۆمیتەی هەواڵنێرانی بێ سنوور و ئەنجومەنی جیهانیی ڕۆژنامەنووسان لە ساڵی ١٩٢٤ی زاینی کار بۆ ئەوە دەکەن کە ڕۆژنامەنووسان ئازاد بن. لە دەربڕین و هەروەها بتوانن بە بێ کێشە زانیاری وەربگرن.

**«کوردستان»: ١١٧ ساڵ تەمەنی ڕۆژنامەنووسی کوردییە، ئەمە چ کاریگەرییەکی لە سەر ڕووناکبیری کورد هەبووە؟**

**خالید محەممەد زادە:** مێژووی ١١٧ ساڵە، مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییە کە بناغەکەشی لە سەر دەستی تاکو لە دەرەوەی هەوڵە حکوومیو حیزبییەکان دانراوە، ئەمە لە کاتێک دایە کە لە وڵاتانی دەوروبەرمان، بەردی بناغەی ڕۆژنامەنووسیسان دەبەسترێتەوە بە هەوڵەکانی حکوومەتو حیزب لەو وڵاتانە، بەڵام لە کوردستان هەوڵێکی تاکەکسیە. ئەم مێژوویەش کاریگەری خۆی هەبووە بەڵام ڕەنگە هەمان کاریگەری وڵاتانی دراوسێی نەبووبیو لە باشترین حاڵەت دا ڕۆژنامەنووسیی کوردی تریبونی بزووتنەوەی سیاسی کورد بووە، بەڵام لە ئێستادا بناغەیەکی مێژوویی حاشاهەڵنەگرە بۆ هەوڵی ئەم بوارە. بێگۆمان لە ئێستا ڕۆژنامەنوسیی کوردی کاریگەری باشتری بە نیسبەت سەدەی پێشوو هەیە، ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ دۆخی سیاسی ئێستای کوردستانو ئەو گۆڕانکارییانەی پرسی کورد لە ناوچەکە بە خووە بینیوە.

**«کوردستان»: لەوبەشە لە کوردستان واتە ڕۆژهەڵات کە نەدەسەڵاتێکی سیاسیی کوردی لەسەرکارە و نە دەوڵەتێکی دیموکراتیک، لەو بێدەرەتانی سیاسی و فەرهەنگیەدا ڕۆژنامەنووسان چەندە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگە بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردستان؟**

**ڕەحیم ئەحمەدی:** هەمیشە تاکەکان دەتوانن میدیا بە ئاراستەیەکی جواندا بەرن. لە ئێرانی ئێستادا لە جیاتی هەبوونی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئیدارەی ئێرشادی ئیسلامیان داناوە بۆ بەرتەسک کردنی ئازادی ڕادەربڕین. سدندیکا ڕۆژنامەوانییەکان لە ساڵی ١٧٠١ی زایینی لە فەرانسە سەریان هەڵداوە و دوو ئەرکیی سەرەکییان لە ئەستۆیە؛١-پەروەردەکردنی ڕۆژنامەنووسان ٢- بەرگریی کردن لە ماف وئازادییەکانیان لە کاتی پێویستدا، ئەوەش بڵێم جێگەی ڕۆژنامەنووسان زیندان نیە، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕیزی خەراپترین وڵاتانی جیهان دایە بۆ پێشلکردنی مافی ڕۆژنامەنووسان.

**خالید محەممەد زادە:** ڕۆژنامەنووسیی ڕۆژهەڵات لە ژێر کاریگەری دۆخی سیاسی ئەم هەرێمە بووە، لەو فەزا نیمچە کراوەو خۆماڵییانەی کە دەکرێتەوە شاهید سەرهەڵدانی کاری ڕۆژنامەنووسی دەبین، هەر لە سەردەمەی ڕاپەڕینەکەی سمکۆی شکاک تا کۆماری کوردستانو لەوێشەوە بۆ شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ئێرانو دواتر دەیەی ٧٠ی هەتاویو درێژەدانی ئەم ڕەوتە لە دەرەوەی وڵاتو لە نێو خۆی وڵات، ئەو دەرەتانەن کە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی پێک دێن. بەڵام حاشا لەوە ناکرێت بە پێی دەرەتانەکە میدیا ناتوانێ هەمان کاریگەری بە سەر دۆخەکەوە هەبێ، چون خوی لە دۆخێکی ناجیگر چاپو بڵاو دەبیتەوە، لە ڕاستی دا لە هەندێک قوناغی تایبەتی نەبێت، میدیای ڕۆژهەڵات ناتوانێ ئەوکاریگەرییە گشتییە جێ بێڵی کە چاوەڕوانی لێی دەکرێ. بەڵام لە هەمان کات دا تەسلیمی دۆخە سیاسییەکەش نابێ.

**«کوردستان»: لەخەسارناسی ١١٧ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، دەگوترێت هێشتاکە نە ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆمان هەیە (ناحیزبی) نە زمانی یەکگرتوو؟ بەرێزت ئەم دوو گرفتە چۆن دەبینیت و هۆکارەکانی لەچیدایە؟**

**خالیدمحەممەد زادە:** لە ئێستا چالاکی ڕۆژنامەوانی ئازاد یا هەمان میدیای ئەهلیو هاوڵاتی پەیامنێر دەبینریت، لە ڕاستیدا بە هوی فەزای مەجازیو تورە کۆمەلایەتییەکان دەرگای باش کراوەتەوە بۆ ئەوەی لە تەنیشت ڕۆژنامەنووسی حیزبیو حکوومەتی دەرەتان بۆ کاری میدیای ئازاد بکرێتەوە، ئەم بەشە لە کارکردی میدیا ئەگەرچی پرشو بڵاوەو زۆر جار لە سەر توانا شەخسییەکان هەڵدەسوڕێت بەڵام لە ئێستا بوونی هەیە بە لە بەرچاوگرتنی کەموکورییەکانی. من لە گەڵ ئەوە نیم کە دەڵێت کە جگە لە ڕۆژنامەنووسیی حیزبیو حکوومەتی لە ڕۆژهەڵات چالاکی میدیاییتر نابنیرێت، ڕاست بەپێچەوانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە کردنەوەی کۆمەڵێک هەفتەنامە، سایتو بڵاوکراوەی سەر بە کەرتی کۆمەڵگای مەدەنی فۆرمێک لە چالاکی میدیایی سەری هەڵداوە کە نە حکوومەتیەو نە حیزبیە. ئەویش میدیای ئازادە. ئەم میدیایە تەنانەت کاریگەری بە سەر حیزبەکانەوە هەیە و زۆرجار حیزبی هێناوەتە وڵامدانەوەو ڕوونکردنەوەو کاردانەوە . لە بەستێنی کۆمەڵگای مەدەنی نەوەیەکی نوێی ڕۆژنامەنوسیی شکڵیان گرت، ئەگەرچی بەستێنەکانی میدیایەکی کاریگەریان وەک باری ماڵیو ئیمکانات لە بەر دەست دا نەبوو، بەڵام قوتابخانەیەک بوون بۆ پەروەردەکردنی دەیان ڕۆژنامەنووس. گرفتی ڕۆژهەڵات نەبوونی ڕۆژنامەنووس نیە، بەڵکوو نەبوونی میدیایە، ئەمە ڕاست بە پێچەوانەی باشووری کوردستان میدیا هەیە بەڵام ڕۆژنامەنووس نیە بۆیە ناکرێت چالاکی ئەم بەستێنە بە هەند وەرنەگرین. سەبارەت بە زمانی کوردی بێگۆمان لە پاڵ چالاکییە ئەدەبییەکانو هەوڵی نووسەرانو شاعیران بۆ پاراستنی ئەم زمانە میدیاش ڕۆڵی خۆی هەبوو، دەکرێت دۆخی میدیا لەم بەستێنە جێگەی ڕەخنە بێ بەڵام حاشا لەوە ناکرێت کە لە نەبوونی سیستمو دامەزراوەی بەرپرس بۆ پاراستنی زمان، ڕۆژنامەنووسان ئەم زمانەشیان پاراستووە، تەنانەت لەو ساڵانەش هەوڵی زۆر لە بواری ڕۆژنامەنووسی دراوە بۆ پاراستنو نووسین بە زاراوە کوردییەکانیش، ئەگەرچی بە پلەی یەکەم ئەرکی ڕۆژنامەنووس پاراستنی زمان نیە، بەڵکوو پیدانی زانیارییە بە هاوڵاتی.



**ڕەحیم ئەحمەدی: ڕۆژنامەنووسی پیشەیی دەبێ ڕووی لە خەڵک و پشت لە دەسەڵات بێ**

**ڕەحیم ئەحمەدی:** ڕاستە ١١٧ساڵ بەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا تێپەردەبێت بەڵام بەداخەوە نەزمانی یەکگرتوومان هەیە نە میدیای سەربەخۆ، بەشێوەیەکی بەرچاو زمانی یەکگرتوو بە سێ ڕەهەند دروست دەبێ، «پەروەردە، ڕاگەیاندن، سیستەمی برۆکراسی» بەڵام میدیای سەربەخۆ بە شێوازێکی جوان دەتوانێت بە دوا چون بۆ زۆر پرس و بابەت بکات لە سیستەمی دیکتاتۆری ئەوان بە هێڵی سوور دەزانن و ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ میدیای سەربەخۆ بەرهەم دێنێت.

**کوردستان: گرینگی ڕۆژنامە و پیشەی ڕۆژنامەوانی لە چیدایە کە مێژوویکی جەنجاڵیان هەیەوهیچکات دۆخێکی لەبارو شیاویان بۆ نەرەخساوە؟**

**س.ر.هاوار:** دیارە ڕۆژنامەو پێشەی ڕۆژنامەگەری زۆر زیاتر لەوەیکە بیری لێبکەینەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا و تاکی ناو کۆمەڵگا دەبێت و ئەو کاریگەرییە بە شێوەی بەرفراوانتر دەچێتە دەرەوەی وڵاتی دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە، بە شێوەیەک کە ئاڵوگۆری دەسەڵات و کاریگەری ڕۆژنامە لەسەر بەرێوەبەرانی دەسەڵاتی وڵاتان ئەوە دەسەلمێنێ. بۆ نموونە کاتێک دەڕوانینە شوورەوی، سەرەکیترین هۆی لەناو چون و شکستی ئەو دەسەڵاتە پەروەردە نەکردنی ڕۆژنامەگەری پسپۆڕ و شارەزا و نەبوونی ڕۆژنامەیەکی بەهێز بوو. لە وڵاتانی دیموکراتیک و خاوەن دێموکراسی کاری ڕۆژنامەگەری بێ هیچ بەربەستێک (ئەگەر هەشبێ زۆر کەم) دەچێتە پێش و ڕۆژنامە کاریگەری زۆر باش و کاردانەوەی یەکجار زۆریشی لەناو کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی دەبێت بەڵام لە وڵاتانی ئێستیبدادی و دیکتاتۆری لەبەر ئەو کاریگەرییەی ڕۆژنامە هەیەتی هەموو کات هەولی لەناو چوون و داخرانیان دراوە. بۆ نموونە لە ئێران لەدوای شۆرشی گەلانی ئێران و هاتنەسەر کاری ئەم حکوومەتە بە دەیان ڕۆژنامەو گوڤار لە لایەن حکوومەتەوە داخراون و بە سەدان ڕۆژنامەوانیش کێشەی ئەمنییان بۆ هاتۆتە پێش و زیندانی و بەندکراون. کاتێک ڕۆژنامەیەک دەیهەوێ لەو وڵاتە ئیستیبدادیانە دەرچێ یان دەبێ بە خواستی وان بڕواتە پێش و یان ئەو وتار و هەواڵانەی بڵاویان دەکاتەوە نابێ پەیوەندی بە دەسەڵات و ڕەخنە گرتن لەو دەسەڵاتە بێ. ڕۆژنامەوان لەو وڵاتانە هەموو کات لەژێر گوشاری ئەمنی و زوومی لایەنی حکوومیە. هەر بۆیە کاتێک دەڕوانینە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە کەمی ڕۆژنامەو گوڤاری کوردی دەبینین و ئەوەی کە دەریش دەچێت کەمتر مژاری سیاسی هەڵدەبژێرێت و زیاتر فەرهەنگی ئەدەبی کۆمەڵایەتییە.

**«کوردستان»باسێک هەیە کە دەگوترێت: ئێستاشی لە گەڵ بێ هیچکات ڕۆژنامەنووسی ڕەهاو سەربەخۆمان نەبووە؟بەجۆرێک سەرجەم ڕۆژنامەنووسان بە پێڕەوی لە بیرۆکەو ئایدۆلۆژیایەک دەنووسن، ئەم قسە چەندە ڕاستە؟**

**س.ر.هاوار:** ئێمە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کورددا بە دەیان ڕۆژنامەی سەربەخۆ وەکوو ڕۆژنامەی «کوردستان، تێگەیشتنی ڕاستی، ڕۆژی کوردستان، بانگی کوردستان، ژیانەوە، زبان، ژین، کۆری زانیاری کورد، زانیاری، ڕوناهی، ڕزگاری «و هتد ...مان هەبووە کە دوور لە هیچ ئایدیۆلۆژیایەک تەنیا بۆ خزمەت بە کولتور و فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کوردی کاریان کردووەو لەگەڵ ئەوەش هەستی نەتەوایەتیان لەناو تاکی کوردا بزواندۆتەوە. بەڵام ئێستا زۆر بە کەمی دەبینرێت کە ڕۆژنامە یان ڕۆژنامەوانێک سەربەخۆ کار بکات و لایەنێک یان حیزبێک بەڕیوەی نەبات. ئەوەش ڕاستە کە بە پێڕەوی لە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت دەنووسن! هەڵبەت پێڕەوی کردن لە جەریان و ئیدیۆلۆژێکی تایبەت مافی هەموو کەسە بەڵام کاتێک ڕۆژنامەنووس دەیهەوێ لەناو کاری خۆیدا وەکوو کەسێکی پرۆفێشناڵ بناسرێ و کار بکات بێ گومان دەبێ سەربەخۆ بێت و بێ لایەنە قەڵەم هەڵگرێ.

**«کوردستان»: لەوبەشە لە کوردستان واتە ڕۆژهەڵات کە نە دەسەڵاتێکی سیاسیی کوردی لەسەرکارەو نە دەوڵەتێکی دیموکراتیک، لەو بێ دەرەتانی سیاسی وفەرهەنگیەدا ڕۆژنامەنووسان چەندە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگە بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردستان؟**



س.ر. هاوار _ نێوخۆی وڵات

**س.ر.هاوار:** بەرای من کۆمەڵگای کوردی لە ڕۆژهەڵات پتر لەژێر کاریگەری تیڤی کوردی دەرەوە بووە تاکوو لەژێر کاریگەری ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووس دابێ،

**س.ر.هاوار: بێگومان ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵاتی ئێران بەهۆی دەست ئاوەڵە بوون لە نووسین و دەربرینی بیرو رای خۆی زۆر باشتر و چڕتر کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگای ناوخۆی ڕۆژهەڵات هەبووە**

هەڵبەت ئەویش کاریگەری خۆی هەبووە بەڵام بەداخەوە لەو بەشەی کوردستان بەهۆی کەم سەوادی و ئاستی زانیاری خەڵک لەسەر ڕۆژنامەو گوڤار و بڵاڤۆکەکان ئەو جۆرەی کە دەبا پێشوازی لێنەکراوەو کاتێکیش پێشوازی نەکرێت کاریگەری ئەوتۆی نابێ. دیارە دەسەڵاتی سیاسی ئێرانێش هەموو کات بە هەموو جۆرێک بەربەستی بۆ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسە کوردەکان ساز کردووە و ڕۆژنامەگەری لەو بەشەی کوردستان زۆر ئەستەم بووە و زۆر بە کەمی مۆڵەتی دەرچوونی گوڤار و ڕۆژنامەی کوردی دراوە. بەڵام بێ گومان ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵاتی ئێران بەهۆی دەست ئاوەڵە بوون لە نووسین و دەربرینی بیرو رای خۆی زۆر باشتر و چڕتر کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگای ناوخۆی ڕۆژهەڵات هەبووە. ئێستاش نەک لە کوردستان بەڵکوو لە زۆر وڵاتی تر دونیای مەجازی بەسەر دونیای چاپەمەنی و بڵاڤۆکەکاندا زاڵ بووەو و تاکی کۆمەڵگاش زیاتر پێشوازی لەو دەکات.

**«کوردستان» لەخەسارناسی ١١٧ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی، دەگوترێت:کە هێشتاکە نە ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆمان هەیە(ناحیزبی) نە زمانی یەکگرتوو؟بەرێزت ئەم دوو گرفتە چۆن دەبینیت؟هۆکارەکانی لەچیدایە؟**

**س.ر.هاوار:** ناتوانین بڵێن نیمانە! هەمانە بەڵام زۆر کەم! لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکانی سیاسەتی ئەو دەزگا هەواڵنێر و ڕۆژنامانە بێت. ئێستا زۆربەی ڕۆژنامەکانی کوردی یان زمانحاڵی حیزب و لایەنێکن یان لایەنگرانە و بە نەفعی حیزبیکی تایبەت دەنووسن. کاتێک ڕۆژنامە و تیڤی حیزبی بوو بێ گومان ڕۆژنامەنووسی حیزبیش پەروەردە دەکات. یەکێکی دی لە هۆکارەکانی کەم بوونی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ ئابووریە. ڕۆژنامەگەری پێشەیەکی پڕخەرج و بێ دەرامەدە. کەوایە کاتێک نیازی ماڵی هاتە ئاراوە یان ناچار بە داخران دەبێت یان دەبێ پێڕەوی لە حیزب و لایەنێک بکات. زمانی یەکگرتووش بەرای من دەوڵەتی یەکگرتووی پێویستە.

کوردستان

ئەدەب و هونەر

ژمارە: ٦٥٥

١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٤

٦ی مای ٢٠١٥

# رامانێک بەسەر رۆژی جیهانی هەڵپەرکێ (دانس)



عەلی لەیلاخ

هەڵپەرکێ وەکوو یەکێک لە حەوتەوانەی هونەرلە نێو گەلانی جیهان و دنیای هونەر جێگەوپێگەی تایبەتی هەیە،بەشی زۆری ئەم گرینگیە دەگەرێتەوە بۆ تێکڵاوبوونی ئەم هونەرە لەگەڵ رەوت و مێژووی مرۆڤ و بەشێکی دیکەشی لە جوانی و شەنگی ئەم هونەرەدایە.کە دەتوانین بڵێن: گرێدراوە بە کەلتوور و فەرهەنگی گەلانی جیهانەوە. ئاستی بەرزی و جوانی ئەم هونەرە مێژووییە تاڕادەیەک بۆتە بەشێک لە پێناسەو شوناسی نەتەوەکان و هەموو ساڵێک لە دەیان فستیڤاڵی جۆربەجۆر گرووپە هونەرییەکان بە بەشداری بەرچاو و چالاکانەی خۆیان و نواندنی «هەڵپەرکێ»و دانسی تایبەت بە نەتەوەکەیان، هەوڵ دەدەن کەونارایی و جوانی هونەری میللی خۆیان بە گەلانی دیکە بناسێنن. ئەگەرچی هەڵپەرکێ وەکوو زمان،کولتووور وشێوە هەڵسوکەت کردن بە پێی جواغرفیای وڵاتەکان لە گەڵ یەک جیاوازییان هەیە، بەڵام دەتوانین، «بزم» و «رەزم» و شایی و یەکیەتیی مرۆڤەکان بە خاڵی هاوبەشی سەرجەم هەڵپەرکێیەکان دابنین. کاریگەریی ئەم هونەرە بەسەر تاک وکۆمەڵ بەچەشنێکە کە بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت هەر دوو لایەن واتە چ «هەڵپەرکێکەر و چ سەیەرکەر» هەستێکی خۆشی دەروونی دایاندەگرێت و دەیانباتە دنیای ئارامی و ئەهوەنی.

لە زۆربەی هەڵپەرکێیەکانی گەلانی جیهان ئێمە شاهیدی دەست لەیەک ئاڵاندن و پێکەو بوونێکی سەمیمانەوە مانادارین،کە بۆ خۆی نمادێکە لەوەی کە مرۆڤەکان بۆ درێژەدان بە ژیان و بۆ بەختەوەری و بەربەرەکانی کردن لەگەڵ تاڵی و تەنگەژەکانی ژیان نیازیان بە پێکەوە ژیانە. بە قسەی نیچە: تاک بوون، سەرچاوەی ئازارە و پێکەوەبوون و یەکیەتیی مرۆڤ بنەمای رەهایی و بەختەوەرییە.

بە پێی زانستی ئستوورە ناسیMythology ؛ سەرجەم حەرەکات و نواندنی جەستەی ئینسانەکان لە کاتی هەڵپەرکێ دا هەڵگری باری مانایی مێژوویی و ئوستوورەییە بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ لاسایی کردنەوەی مرۆڤ لە سرۆشت کە بەرەبەرە بە پێی بارودۆخی مرۆڤەکان چ لەکاتی «نزا» و نیایش و چ لە کاتی بەزم و شایی یان لەکاتی شێنگێڕی و سەرەخۆشی رەنگ و ریتمی تایبەتی بە خۆی گرتووە دەتوانیین بیژین: هەڵپەرکێیەکان لە چوار دەستە دابەش دەبن.

_ رەزم، بەزم، نزا «نیایش» و شینگێڕی

ئەم چوارەش لە گەڵ ئینسان وکۆمەڵگاکەی هەبووەو هەیەو دەبێت.کەواتە هەتا مرۆڤ هەبێت «هەڵپەرکێ» جیا لە هونەر وەکوو کەلتوورێک هەر دەبێ.

گەلی کوردیش لەم کەلتوور و هونەرە بەشی شێری بەرکەوتووە ئەویش دەگەرێتەوە بۆ کەونارایی گەلی کورد و جوغرافیای بەرینی کوردستان، کە شوێنی سەرهەڵدانی یەکەمین شارستانیەتەکانی مێژووە.

لە دنیای ئەمرۆ کە باس لە فەرهەنگ و رەسەنایەتی گەلان دەکرێت بێگومان دوای زمان و مۆسیقی «هەڵپەرکێی کوردی، نوێنەرایەتی زیندوویی ئەم گەلە چەوساوە دەکات کە زۆر لایەنەوە بۆ کەتمان کردن و سرێنەوەی دەرێت بەتایبەت ئەو دوو بەشەی لە کوردستان کە لە بن دەستی شۆڤنیستی تورک وفارس دا پەراوێز خراوە. بەڵام هونەر بەگشتی و بەتایبەتی هونەری «دانس»ی هەر گەلێک هەڵقوڵاوی مێژووی ئەوگەلەیە رۆژبەدوای رۆژ ئەم کلتوورە رەسەنە کە ئەمرۆکە پاڵی داوەتەوە بە هۆنەری نواندن و شانۆی کوردییەوە لە گەشەدایەو بۆتە نوێنگەی ناساندنی فەرهەنگ وکەلەپووری کورد لە دنیا.

بەسەرنجدانێکی خێرایی بەسەر شێوە و جۆری هەڵپەرکێی کوردییەکان بە هێندێک جیاوازییەوە کە ئەویش نیشان لە بەربڵاویی وفرەچەشنی گەلی کوردە، بۆمان دەردەکەوێت کە «نەزم» و جۆرەکانی هەڵپەرکێ لە تەواوی کوردستان بەجۆریک هاوبەش و یەکسانە.



ریتم و نەزمی هەڵپەرکێی کوردی وەک ئاماژەمان پێ دا، هەڵگری مانای تایبەت و نمادێکی مێژووییە بۆ نموونە

-دەستگرتن، نمادێک لە هاوشانی و پاڵپشتیە.

-پاخشاندن وزرمە لێدان لە زەوی؛ نمادی دیاریکردنی قەڵمەرەو و هەژاندنی خاکە و زۆر نمادی دیکە کە کۆی ئەم نمادگەلە باس لە رەچەڵکی پیرۆزو دێرینی ئەم هونەرە دەکات،کە ئێستاشی



-رەشبەڵەک یان گەنم وجۆ یان دەسگرتنی ژن و پیاو، نیشانەی یەکسانیی و بەشداری ژنان لە بۆنەکان دایە.

-چۆپی؛ بە مانای هەڵگرتنی ئاڵاو رزگاری

-بازنەیی؛ هەڵپەرین کە دەگەرێتەوە بۆ ئایینی میترا پەرەستی و نیشان لەوەیە کە بازنە پیرۆترین و ساکارترین شێوەی هیندسیە کە مرۆڤ لێ تێگەیشتووە.

لە گەڵ بێ لە هەموو جیهان وەکوو هونەر و ناسنامەیەکی نەتەوەیی شوێنەوارێکی مێژوویی چاوی لێدەکریت. بۆیە لەساڵی ١٩٨٢زاییینی لەلایەن کومیتەی «دانس»ی ئەنستیتۆی شانۆی یۆنسکۆ ٩ی بانەمەڕ رۆژی لە دایکبوونی (ژان ژاک نوور) داهێنەری هەڵپەرکێ «بالە»ی مودێرن بە رۆژی جیهانیی هەڵپەرکێ ناوزەد دەکرێت. هەمووساڵێک لەم رۆژەدا کەسایەتیەکی بەناوبانگ بەم بۆنەوە پەیامێک دەنێریت کە پەیامی ئەم ساڵ لە لایەن پادشای کامبۆج (نوردوم سیهامونی)پێشکەش کرا کە بۆ خۆی ساڵانێک مامۆستای بالە»بۆوە. لە پەیامەکەی دا دەڵێ: هەڵپەرکێ رۆح وهزر دەگەێنێتە لووتکەو رێگایەکە بۆ رزگاری و هەڵفرینی گیان لە جەستە.

جێگای خۆیەتی کە ئێمەش لەم بۆنەدا دەست خۆشی و ماندوونەبوونی ئەوکەسانە بکەین کە بۆ گەشە و زیندوو هێشتنەوەی ئەم هونەرە بەنرخە بەشێوەی جیدیی و زانستی سەرەڕای هەموو گیروگرفتەکان هەوڵیان داوە بەتایبەتی هونەرمەندی شانۆکار دوکتور قوتبەدینی سادقی کە چەند ساڵێکە گیانێکی هونەریتر و ئەمرۆیی تری بەخشیوە بە «هەڵپەرکێی» کوردیی و لە دەیان فستیڤاڵی جیهانی بەشداری کردووە.

**سەرچاوەکان:**
**ماڵپەڕی دویچەولە،**
**ماڵپەری کورد پرس**

## «من کرێکارم»

لە ئەشکەوتا ئاگرم کردەوە
گۆشتم برژاند بۆ سەرۆکی عەشیرە
خۆم برسیم بوو
کەشتیم ساز کرد بۆ نووح
برسیم بوو
بەشی حەوت ساڵ دروێنەم کرد بۆ یوسف
برسیم بوو
بە مشتم رووباری «نیل» م هەڵگۆزی
بۆ پەڕینەوەی مووسا
برسیم بوو
باخەوانیم کرد بۆ ئەفلاتوون
برسیم بوو
لەشی رزیووی مەسیحم لە خاچ داگرت
برسیم بوو
دیواری چین لە لەشی منە
برسیم بوو
نیوەشەو مەیتەری ئەسپەکەی کوورش بووم
برسیم بوو
لە نێو بەردی گرانیتا
گۆڕم هەڵکەند بۆ شا و فیرعەون و ئیمپراتۆرەکان
برسیم بوو
لە ماڵی گالیلۆ کارم کرد
برسیم بوو
خانووم بۆ هێگل و نیچە و ڤۆڵتێر سازکرد
برسیم بوو
چەند جارێ ماڵە کۆنەکەی مارکسم گڵەبان کرد
هەر برسیم بوو!
قەتار و ماشێن و فڕۆکەم دروستکرد
برسیم بوو
هەزاران پایتەختی گەورە و بینای بەرزو
ئوتووبانی درێژم سازکرد
برسیم بوو
کۆمپیوتەرم دروستکرد
هەر برسیمە!
سبەی لە بەهەشت
دەبێ شیر و هەنگوێن بکەمە نێو جۆگەلەکان
بەرهەیوانی کۆشکە پڕ لە حۆرییەکان گسک بدەم
رەنگە هەر برسیم بێ!
لە دۆزەخیش
دەبێ ئاگر خۆشکەم بۆ سزادانی گوناحبارەکان
گۆشت ببرژێنم بۆ ئەژدیهاکان
رەنگە هەر برسیم بێ!

**ئیبراهیم ئەحمەدی نیا**

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:655 may 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی

# چ دەبێ لەوانەوە فێربین!



کوێستان فتوحی

فەرخوندە کچێکی تەمەن ٢٧ ساڵە کە دژی دوعانووسی و خورافات بوو، لە ١٩ی مارسی ٢٠١٥ لە لایەن کۆمەڵێک مرۆڤی بێبەری لە هەستی ئینسانی بە تۆمەتی سووتاندنی قورئان لە ئەفغانستان کوشتیان و دواتر بەوەش نەوەستان تەرمەکەیان ئاگر تێبەرداو بەمەش هێندەی دیکە کێمو رقی ناو ناخیان هەڵرشت.

رۆژێک دوای ئەم رووداوە ترسناکە، سەرکۆماری ئەفغانستان کومیتەیەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە مەرگی ئەم کچە گەنجە پێک هێنا. ژنانی ئەفغانستان بە نارەزایەتی لەم کردەوە ترسناکەی ئەو پیاوانەی گیانیان لە فەرخوندە سەند، نەیانهێشت تاقە یەک پیاویش بچێتە ژێر دارەمەیتەکەی و بۆخۆیان نایانەسەر شانی خۆیان و بۆ ناشتنی بەرەو گۆرستان بردیان.

چەند رۆژ دواتر بە هەزاران کەس لە خەڵکی ئەفغانستان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات خۆپیشاندانیان کرد و خوازیاری دادپەروەری بوون لە پەروەندەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ئەم کچە لاوەدا.

چەند رۆژ دواتر پەروەندەکەی رەوانەی دادگا کرا. رێژەی تاوانبارنی ئەو قەتڵە و دەستبەسەرکرانیان رۆژ لەگەڵ رۆژ زیادی دەکرد و گەیشتە ٥٠ کەس. ٤٠ رۆژ دوای کوژرانی فەرخوندە، لە رێورەسمی چلەی دا بە هەزاران کەس بە وێنەی فەرخوندەوە بەشدار بوون و کۆمەڵێک کەس سەحنەی کوژرانی فەرخوندەیان بە (شانۆ) دروست کردەوە. بەڵام بەپێچەوانەی رۆژی کوژرانەکەی، کە هەموو ئەوانەی سەیری رووداوەکەیان دەکرد یان دەسخۆشیان بە قاتڵەکان دەگوت یان بێهەڵوێست بوون، ئەمجارەیان ئەوەی لەوێ بوون و سەیری ئەم رووداوە (شانۆییە)یان دەکرد، فرمێسکیان لەچاو دەهاتەخوار و نفرەتیان دەنارد بۆ ئەو جینایەتکارانەی ئەم رووداوەیان خوڵقاند.

٤٤ رۆژ دوای رووداوەکە، دادگای ئەفغانستان دادگایی کردنی ٥٠ کەسی بە شێوەی ئاشکارا بەرێوەبرد و دەوڵەت لە تلەویزیونە نێوخۆییەکانی ئەفغانستانەوە ئەم دادگایی کردنەی بڵاو دەکردوە.

دوای ئەوەش دەوڵەت لە رێگای جۆراوجۆرەوە کەوتەخۆ بۆ شناسایی تاوانبارانی دیکەی ئەم رووداوەو خەڵاتی دیاری کرد بۆ ئەو کەسانەی کە تاوانبارەکانی دیکە بە دەوڵەت دەناسێنن.

هەر لەو پێوەندییەدا سێ کاربەدەستی دەوڵەتی کە لە فەیسبووکدا بە موافقەت لەگەڵ قەتڵەکە قسەیان کردبوو، لە سەر کارەکەیان دەرکران. مەلایەکی ناسراو کە رۆژەکانی پێشوو تەئیدی قەتڵی فەرخوندە کردبوو، بە رەسمی داوای لێبوردنی کرد. دەوڵەت کەوتە خۆ بۆ داخستنی شوێنی دۆعانووسان و ئەو کارە خورافییەی قەدەغە راگەیاند. لەوەش گرنگتر دەرگای ئەو مزگەوتەی لە شوێنی کوشتنەکەی فەرخوندە هەڵکەوتبوو، داخست. ناوی ئەو ئەفسەر و سەرباز و پۆلیسانەی کە شاهیدی رووداوەکە بوون و هیچ هەڵوێستێکیان نەگرت بۆ پێشگیری لە کوشتنی ئەو ئینسانە، دران بە دادستانی وڵات.

لەو ماوەدا چەند بنەماڵەیەک کە منداڵیان بووە و منداڵەکەیان کچ بووە، ناوی کچەکەیانناوە فەرخوندە!

هەموو ئەم مەسەلانە لە وڵاتێکی وەک ئەفغانستان کە هەمیشە وێنایەکی ناخۆشی لە هەموو بارێکەوە بە لای زۆربەمانەوە هەبووە، زۆر سەیر و لەلایەکی دیکەشەوە جێی دڵخۆشی بوون.

رووداوی کوشتنی فەرخوندە گۆڕانێکی لە بیر و زەینی زۆرانماندا بە نیسبەت کۆمەڵگەی ئەفغانستانەوە دروست کرد. ئەوەی بە نیسبەتی کوژرانی کچێک لە ئەفغانستان کرا، تا ئێستا هەرگیز لە مێژووی ئێراندا کە هەمیشە پێمان وابووە سەد قات لە هەموو بارێکەوە خەڵکەکەی پێشکەوتووتر لە خەڵکی ئەفغانستانن، بۆ ئەو جۆرە رووداو و کارەساتانە رووی نەداوە!

لە حاڵێک دا کوشتن لەسەر بیرورای جیاواز لە سیستمی کۆماری ئیسلامی دا هەر بووە و ئەوەی لە ئەفغانستان کۆمەڵە خەڵکێکی نەفام و نەزان لە دژی کچێکی جیابیر کردیان کردیان، لە ئێران رێژیمەکەی ٣٦ ساڵە ئەم کارە لەگەڵ خەڵکی جیابیر دەکا.

جگە لەوەش زۆر چیرۆکی تاڵمان لە نێو کۆمەڵگەی خۆمان بیستوە و دیتوە، تازەترین رووداو (خۆکوژیی کچێکی مهابادی لەترسی دەستدرێژی پیاوێک)! کە گۆیا ئەو پیاوە هۆتێلدار بووە لە مەهاباد و ئەو کچەش لەو هوتێلە کاری کردوە، بەڵام کۆمەڵگەی کوردستان بەم رووداوانە داناچڵێ، هەڵوێست ناگرێ. ژنان ئەوندەی خەریکی عەملی جوانکاری و مۆد و مۆدیلاتن، نیو ئەوندە بیر لەو کارەساتانە ناکەنەوە کە چ بەسەر هاورەگەزەکانیان دێ! هەرچەند جارێ زووە بۆ بڕیار دان لەسەر بێهەڵوێستی خەڵک، بەڵام خۆزگە ئەم رووداوەی مەهاباد کۆتایی هەموو بێهەڵوێستییەکانی خەڵک بێ لە ئاست ئەو بەڵایانەی بەسەر مرۆڤەکانی ئەم وڵاتەمان دێ.

هەم لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر بیروڕای جیاواز رۆژانە خەڵک ئێعدام دەکرێ، هەم لەلایەن زۆر پیاوەوە بۆ دامرکاندنەوەی هەستە گڵاوەکانیان لە هیچ کردەوەیەکی نائینسانی خۆنابوێرن. رۆژێ هەر ژنە دەبێتە قوربانی توندوتیژی بەڵام خەڵک نەک هەڵوێست ناگرن بەڵکوو پاساویش بۆ موسەببەبینی ئەو رووداوانە دێننەوە.

وێڕای بەداخبوونم لەم رووداوە نوێیە، هیوادارم خەڵکی کوردستان بۆ ئەو جۆرە رووداوانە، هەڵوێست لە خەڵکی ئەفغانستانەوە فێر بن بە تایبەتی لە ژنانی ئەفغانستانەوە. بەسە بەرێژەی هەموو دنیامان چالاکی مەدەنی و سیاسی و فێمێنیستی هەیە!

## گۆڤاری «سروە» لە گێلانی ڕۆژاوا مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی پێدرا

پاش تێپەڕبوونی ٥ ساڵ لە ڕاگرتنی گۆڤاری کوردی فارسیی «سروە»لە ناوچەکانی کوردستان، ئیزنی بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤارە لە شاری گێلانی ڕۆژاوا بە چالاکانی فەرهەنگیی ئەو شارە نەدرا.

بەپێی ڕاپۆرتی ماف نیوز، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی بە هاوکاریی کۆمەڵێک لە نووسەرانو شاعیرانی کەلهور لە شاری گێلانی ڕۆژاوا لە پارێزگای کرماشان، بەدوای وەرگرتنی مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکی سروە دابوون کە پێشتر لە لایەن ناوەندی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی لە دوو شاری سنەو ورمێ چاپ دەکرا، بەڵام لە لایەن ئیدارەی فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامیی پارێزگای کرماشان دژایەتیی ئەو داوایە کرا.




ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی کرماشان ڕایگەیاندووە، تەنیا لە کاتێکدا دەتوانن گۆڤاری سروە لەم شارەدا چاپ بکەن کە هەر بە زمانی فارسی بێ و جگە لەوە هەر لە چوارچێوەی پارێزگای کرماشاندا بڵاو بێتەوەو بۆ شوێنی دیکە نەچێ.

سروە، گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی بووە کە بە دوو زمانی کوردی و فارسی لە لایەن ناوەندی بڵاو کردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیی سەلاحەددین ئەیوبی سەرەتا لە ورمێ و پاشان لە سنە چاپ دەکرا. نووسەرانی کورد، گۆڤاری سروە بە یادگارییەک لە شاعێری بەناوبانگی کورد "مامۆستا هێمنی موکریانی" دەزانن کە لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ژمارەی ٥، سەرنووسەری ئەم گۆڤارە بووە.

## بەرێوەچوونی کۆنسێرتی مۆسیقای بیژەن کامکار لە مەهاباد



بیژن کامکار، هونەرمەندی ناوداری کورد کۆنسێرتێکی مۆسیقای لە شاری مەهاباد پێشکێش کرد.

ئەو کۆنسێرتە ڕۆژی پێنجشەممەو هەینی، ٣ و ٤ ی بانەمەڕ بەبەشداریی سەدان کەسو دوای مەرگی ناوەختی ئەرسەلان قانعزاە بەڕێوە چووەو کۆنسێرتەکە بە هاوکاری ئۆرکێسترای فیلارمونیکی موکریان بووە.

لەو کۆنسێرتەدا یادو بیروەریی ئەرسەلان قانعزاە هونەرمەندی خەڵکی مەهاباد و ئەندامی ئۆرکێسترای فیلارمونیکی موکریان بەرز راگیرا کە چەند ڕۆژ پێش کۆنسێرتەکە لە نێوان جادەی تاران - قەزوین بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانی لە دەست دا.

## پێشوازیی ئوستوڕالییەکان لە فیلمە نوێیەکەی ژنە سینەماکاری کورد

فیلمی سینەمایی «بێدەنگ! کچەکان هاوار ناکەن» (هیس دخترها فریاد نمی‌زنند) لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد خاتوو پووران درەخشەندە لە لایەن ئوستوڕاڵییەکانەوە پێشوازیی لێکرا.



فیلمی سینەمایی "بێدەنگ! کچەکان هاوار ناکەن" بە ئامادەبوونی ئەم خانمە سینەماکارە کوردە لە نوێترین بەشداری نێونەتەوەیی خۆیدا لە شارەکانی مێلبۆڕن و سیدنی لە وڵاتی ئوستوڕاڵیا پیشان درا.

بەپێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنیی گشتیی فیلمی "بێدەنگ! کچەکان هاوار ناکەن، دوای پیشاندرانی ئەو فیلمە لە ئوستوڕاڵیا، کۆڕی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی فیلمەکە بە ئامادەبوونی خاتوو پووران درەخشەندە بەڕێوەچووە کە ئەم فیلمسازە کرماشانییە وەڵامی پرسیاریی بینەرانی دایەوە.

فیلمی سینەمایی "بێدەنگ! کچەکان هاوار ناکەن" لە تەنیشت پێشکەشکردنی وتاری پووران درەخشەندە لە یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی زانکۆی "مۆنێش" لە شاری مێلبۆڕن پیشان درا و ئەم دەرهێنەرە کوردەش دوای پیشاندرانی فیلمەکەی ئەو بەرهەمەی خۆی پێشکەش بە ئەرشیڤی زانکۆی "مۆنێش"ی مێلبۆڕن کرد.

فیلمی سینەمایی "بێدەنگ! کچەکان هاوار ناکەن" هەروەها چەند ڕۆژ پێش ئێستا بە ئامادەبوونی مامۆستایان و هەروەها دایک بو باوکی قوتابیانی مێلبۆڕن لە قوتابخانەیەکی ئەم شارە پیشان درا و سەرنجی ئەوانی یەگجار زۆر بۆلای خۆی ڕاکێشا و لە کۆڕێکی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنیی ئەم فیلمەدا گوتیان ئەوانیش لە مێلبۆڕن ڕووبەڕووی ئەو کێشانە دەبنەوە و ئەم فیلمە مرۆڤ دەهەژێنێت و بە توندی کاریگەریی لەسەریان هەیە.

## شاخەوانێکی کورد بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لە دەستدا

ڕۆژی هەینی ١١ی بانەمەڕ، لە نێوان جادەی پیرانشار – نەغەدە ئەسکەندەر محەممەدی ناسراو بە خالیدی شاخی، یەکێک لە شاخەوانانی بە ئەزموونی پیرانشار لەگەڵ بنەماڵەکەی، هاوسەرو کوڕو کچێکی بە هۆی ڕوودای هاتوچۆ گیانیان لە دەستدا.

کاک ئەسکەندەر کە بە "خالیدی شاخی" ناسرابوو، مرۆڤێکی باشو نیشتمان‌دۆست، لەبەردڵانو یەکجار نەتەوە خۆشەویست بوو، هەر بۆیەش مەرگی ناوەختی مردنی ئەم شاخەوانە ئازاو لێهاتوویە بەهۆی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە خەمو پەژارەی خستە سەر دڵی خەڵکی ئەم ناوچەیەو هەموو لایەکی خەمبار کرد.

کارناسان دەڵێن سێ هۆکاری مرۆیی، بارودۆخی خراپی جادەکانو ناستاندارد بوونی ئۆتۆمبیلەکان هۆکارە سەرەکییەکانی ڕووداوی هاتوچۆ لە ئێرانن و بەپێی ئامارەکان، لە ساڵی ١٣٥٧ ەوە تا ئێستا ٨٠٠ هەزار کەس لە ئێران بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەست داوە.

جێگای ئاماژەیە، ڕووداوی هاتوچۆ نۆهەمین هۆکاری مردن لە جیهان دایە بەڵام لە ئێران پاش نەخۆشییەکانی دڵ، بە دووهەمین هۆکاری مردنی مرۆڤ دادەنرێ.



سانسۆر لە ئێران / کاری کیانووش ڕەمەزانی وەرگیراو لە ماڵپەڕی «نبض ایران»